# قۆناغی ڕۆشنگەری

# قۆناغی ڕۆشنگەری

عومەر میراودەلی

## خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

- **قۆناغی رۆشنگەری**

- **نووسینی:** عومەر میراودەلی
- **نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران جەمال رواندزی
- **بەرگ:** جێگر عەبدولجەبار
- **نرخ:** ١٥٠٠دینار
- **چاپی یەکەم** ٢٠١٣
- **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە
- **چاپخانەی** موکریانی (هەولێر)
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەی گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٢٥٦١)ساڵی ٢٠١٢ی پێی دراوە.

**زنجیرەی کتێب (٧٤٣)**



**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**



ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

پێشکەشە:

# بەنیوەی دیکەی تەنیشت ژیانم

# ڕۆشنگەری لە نێوان ئێرە و ئەوێدا

ئەگەر ڕۆشنگەری و پێشکەوتنی ژیاری خۆرئـاوا، بـۆ جیهـانی ئیسـلامی و گـەلانی خۆرهەلاّت لەلایەك مایەی سەرسامی و ڕالێبوون بووبێ ، ئەوا لە لایـەکی دیکـە مایـەی ڕق و تـووڕەیی بـووە. زۆر جـار خۆرهـەلاّت بـۆ شـاردنەوەی شـەرم و هەسـتکردن بـە دواکەوتوویی و بەجێماوی ، دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو ، دەیەوێ شانازیکردن بە ڕابـردووەوە ، چرکەساتە درەوشاوەکانی مێژووەکەی ، بکاتە پاساوێك بـۆ ئامادەنـەبوونی لـە بنیاتنـانی ئەو ژیارو شارستانێتییەی ئەوی دیکە بەرهەمی هێنا. دەیەوێ بۆ ڕاکردن لە پرسـیارەکانی ئێستا بگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو. وەنەبێ ئەم گەڕانەوەیە گەڕانـەوەبێ بـۆ سـەردەم و قۆنـاغی عەقلاّنی ئەو ڕۆژگارە، گەڕانەوەبێ بۆ ئیبن ڕوشد و فاڕابی ، بەڵکو گەڕانەوەیە بۆ سـەردەم و مێژوویەکی داخراو، نەك ئـەو قۆناغـە درەوشـاوەی، کـە محەمـەد ئـەرگۆن پێـی وایـە لەسـەدەی یازدەیـەمی زایینییـدا کۆتـایی هـات و هـەژموونی عـەقڵی ئەرسۆدۆکسـی دەستپێکرد. (١)

کەواتە پێویستە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، گەڕانەوەبێ بۆ لایەنە درەوشاوەکانی ئەو ڕۆژگارە چونکە، هەر سەردەم و قۆناغە دیوێکی جوان و ناشیرین و ڕوویەکی تاریك و گەشی هەیە.

ئەگەر بەراوردی قۆناغی ڕۆشنگەری ئەوروپا و جیهانی ئیسلامی بکەین، دەبینین لە ئەوروپا ڕۆشنگەری سەرکەوت و لە جیهانی ئیسلامی شکستی هێنا. سەرکەوتنی ڕۆشنگەری لە ئەوروپا بێ ململانێ نەبوو، دیارە لەجیهانی ئیسلامیشدا ڕۆشنگەری ڕووبەڕووی ململانێ بۆوە. مەرج نییە هەر شۆڕش و وەرچەرخانێك ، سیاسی، فیکری، کۆمەلاّیەتی بێ بگاتە ئاکام. ئەوەندەی نەبوونی بزاڤ و گۆڕانکاری گرفتە، ئەوەندە گەیشتنە ئامانج گرفت نییە، هەرچەندە بزاڤ و شۆڕش بەمەبەستی گەیشتنە ئامانجە. هەوڵدان بۆ تێپەڕاندنی هەلومەرج و بارودۆخێکی سەپا و وچەقبەستوو نیشانە و بەڵگەی

هۆشیاری و دەرکەوتنی ڕوخساری گەشی وەرچەرخانە. ئەگەر ئەو بزاڤە ڕۆشنگەرییەی لە جیهانی ئیسلامیدا دەستیپێکرد و شکستی هێنا ، لە هەناوی کۆمەڵگەی ئیسلامیدا چاوی هەڵهێنابێ ، ئەوا دەستپێکردنەوەی بۆ بۆجارێکی دیکە بەلاساییکردنەوەی ڕۆشنگەری ئەوروپا دەستیپێکردەوە. ئەگەر ڕۆشنگەری سەرەتا جیهانی ئیسلامی بۆخۆی خاوەنی بووبێ و ئەوروپاش چاویلێکردبێ و لاساییکردبێتەوە، ئەوا ئەمجارە لەقۆناغێکی دیکەدا ، جیهانی ئیسلامی لاسایی ئەوی دیکە دەکاتەوە. ئەوەی دوێنێ پێشەنگ بوو ئەمڕۆ بووەتە پاشکۆ و دەیەوێ لە سەر پاشماوەی ڕۆشنگەری ئەوی دیکە بژی. ململانێی نێوان ڕۆشنگەران و تاریککگەران، تایبەت نییە بەسەردەم و قۆناغێکی تایبەت، ئەم ململانێیە لە چەندین قۆناغی جیاجیای مێژوودا دووبارە بۆتەوە. لە هەندێك قۆناغدا بەهۆی ڕەخسانی هەلومەرج و بارودۆخێکەوە ، کە یارمەتیدەر بووە بۆ سەرکەوتنی ڕۆشنگەری ، عەقڵی داخراو و چەقبەستوو پاشەکشەی کردووە. بە پێچەوانەوە لە چەند قۆناغێکی دیکەدا بەهۆی نەڕەخسانی ئەو هەلومەرج و بارودۆخەی ، کە پێویست بووە نەریتخوازی و عەقڵی داخراو سەرکەوتوو بووە. خۆرهەلاّت ، نایەوێ دان بەشکستی خۆیدابنێ و لەهەمان کاتدا، ڕۆشنگەری ئەوروپاش بە دەستکەوتێکی شارستانێتی خۆی دەزانێ. زۆر لەڕۆشنبیرانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی ، بۆ کەمکردنەوەی بایەخی ڕۆشنگەری ئەوروپا، بە واتایەکی دیکە بۆ ئەوەی ئەو سەروەرێتییە لە ئەوروپا داگیر بکەن ، ئەوە دووبارە دەکەنەوە، کە ڕۆشنگەری ئەوروپا کاریگەری جیهانی ئیسلامی لە سەر بووە. جۆرج تەڕابیشی پێی وایە ئەمە خەیاڵ و خۆدڵخۆشکردنە، کە پێمان وابێ ڕۆشنگەری ئەوروپا قەرزداری جیهانی ئیسلامییە، هەرچەندە نکوڵی لەوەش ناکا، کە شارستانێتییەکان کاریگەرییان لە سەر یەکدی هەیە و دەشێ ئەوروپا کەڵکی لەو قۆناغە ڕۆشنگەرییە وەرگرتبێ، کەپێشتر لە جیهانی ئیسلامیدا دەرکەوت، لەهەمان کاتدا لە ڕەهەندێکی دیکەوە دەڕوانێ و دەڵێ(( ئەوەی ئەوروپا لە چاخی وریابوونەوەدا کردی ، لە سەدەی حەڤدەیەمدا دابڕان بوو لە ئەوروپای سەدەی دوازدەیەم و سێزدەیەم و چواردەیەم ، ئەو سەدانەی ، کە دەگوترێ لەسەر خوانی جیهانی عەرەبی ئیسلامی ژیاوە))[٢]

کەواتە یەکێك لە هۆکارەکانی ڕۆشنگەری ئەوروپا دابـڕان بـووە ، لـەو سـەدانە نـەك گەڕانەوە بۆیان. لەجیهانی ئیسلامیدا بەشێوەی جۆراو جۆر لەبارەی ڕۆشنگەری قسـەکراوە و نووسراوە. ڕۆشنبیران و بیرمەندانی خۆرهەلأت لە دەلاقەی جیاجیـاوە لـە ڕۆشـنگەرییان ڕوانیـوە . هەنـدێکیان بـۆ پاسـاوێك گـەڕاون ، بۆئـەوەی قبولّنـەکردنی ڕۆشـنگەرییان لێبسەلمێنری ، بۆ ئەم مەبەستە گەڕاونەتەوە بۆ مێژوو، لە هەر جێگەیەکی ئـەو مێـژووەدا هاووێنەی ڕۆشنگەری ئەوروپایان بەرچاوکەوتبێ ، کردویانەتە پاساوێك بۆ ئەوەی جیهـانی ئیسلامی بەسەرچاوەی ڕۆشنگەری ئەوروپا بزانرێ. هەندێکی دیکـە بەپێچـەوانەوە پێیـان وایە ڕۆشـنگەری ملکـی ئەوروپایـە و جیهـانی ئیسـلامیش پێویسـتە لاسـایی ئـەوروپا بکاتەوە. زۆرجاریش لە گوتاری خۆرهەلأت و جیهانی ئیسلامیدا، هەست بـەوە دەکـرێ ، کە بۆ شاردنەوەی ئەو شەرم وشۆکەی خۆرهەلأت و جیهانی ئیسلامی لەبەردەم ڕۆشنگەری خۆرئاوادا تووشی بـوو ، ڕۆشـنگەری لەتـدەکرێ ، لێـرەدا ڕووە تاریکەکـەی ڕۆشـنگەری نیشاندەدرێ و ڕووەکەی دیکەی دەشارڕێتەوە. بۆ بەهێزکردنی ئەم گوتـارە، پـەنا بـۆ ئـەو بیرمەند و فەیلەسوفە خۆرئاواییانە دەبـرێ ، کـە بـەجۆرێك لـە جۆرەکـان ڕەخنـەیان لـە ڕۆشنگەری گرتووە. ڕەخنەگرتنی خۆرئاوا لە ڕۆشنگەری جیایە لەو ڕەخنەیەی خۆرهـەلأت و جیهانی ئیسلامی ئاڕاستەی ڕۆشنگەری دەکا. زۆر جـار ئـەو ڕەخنەیـەی خۆرهـەلأت و جیهانی ئیسلامی لە خۆرئاوا و شارستانێتییەکەی دەگرێ، بە ئایـدۆلۆژیا بارگاویـدەکرێ. هەر گەل و نەتەوەیەك ، بەجۆرێك و بەئەندازەی ئەوەی ، کە هەلومەرج و بـارودۆخی ئـەو گەل و نەتەوەیە یارمەتیدەر بووبێ ، توانیویەتی لە گـەلّ ڕۆشـنگەری ئاشـنابێ. هەنـدێك میللەت بەگومان و شەرمەوە پێشوازییان لێکـردووە و هەنـدێك گـەل و نەتـەوەی دیکـە بەگەرمی باوەشیان بۆ گرتوّتەوە و لە نێو کولتووری خۆیانـدا جێگـەیان بـۆ دیـاریکردووە. تەحسین حەمە غەریب پێی وایە گەلی کورد یەکێکە لەو گەلانـەی ، کـە قۆنـاغی پـێش ڕۆشنگەری لە قۆناغی دوای ڕۆشنگەری لە ڕووی پێگەی نەتەوایەتییـەوە بـەهێزتر بـووە، لەو بارەوە دەلّێ:((بەبۆچوونی مـن کـورد لەفەلسـەفەی سیاسـی پـێش مۆدێرنـەدا بـاش توانیویەتی پێگەی خۆی بدۆزێتەوە،کورد لەفەلسەفەی سیاسی نوێداکە نـەیتوانیوە لەگـەلّ

واقیعەکەدا بێتەوە.هەربۆیە کاتێك دەوڵەتی نوێ دروست دەبێت کورد ناتوانێت دەوڵەتی هەبێت))[٣] هەوڵ و بزاڤی عەقڵگەرایی ، کە لە قۆناغێکی مێژوویی ئەوروپادا سەرکەوت ، لە قۆناغەکانی پێشتریشدا ئەو هەوڵ و چالاکییە عەقلانییە بینراوە ، بەلاّم نەگەیشتە ئەوحاڵەتەی ، کە لە سەدەی هەژدەدا بینرا ، هەروەك چۆن لەجیهانی ئیسلامیدا چەندان هەوڵی لەم چەشنەدران و بەشکست کۆتاییان هات. ڕۆشنگەری ئەوروپا سەرکەوت و ئەو سەرکەوتنە کاری کردە سەردەرەوەی خۆی ، ئەم کاریگەرییە بەقبوڵکردن یان ڕەتکردنەوە بووبێ. عەقڵ یەکێك لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ڕۆشنگەری بوو ، عەقڵ نەك تەنیا لەو قۆناغەدا ، کە حاڵەتێکی تایبەتی بە خۆیە وەگرت، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی یەکێکە لەڕەگەزە پێکهێنەرەکانی مرۆڤ ، کە دیارە لەو قۆناغەدا مامەڵەیەکی دیکەی لە گەڵدا کرا ، کە بووە خاوەنی چەندین دەستکەوت. ئەو مامەڵەکردنە لەوڵاتێکەوە بۆوڵاتێکی دیکە جیاوازی هەبوو، واتە هەموو ولاّتانی ئەوروپا بەیەکجۆر مامەڵەیان لەگەڵ عەقڵدا نەکرد.(د.حەسەن حەنەفی) جیاوازی دەکا لە نێوان ڕۆشنگەری فەرەنسی و ئەڵمانی و ئیتالی وئینگلیزی[٤]

چالاکی عەقڵی و ڕامان و بیرکردنەوە لە بوون ، دەرەنجامی جیاجیای لێکەوتۆتەوە ، چونکە مرۆڤ لەسەردەم و قۆناغە جیاجیاکانی مێژوودا، بەشێوازی جیاجیا بیری کردۆتەوە ، ئەم چالاکی و بیرکردنەوەیە ، بە واتایەکی دیکە کردەی ڕۆشنگەری ئەگەر کۆمەڵێك داکۆکییان لێکردبێ ، ئەوا کۆمەڵێکی دیکە بەگژیداچوونەوە. سەرکەوتنی ڕۆشنگەری لەخۆرئاوا دوای سەرکەوتن بەسەر چەندان کۆسپ و گرفتدا هاتەدی. ڕۆشنگەری خۆرئاوا سەرەتا بەشەرمەوە باسی ڕاڤە و شرۆڤەی دەقی ئایینی لە ڕوانگەی عەقڵەوە دەکرد ، نەك تەنیا شەرمنانە ، بەڵکو بوێری و ئازایەتی دەویست. لەوکاتەدا ئەوانەی بۆچوون و ڕاڤەیەکی دیکەیان لەبارەی ئینجیل هەبایە، تووشی ئازارو ئەشکەنجە دەبوون. ئەگەر ئەم حاڵەتە بەراورد بکەین لەگەڵ جیهانی ئیسلامی دەبینین هەمان حاڵەت لە جیهانی ئیسلامیشدا دووبارە بۆتەوە. لە خۆرئاوا دەسەلاّتی دەق دوور لە ڕاڤە کۆتایی پێهات ، فەیلەسوفێکی وەك سپینوزا و چەندانی وەك ئەو ڕاڤەیەکی پێچەوانەی ئەو لێکدانەوە

باوانـەیان پێشـكەش كـرد ، كـە دەگوترانـەوە و دەسـتكاری نەدەكران.(د.نەسـر حامـد ئەبوزەید)دەڵێ: ((بەكارهێنانی زمـانی كـۆن لـە بابەتـە هاوچـەرخەكاندا، یەكێكـە لـەو میكانیزمانەی، كە ڕێگە لەگەشەی عـەقڵ دەگرێ و دەیگێڕێتەوە دواوە))[٥]

ئەگەر ڕۆشنگەری لێرەو لەوێ هەوڵی بۆدرابێ، خەڵك چ لێرە و چ لـەوێ ویسـتبێتیان ئەزموون و تواناكانی عەقڵ لە چوارچێوەیەكی عـەقلانیدا ڕێكبخەن، بەواتایەكی دیكە لـە بەخششەكانی عـەقڵ كەڵك وەربگرن و سەرلەنوێ چاو بەو ڕوانین و بۆچوونانەدا بخشێننەوە، كـە قەشـەو زانایـانی ئـایینی چـەندین سـەدە فۆرمەلـەیان كردبـوو، دەیانەویسـت بـێ قسەلەسەركردن وەك خۆیان بمێننەوە ، ئەوا لەجیهانی ئیسلامیشـدا هـەوڵی لـەم چەشـنە هەبوون. ئەو بیرمەند و فەیلەسوفانەی لە جیهانی ئیسلامیدا قسـەیان لەسـەر دەقـەكانی ئایین دەكرد، بەكەمی چ لەلایەن دەسەڵات و هەم خەڵكەوە پشـتگیرییان لێـدەكرا. ئەمـە بەو مانایە نییە، كـە لـە خۆرئـاوا بیرمەنـدان و فەیلەسـوفان دووچـاری گرفـت و ئـازارو ئەشكەنجە نەبووبن. بزاڤ و شۆڕشەكان چ سیاسی یان فیكـری و مـەعریفی بـن، وەكچـۆن لایەنگیریان هەیە، نەیاریشیان هەیە. ئەگـەر هەوڵـەكانی ڕۆشـنگەری جارێـك لـەخۆرئاوا شكستی هێنابێ ، ئەوا ئەو شكستە نەبوو بە هۆی ئەوەی جارێكی دیكە دەسـتپێبنەكاتەوە ، لـەجیهانی ئیسـلامیدا دوای شكسـت بێـدەنگی لـە جێگـەی هەسـتانەوەیەكی دیكـە دادەنیشت. ئەگەر لەمێژووی ئەوێدا شكست و تێهەڵچوونەوە بەدوای یەكدا هـاتبن ، ئـەوا لەمێژووی ئێرەدا بێدەنگی بەدوای شكستەكاندا هاتووە. شكستەكانی ئـەوێ ئـەزموونێك بوون بۆ جارێكی دیكە دەستپێكردنەوە ، بەڵام لەجیهانی ئیسلامیدا ئەزموونـەكانی ئـیبن ڕوشد و چەندانی دیكـە وەك پێویسـت بۆجـارێكی دیكـە ئاوڕیـان لێنەدرایـەوە. مەگـەر شەرمنانە لە پەراوێزێكی مێژوودا ناویان هاتبێ. كاتێك ئیبن ڕوشد لێرە شكسـت دێنـێ و لەخۆرئاوا باوەشی بۆدەگیرێتەوە، ئەمە ئـەوە ناگەیـەنێ، كـە بـەردەوام لـە خۆرئـاوا بـەو شـێوەیە بـاوەش بـۆ بیرمەنـدانی ڕۆشـنگەر گیرابێتـەوە، ئەمـە پەیوەنـدی بەرەخسـانی هەلومەرجی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە هەیە، چ لێرەبێ چ لەوێ . لـەم حاڵەتـە ئەوە فێردەبین ، كە تەنیا چەكەرەكردن و دەركەوتنی بزاڤێـك بـەس نییـە بـۆ فراژۆبـوون و

گەشەسەندنی ئەو بزاڤە. (محەمەد عابد ئەلجابری )کێشەی نێوان ئایین و فەلسەفە ، لە نێوان خۆرهەلأتی ئیسلامی ، کە ئیبن سینا و فارابی قسەیان لێدەکرد لەگەڵ خۆرئاوای ئیسلامیدا ، کەئیبن ڕوشد قسەی لێدەکرد ، بەدوو جۆر بزاڤی عەقلأنی لێکدی جیا دەزانێ. پێی وایە لەخۆرهەلأتی ئیسلامیدا فەیلەسوفان و بیرمەندان هەوڵیانداوە فەلسەفە و ئایین بەیەکەوە گرێبدەن ، بەلأم لەخۆرئاوای ئیسلامیدا ئیبن ڕوشد ئەم دووانەی لەیەکدی جیاکردەوە.[٦]

ڕاستە شۆڕش و گۆڕانکاری و هەوڵی چاکسازی لە کۆمەڵگەدا ، بەئامانج و مەبەستی گەیشتنە مەرام و قۆناغێکە ، کە ئەوەی لە بواری تیۆریدا قسەی لێکراوە بەکردار ئەنجام بدرێ. ئەمە ئەوە ناگەیەنێ ، کە بوونی بزاڤ و هەوڵی گۆڕانکاری ، کاتێك شکستیان هێنا، بایەخ و گرنگییان نەبێ ، چونکە ئەو بیرۆکانە لە دواییدا لەگەڵ ئەو بزاڤ و گۆڕانکارییانەی سەرهەڵدەدەن ، جارێکی دیکە دەردەکەونەوە و دەبنە سەرچاوەی بزاڤە نوێیەکە و لە نێو لاپەڕەکانی مێژوودا دەمێننەوە. هەر گەل و نەتەوە و شارستانێتییەك بەشی خۆی خاوەنی مێژوویەکە لە ململانێی نێوان بۆچوونی نەریتی و نوێگەری. ڕۆشنگەری ئەوروپا دوای شکست و نوچدان جارێکی دیکە هاتەوە سەرپێ ، تا لە دواییدا سەرکەوت. ڕۆشنگەری بزووتنەوەیەك بوو توانی سەربەخۆیی بەعەقلّ ببەخشێ ، پێشتر پڕۆژە و چالاکییە عەقلّییەکان دەبوو، لەو چوارچێوە و سنوورانە لانەدەن، کە دەسەلأتی کلّێسا دیاریکردبوون. لە ڕۆشنگەریدا عەقلّ شەرمنی جارانی نەما و پەراوێزی بەجێهێشت و ئازاد بوو. ڕۆشنگەری ئەوانەی نیگەرانکرد، کە حەزیان دەکرد ژیان بێ دەستکاریکردن و گۆڕان بێ. دەیانەویست قسەیەکی دیکە پێچەوانەی ئەو قسانە نەکرێ ، کە لەلایەن کۆمەڵگەوە قبوڵکراوە و پەسەندە. بە قسەیەکی دیکە، جگە لەو قسانە قایل نەبوون، کە پێشتر بۆیان باسکرابوو. دژی دەستکاریکردنی ئەو ڕوخسارو دیمەنانە بوون ، کە دەیانەویست وەکخۆیان بمێننەوە. حەزیان نەدەکرد ڕوخسارێکی دیکە و دیمەنێکی دیکە ببینن ، کە پێشتر نەیانبینیون و پێیئاشنانەبوون. نابێ واسەیری ڕۆشنگەری بکرێ، کە لەو قۆناغ و سەردەمەدا تاریکایی سەدەکانی ناوەڕاست بەیەکجاری کۆتایی هاتووە ،

بەڵکو لەگەڵ تروسکایی ڕۆشنگەری و سەربەرزکردنەوەی عەقلانییەتدا، چەندان دەنگ هەبوون پێچەوانە و دژی ڕۆشنگەری بەز بووبوونەوە ، بەلاّم بیرمەندان و فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری خۆڕاگرانە و بوێرانە بەردەوامییان بەشۆڕشی عەقڵدا و دەستبەردای عەقڵگەرایی نەبوون و داکۆکییان لێکرد. سەدەکانی ناوەڕاستیش بەهەمان شێوە هەمووی تاریکایی و دۆگمایی نەبوو ، لە پاڵ تاریکایی و دۆگماییدا ڕوخساری گەش و پڕشنگدار، ئەگەر شەرمنانەش بووبێ هەبووە.(جال لۆغوف)ساڵی (١٩٧٧) پەڕتووکێکی بەناوی(لەپێناو سەدەی ناوەڕاستێکی دیکە)دابلاّوکردەوە.بانگەشەی ئەوەی کرد ، کە پێویستە بەچاوێکی دیکەوە سەیری سەدەکانی ناوەڕاست بکرێ چاوێك ، کە ڕاستی ئەو سەدەیە نەك ئەو وێناکردنە ببینێ ، کە بۆ ئەو سەدانەکراوە.(٧)

کۆمەڵگە و شارستانێتییەکان لە درێژەی ژیان و بەردەوامییاندا، ڕووبەڕووی قەیران و داخران بوونەتەوە و لە هەمان کاتدا، لە هەندێك چرکەسات و ڕۆژگاریشدا لە کرانەوە و کردەی ڕۆشنگەرانە بێبەش نەبوون. هەروەکچۆن مێژووی خۆرئاوا ، لەگەڵ دیوێکی ڕۆشنگەریدا، خاوەنی دیوێکی تاریك و داخراوە. جیهانی ئیسلامیش لەگەڵ ئەو داخران و عەقڵییەتی دۆگماییەدا، خاوەنی چرکەساتی گەش و درەوشاوەشە. نابێ نکوڵی لەوە بکەین، کە چرکەساتە گەش و کراوەکان لە خۆرئاوا ئامادەییان زیاتر هەبووە و لە گەڵ گرفت و کێشەکانی بەردەم ڕۆشنگەریدا، ئەوان توانییان درێژەی پێبدەن و وازیان نەهێنا، بەلاّم لە جیهانی ئیسلامیدا عەقڵییەتی کراوە و ڕەخنەیی، ئەگەرچی خۆی دەرخستبێ و هاتبێە پێشەوە، ئەوا شەرمنانە و پچڕپچڕ بووە. پرۆژەی ڕۆشنگەری لەخۆرئاوا، تەنیا پڕۆژەی بیرمەند و فەیلەسووفان نەبوو، لەتەنیشت دەنگی بیرمەندان و فەیلەسوفانەوە دەنگی زانایانی ئایینی مەسیحی دەبیسترا. ڕاستە زانایانی ئایینی و قەشەکان دژایەتی هەوڵە زانستییەکانیان دەکرد ، بەلاّم لە پاڵ ئەواندا کەسانی وەك تۆما ئەکیونی هەبوون، کە بڕوایان بەکردەی عەقلانی هەبوو، پێیان وابوو عەقڵ و ئایین دژی یەکدی نین. لە مێژووی ئیسلامیدا حاڵەتەکە جیاوازە ، بیرمەندان و فەیلەسوفان لەلایەك و زانایانی ئایینی لەلایەکی دیکە کاریان دەکرد ، کەمتر گفتوگۆ و لێك نزیکبوونەوە لە نێوانیاندا

هـەبووە. پـڕۆژەی ڕۆشـنگەری لـە خۆرهـەڵات و جیهـانی ئیسـلامیدا لـە نێـو چـینی دەستەبژێردا مایەوە و دانەبەزی بۆ نێو جەماوەری خەڵك ، چونکە زانایانی ئایینی کـەمتر پشتیوانییان لە پڕۆژەی عـەقلانی دەکرد. ئەوندەی جەماوەری موسڵمان گوێی لە یـەکێکی وەك غەزالی دەگرت ، کە خاوەنی کتێبی (تهافت الفلاسفه) یە ئەوەندە گوێی لە یـەکێکی وەك ئیبن ڕوشد نەدەگرت. لە خۆرئاوا دوای ئەوەی سپینوزا لە وڵاتـی خـۆی دەردەکـرێ و سەری ئاوارەیی بەوڵاتێکی دیکە دەسپێرێ ، دوای ئـەو چـەندان فەیلەسـوف و بیرمەنـدی دیکە جێگەی دەگرنەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ، کە ڕۆشنگەری بەردەوامی بـەخۆی ببەخشێ ، بەڵام دوای ئیبن ڕوشد، کە ئەویش وەك سپینوزا لەوڵاتی خۆی دەردەکرێ ، لـە دوای خـۆی وەك پێویسـت درێـژە بـە پڕۆژەکـەی نـادرێ و کـردەی عـەقلانی و پـڕۆژەی ڕۆشنگەری لاوازی تێدەکەوێ. ئەگەر زوربەی خـەڵك لەگـەڵ چەقبەسـتوویی و دۆگماییـدا هەڵبکەن ، ئەوا فەیلەسوفان و بیرمەندان ، کەخاوەنی دیدگە و بۆچوونێکی دیکەی جیا لە دیدگە و بۆچوونی باو و دەستلێنەدراون ، دێنە دەنگ و بەجۆرێکی دیکە قسە لە دیاردە و ڕووداوەکان دەکەن و خاوەنی دەنگێکی دیکەی جیان لەو دەنگانەی ، کە خـەڵك لەسـەری ڕاهاتوون و پێشتر بیستوویانە ، بۆیە لە قۆناغی ڕۆشنگەریدا فەیلەسوفان و بیرمەنـدان لـە دیدگەیەکی دیکەوە سـەیری ژیـان و بوونیـان دەکـرد و ئـەو بـیرو بۆچـوون و دیگەشـیان دەردەبڕی و بەخەڵکیان دەگەیاند ، گەرچی ئـەو دەربـڕین و گوزارشـتکردنە بـێ گرفـت و کێشە نەبوو. ئەگەر چ خۆرهەڵات و چ خۆرئاوا ، بۆ زیـاتر گەشـەپێدان و بـەرەو پێشـەوە بردنی پڕۆژەی ڕۆشنگەری دەستیان بۆ یۆنانییەکان درێژ کردبێ ، کاریگـەری فەیلەسـوفانی یۆنان لەسەر هەریەك لەو قۆناغ و سەدانە دیارو ئاشکرابێ ، کە ڕۆشـنگەری لـە جیهـانی خۆرئاوای مەسیحی و خۆرهەڵاتی ئیسلامیدا کەوتـە سـەرپێ ، دیـارە لـە خۆرئـاوا دوای وەسەرپێکەوتن قۆناغی دیکەشـی بـڕی ، لێـرەدا پێویسـتە جیـاوازی بکـەین لـە نێـوان خۆرهەڵات و خۆرئاوادا ، لـە شـێوازی پێشـوازیکردن و مامەڵـەکردن لـە گـەڵ عـەقڵی یۆنانیدا. ئـەو شـێوازی مامەڵـە کردنـەش یەکێکـە لـەو هۆکارانـەی ، کـە بـووە هـۆی سەرکەوتنی پـڕۆژەی عەقلانییـەت لـەخۆرئاوا و شکسـتهێنانی لـە خۆرهـەڵات. ڕاسـتە

هــەروەك مێژوونووســان و توێــژەرەوانی فیكــر باســیدەكەن ، فیكــری ئەرەســتۆ لەلایــەن موسڵمانانەوە گەیشــتە ئــەوروپا، بەرهــەمی فەیلەســوفانی یۆنــان لەســەردەمی مــەئمون خەلیفەی عەباسی لە لاتینییەوە كرا بە عەرەبی و دواجار گەیشتە دەستی ئەوروپییەكان ، بەڵام نابێ دان بەوڕاستییەدا نەنێین ، كە ئەوەندەی ئەوروپییەكان كەڵكیان لە فەیلەسوفانی یۆنان وەرگرت ، جیهانی ئیسلامی ئەوەنــدە كــەڵكی لێوەرنــەگرت. هاشــم ســاڵح دەڵــێ: ((سۆكڕاتیان تاڕادەی مەسیح لەلاپیرۆز بوو))[٨]

هەرچەندە ئەم مامەڵەكردنە لەگەڵ ئەرەســتۆدا زێــدەڕۆیی تێــدا كــرا و بــە درەنگــەوە خۆرئاوا وازی لەو جۆرە مامەڵەكردنە لەگەڵ ئەرەستۆدا هێنا. ئەگەرچەندان زانــای ئــایینی مەسیحی ، دژایەتی بزووتنەوەی ڕۆشنگەری و چاكسازییان كردبــێ، ئــەوا چــەندان زانــای دیكەش هەبوون ، كە بە دیدگەیەكی دیكە مامەڵەیان لەگەڵ عەقڵی ڕۆشنگەریدا دەكرد و پشتیوانی بزاڤی ڕۆشنگەری بوون. ئەوەندەی لە مێژووی ئیسلامیدا شوێنگەی تایبەت بــە ئەو زانایانە بەخشراوە و باسیانكراوە ، كە دەقەكانی ئایینییــان لێكداوەتــەوە ، ئەوەنــدە باسی بیریار و فەیلەسوفانی ئیسلامی نەكراوە. لە كۆمەڵگەی ئیسلامیدا ئامــادەیی ئــیبن تەیمییە لە ئامادەیی ئیبن ڕوشد زیاترە. لە جیهــانی ئیســلامیدا لەبەرانبــەر ئــیبن ڕوشــد، غەزالی هەیە ، كە بە كتێبی(تهافت الفلاسـفه) وەڵامــی ئــیبن ڕوشــد دەداتــەوە. ڕاســتە لەجیهانی خۆرئاوادا سپینوزا دژایەتی كرا و چارەنووسی لە چارەنووسی ئیبن ڕوشــد باشــتر نەبوو، بەڵام كتێبێكی لەم چەشنەی غــەزالی بەرانبــەر نەنووســرا. یــەكێك لــە ئامــانج و مەبەستەكانی ڕۆشــنگەری چ لــە خۆرئــاوا و چ لەخۆرهــەڵات كۆتــایی هێنــان بــوو بــەو چەقبەستوویی و داخرانەی بــە ڕوخســاری كۆمەڵگــەوە دەبینــرا. دەشــێ كۆمەڵگــە بــیرو بۆچوونێكی زانستی نوێ قبوڵبكا ، بەڵام قبوڵكردنی بۆچوونێكی نوێ ، كە پەیوەنــدی بــە گۆڕینی ڕوانگەی خەڵكەوە لەبارەی ژیان و بوون و دیاردەیەكی كۆمەڵایەتییەوە هــەبێ لــە حاڵەتێكدا ئەو دیاردەیە بوویێتە جۆرێك لە بیروباوەڕی خەڵك بە ئاسانی ناگۆڕێ. هەربۆیــە لەمێژوودا ئەوەندەی ئەو بیریار و فەیلەسوفانەی قسەیەكی دیكەی جیا لەو قســە نــەگۆڕ و دەستلێنەدراوانەی نێو كۆمەڵگەیان كردووە ، كە پەیوەندی بە بیروباوەڕی خەڵكەوە هەبووە

زیاتر دووچاری گرفت و کێشە بـوون لـەو زانایانـەی ، کـە بیروڕایـەکی نـوێی زانسـتییان دەربڕیــوە ، کاتێــك زانایــەکی وەك گــالیلۆ دووچــاری لێپرســینەوە دەبــێ ، کــە بــیروڕا زانستییەکەی پێچەوانەی دەقی ئایینییەوە بوو ، دیارە ئەمەش پەیوەندی بـە عەقڵییـەتی ئایینی ئەو سەردەمەوە هەبووە. ئەگەر بزووتنەوەیەکی وەك موعتەزیلە بەراورد بکەین بـە قۆناغی ڕۆشنگەری خۆرئاوا ، بۆمان دەردەکەوێ ، کە هەرچەندە موعتەزیلە سـەرەتایەکی گەش بوو بۆ دەرکەوتنی ئاسۆیەکی عەقلانی ، بەڵام کاتێك سەیری بزووتنـەوەی عـەقلانی لەخۆرئاوا دەکەین ، دەبینین تەنیا لە بزووتنەوەیـەکی لـەم چەشـنەدا کـورت هەڵنـەهات. ئەگەرموعتەزیلە دەنگێك بووبێ لە وڵاتێکدا بەرزبووبێتەوە ، ئەوا لەچەندین وڵاتی دیکـە دەنگی لەم چەشنە نەبیستراوە یان کزبووە. ڕۆشنگەری لە خۆرئاوا بەسەر چـەند وڵاتێکـی جیاجیادا دابەش بـوو ، لەهــەمان کاتــدا ژمــارەی بیرمەنـد و فەیلەسـوف و لایـەنگرانی ڕۆشنگەری لە ژمارەی بیرمەند و فەیلەسوف و لایەنگرانی ڕۆشنگەری جیهـانی ئیسـلامی زیاتر بوون. لە جیهانی ئیسلامیدا بەهۆی زاڵبوونی جۆرە تێگەیشتنێك لە ئایین ، پانتـایی جموجۆڵ و چالاکی عــەقڵ کەمکرایــەوە. سـەندنەوەی متمانـە لـە عـەقڵ و تواناکـانی ، یەکێکە لە گرفتەکانی بەردەم ڕۆشنگەری. ڕۆشنگەری لە نێو عەقڵدا گەشەدەکا ، کاتێـك متمانە بەعەقڵ لاواز بوو، ئەوا ڕۆشنگەی و بزاڤی ڕۆشـنگەری پـەکی دەکـەوێ و ناگاتـە ئاکام . نابێ پێمان وابێ ، لـە خۆرئـاوا لـە تەنیشـت ڕۆشـنگەری بـیرو بۆچـوونی دژ بـە عەقلانییەت نەبووە و کۆمەڵگە هەمووی قبوڵیکردووە ، لەجیهانی ئیسلامیشدا بـەردەوام دژایەتی کردەی عەقڵگەرایی نەکراوە و لە پاڵ دژایەتیکردنـدا ڕۆشـنگەریش بەشـی خـۆی لایەنگری هەبوون. یەکێك لـەهۆکارەکانی سـەرکەوتنی هـەر بـزاڤ و شۆڕشـێك ، بـوونی لایەنگر و پشتیوانانی ئەو بزاڤ و شۆڕشەیە.

کاتێـك ڕۆشـنگەری لـە خۆرئـاوا سـەرکەوتن وەدەسـت دێنـێ، سـەرکەوتن دەبێتـە ناسنامەی ئەو ژیار و شارستانێتییە و چاوەڕوانی ئەوە لە گەل و نەتەوەکانی دەرەوەی خۆی دەکا ، کە چاوی لێبکەن و لاسایی بکەنەوە. ئەگەر گەلانی جیهانی ئیسـلامی هەوڵبـدەن خۆیان لەلاساییکردنەوەی خۆرئاوا بپارێزن و بەدوای مێژوودا بگەڕێن بۆ ئەوەی بیسـەلمێنن

، کە ئەوانیش لە ڕۆژگارێکدا خاوەنی شارستانییەت بوون ، ئەوا ناتوانن دان بەسەرکەوتن و دەرەنجامەکانی قۆناغی ڕۆشنگەری خۆرئاوادا نەنێن. یەکێك لەگرفتەکانی جیهانی ئیسلامی ئەوەیە ، کاتێك شانازی بە هەوڵ و بزاڤی ڕۆشنگەری لە مێژووی خۆیدا دەکا ، سەیردەکا ، بزاڤ و هەوڵەکە شکستی هێناوە. دیارە شکست خواردوو ناتوانێ زۆر شانازی بەخۆیەوە بکا ، گەرچی خاوەنی هەوڵی جوانیش بێ. کەواتە دوالیزمی ڕۆشنگەری/سەرکەوتن لەگەڵ دوالیزمی ڕۆشنگەری/شکست ئەو دوالیزمەن ، کە لە هەدووکیاندا ڕۆشنگەری ئامادەیی هەیە ، بەلاّم لە یەکەمیاندا سەرکەوتن و لە دووەمیاندا شکست لە یەکدییان جیا دەکاتەوە. کاتێك باسی سەرکەوتنی عەقڵ و پڕۆژەی ڕۆشنگەری دەکرێ و دان بەو دەستکەوتانەدا دەنرێ ، کە ڕۆشنگەری لەگەڵ خۆی هێنا ، نابێ ئەو ڕاستییەش لەبیر بکرێ ، کە ڕۆشنگەری ڕووبەڕووی چەندین ڕەخنە بۆوە ، چەندان بیرمەند و فەیلەسوف لایەنێکی شاراوە و نادیاری دیکەی عەقڵیان بینی ، کە پێچەوانەی لایەنە جوان و سەرنجڕاکێشەکەی عەقڵ بوو. سروشتی زوربەی بزاڤ و شۆڕشەکان لەسەرەتادا بەو شێوەیەیە ئەو دیوەی سەرەتا دەردەکەوێ بواری بینەرانی نادا دیوەکەی دیکەی ببینن، تا لە دواییدا ئەو نهێنییانە دەردەکەون ، کە پێشتر ئاشکرا نەبووبوون. عەقڵ داهێنراوێکی سەردەم و قۆناغێکی مێژوویی نییە ، بەشێکە لە پێکهاتەی مرۆڤ و لەگەڵ بوونیدا پێیبەخشراوە، بەلاّم لە چوارچێوەیەکی نەگۆڕ و جێگیردا نییە ، لەگەڵ چالاکبوون و زیاتر کارکردنی عەقڵدا دەرەنجام و پڕۆژەکانی عەقڵ گۆڕاوە. ئەگەر لە سەردەم و قۆناغێکدا عەقڵ تاریکی و چەقبەستوویی بەرهەمهێناوە، ئەوا لە سەردەم و قۆناغی دیکەی مێژووییدا ڕووناکی و کرانەوەی بەرهەمهێناوە. هیگڵ یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی ، کە پێی وایە عەقڵ چەند قۆناغێکی بڕیوە تا گەیشتۆتە عەقڵی ڕەها، جموجۆڵ و چالاکییە ئابووری و سیاسی و فیکری و ئەدەبییەکان تەنانەت جەنگیش بەکردەی عەقلانی دەزانێ ، مێژوو بەلای هیگڵەوە چەند ڕووداوێکی ڕێکەوت نییە ، بەڵکو بەرەنجامی گەشە و گۆڕانی عەقڵە ، تالە دەوڵەتدا عەقڵ دەگاتە کۆتایی.(٩)

کەواتە گەشەی مێژوو ، گەشەیەکی عەقلانیيە و ئەو گەشەیەش تادەگاتە دەوڵەت بەردەوام دەبێ. ئەگەر بڕوا بەوە بهێنین ، کە مێژوو ڕەوتێکی عەقلانی هەیە ، ئەوا ئەو ڕووداوانەی لە ڕێکەوت کەوتوونەتەوە و بەعەقلانی نەکراون دەکەونە دەرەوەی مێژوو، ئەگەر هیگڵ بە هانامانەوەبێ بۆ لێکدانەوەی مێژوو لە دیدگەیەکی عەقلانییەوە ، ئەوا بۆلێکدانەوەی ئەو ڕووداوانەی لە ڕێکەوت کەوتوونەتەوە، دەبێ بۆ ڕاڤەیەکی دیکە بگەڕێین. مێژوو باسی چەندین نەخشە و پیلانمان بۆ دەکا، کە لەلایەن سیاسەتمەدار و بیرمەندانەوە بۆ گۆڕنکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی کێشراون ، بەڵام لە ئانوساتێکدا هەڵچونێکی جەماوەری ڕەوتی ڕووداوەکانی گۆڕیوە. لەو قۆناغەدا ، کە مرۆڤ بەشێك بووە لە سروشت و نەیتوانیوە لێی جیا بێتەوە یان بەسەریدا زاڵبێ ، هیگڵ ئەم قۆناغە بە قۆناغی یەکەمی عەقڵی مرۆڤ ناودەبا ، قۆناغی دووەم قۆناغی لافاوە ، لەم قۆناغەدا مرۆڤ لەسروشت جیادەبێتەوە و بەئاگادێ ، قۆناغی سێیەم سەرلەنوێ یەکێتی نێوان مرۆڤ و سروشت دەستپێدەکاتەوە ، ئەو کاتە گیان بەسەر سروشتدا زاڵدەبێ.(١٠)کەواتە عەقڵ لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی گەشەکردنیدا دەگاتە ئاستێك ، کە بەخۆی ئاشنادەبێتەوە و سەربەخۆدەبێ. دەشێ ڕۆشنگەری قۆناغێکی گەشەی عەقڵ بێ ، کە لەو قۆناغەدا عەقڵ توانیویەتی بەجۆرێکی دیکە مامەڵە لەگەڵ بووندا بکا ، کە لە قۆناغەکانی دیکەی پێشتر جیابووبێ. کەواتە بەرەنجامی گەشەی عەقڵ و ئامادەیی هەلومەرجی گونجاو، دەبێتە هۆی سەرهەڵدان و فۆرمەلەبوونی چەندین قوتابخانەی فیکری و فەلسەفی و ئەدەبی ، قۆناغی ڕۆشنگەری یەکێکە لە دەرکەوتەکانی گەشەی عەقڵ ، کە لە چرکەساتێکی مێژوویيدا وەرچەرخانێکی لە فیکر و هزر و ڕوانینی مرۆڤدا بەرپاکرد. ڕۆشنگەی مامەڵەیەکی دیکەی لەگەڵ عەقڵداکرد، عەقڵی لەو دۆگماییە رزگارکرد، کە ڕێگەی کرانەوە و کار و چالاکییەکی دیکەی نەدەدا جگە لەوەی پێشتر بۆی دیاریکرابوو. بۆ ئەوەی عەقڵ چالاکانەتر کاربکا، بە ئازادییەوە گرێدرا، هیگڵ یەکێك بوو لەو فەیلەسوفانەی ، کەعەقڵ و ئازادی بەیەکەوە گرێدا. عەقڵ بەبێ ئازادی ناتوانێ کردەی تێپەڕاندن ئەنجام بدا ، ئەوەی لەڕابردوودا بەرهەمهاتووە ، جارێکی دیکە

بەرهەمیدێنێتەوە. بۆ والاکردنی دەرگـا بـە ڕووی داهێنـان و چـالاکی زیـاتری عەقڵـدا ، پێویستە عەقڵ لە باوەشی ئازادیدابێ.د.عەبدولکەریم سروش دەڵێ: ((هەموو فەرمانێکی نابەڵگەیی و نامەعریفی(وەك ئارەزووبازی وتوڕەیی وئایدۆلۆجیا)ئەگەر دزە بکاتە ناوچـەی عەقڵەوە و بێگەردیەکەی پیس بکات ئەوە ئازادیەکەی لێ زەوت کـردووە))[11] بـۆ ئـەوەی عەقڵ تەنیا ئەو وێنانە نیشاننەداتەوە ، کە پێشتر نیشاندراون ، ئەو گوتانە نەڵێتەوە، کـە لە ڕابردوودا گوتراون ، وێنەیەکی دیکە و گوتەیەکی دیکە بەرهەمبهێنێ پێویستە بەدوای ئەو پەنجەرەیەدا بگەڕێ ، کە بەڕووی ئازادیدا کراوەتەوە. کاتێك سنوور بۆ کـار و چـالاکی عەقڵ دانرا ، ئەوا داهێنانیشی سنووردارەدەکرێ. ڕۆشنگەری کـردەی عـەقلانی وەکخـۆی دووبارە نەکردەوە ، واتە وێنەیەکی جیای لەو وێنەیە نیشاندا ، کە لە قۆناغەکانی پێشتردا لە بارەی عەقڵەوە کاری لەسەر دەکرا، عەقڵ بـەجۆرێکی دیکـە وەگـەڕخرا و کـارپێکرا. بەئەندازەی مامەڵەی جیا لە گەڵ عەقڵ و چۆنێتی وەگەڕخستن و کارپێکردنی پڕۆژەی جیـا بەرهەمـدێنێ. بـە پێچـەوانەوە کاتێـك عـەقڵ وەگـەڕناخرێ و چـالاکانە کارناکـا و لـە چەقبەستوویی و دۆگماییدا درێژە بەمانەوەی خۆی دەدا ، ئەوا خـۆی دووبـارە دەکاتـەوە و ئەوەی بەرهەمیهێناوە جـارێکی دیکـە بەرهەمیدێنێتـەوە. ئـەو کێشـە و گرفتانـەی لـە جیهانی ئیسلامیدا تووشی کردەی عەقڵگەرایی بوون بەهـەمان شـێوە عـەقڵی خۆرئـاواش ڕووبەڕووی گرفتی لەم چەشنە بۆوە. فیکـری یۆنـانی و بـیروڕای بیرمەنـد و فەیلەسـوفانی خۆرئاوا ، بەئاسانی جێگەی بۆخۆی نەکردەوە ، تاگەیشتە قۆناغی ڕۆشنگەری و تەنانـەت بەیەکجاریش عەقڵی سـەدەکانی ناوەڕاسـت کۆتـایی نـەهات. مـەرج نییـە سـەرکەوتنی شۆڕشێکی فیکری یان هەر بوارێکی دیکە لەوەدابێ ، کە بەیەکجاری ئەوەی پـێش خـۆی تێپەڕێنێ. هاشم سالح دەڵێ : ((کۆن و نوێ بە تەنیشـت یەکـەوە دەژیـن ، پێویسـتە لـە ئەفسانەی دابڕانی ڕەها خۆمان ڕزگار بکەین))[12]

لێرەدا مەبەست لەمە ئەوە نییە، کە ڕابردوو وەکخۆی و بەبێ دەستکاریکردن دووبـارە بکرێتەوە و عەقڵ وێنەیەکی دیکەی پێش خۆی نیشان بداتەوە. ئەگەر مـرۆڤ لـە مێـژووی ژیانیدا زۆرجار بیری لەوە کردبێتەوە ، کە بوێرانـە تواناکـانی خـۆی بۆگـۆڕانی ژیـانی لـە

حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی دیکە بەکاربێنێ و ئەو بڕوایەی لـەلا بەرجەسـتە بـووبێ ، کـە دەتوانێ نەخشەی ژیانێکی دیکە بکێشێ ، پێچەوانەی ئەو شـێوازە ژیـان و بیرکردنەوەیـە بێ ، کە پێشتر لە سـەری ڕاهـاتووە و بێدەسـتکاریکردن پارێزگـاریلێکردووە ، ئـەوا ئـەم هەوڵە لە قۆناغی ڕۆشنگەریدا گەیشتە ئاستێك ، کە مرۆڤ بڕیاریدا لێی پاشـگەزنەبێتەوە و خۆی بۆ یەکلاییبکاتەوە. مەبەست لەم یەکلاییبوونەوە و بەلایەکداخستنە ئـەوە نییـە ، کە ململانێی نێوان نەریتخواز و نوێخـوازان بەیـەکجاری کۆتـایی پێهـاتبێ. دیـارە هـەر شۆڕش و بزاڤێك، کە دژ بەبیرو بۆچوون و ڕوانینی پێش خۆی دەست بەکارو چالاکی دەکـا ، مەرج نییە بەیەکجاری سیمای دوێنـێ و ڕابـردوو لـەو بـیرو بۆچـوونە بسـڕێتەوە ، کـە بانگەشـەی بۆدەکـا ئـەو شـۆڕش و ململانێیـە فیکـری ، یـان سیاسـی ، یـان ئـەدەبی بێ.((ململانـێ لـەنێوان مۆدێرنـەکان و نەریتخوازانـدا هـەرگیز بەشـێوەیەکی بـڕاوە و بەشێوەیەك کە جێی ڕەزامەندی هەموو لایـەك بێـت نـەخرا بەلایەکـدا))[١٣] ڕۆشـنگەری کۆمەڵێك پرسیاری دیکەی خستە سەر ئەو پرسـیارانەی پێشـتر لـەبارەی بـوون و ژیـان و دیاردەکان دەکران. بەو وەلاّمە دۆگما و چەقبەسـتووانە قایـل نـەبوو ، کـە ڕێگـەیان بـە هەناسەیەکی دیکەی عـەقڵ نەدەدا و بواریان بۆ هەنگاوێکی دیکەی عـەقڵ نەهێشـتبۆوە ، لێرەوە هەناسەیەکی دیکە بەعـەقڵ بەخشرا و ڕێگـە لـە بـەردەم هـەنگاونانێکی دیکـەدا کرایەوە.ئەوەندەی  شۆڕشی فیکری و عەقڵی، وروژاندنی پرسیارو کردنـەوەی پەنجەرەیـەکی دیکەیە بەڕووی ڕوانینێکی دیکەدا ، ئەوەندە گەڕان بەدوای ڕاستییەکی دەستنیشـانکراودا نییە.عەلی حەرب دەڵێ: ((فیکری فەلسەفی بەردەوام بـەدوای ڕاسـتکردنەوەی هەڵەکانـدا ناگەڕێ ، بەڵکو ڕاڤەی یەك لەدوای یەك پێشکەشدەکا))[١٤]

## عەقڵ لە قۆناغی ڕۆشنگەری و دوای ڕۆشنگەریدا

ئەگەر لە قۆنـاغی پـێش ڕۆشـنگەریدا ، کـاری عـەقڵ لێکدانـەوەی تاکڕەهەندانـەی دەقەکان بووبێ ، ئەوا لە قۆناغی ڕۆشنگەریدا ڕاڤەیەکی دیکە و جۆرە ڕوانینێکـی دیکـە بوو بەبەشێك لە کـاری بیرمەنـدان و فەیلەسـوفان. دەسـەڵات و هـەژموونی عـەقڵ ئـەو سنوورانەی

تێپەڕاند، کە جاران بۆی دیاریکرابوو ، لەمەش زیاتر هەنگاوی نا تاگەیشتە حاڵـەتێك لە سەرکێشیکردن. ڕۆشنگەری تاکە قۆناغی مێژووی مرۆڤایەتی نەبوو ، کـە عـەقڵ لـەو قۆناغەدا هەوڵبدا لەو کۆت و پێوەندانە ڕزگاری بێ ، کە گەشە و چالاکی سسـت دەکـەن. مێژوو چیرۆکی چەندان شۆڕش و بزاڤی عەقڵیمان بۆ دەگێڕێتەوە ، کـە عـەقڵ هەوڵیـداوە ئەو سنوور و لەمپەرانـە ببـەزێنێ ، کـە دەبنـە ڕێگـر لەبـەردەم زیـاتر ئاشـنابوونی بـە نهێنییەکانی ژیان و بوون. ئەگەر لەلای جابری عەقڵی عـەرەبی گـیرۆدەی زمـان بـووبێ و گرفتی ئەو عەقڵە لە نێوان زمان و عەقڵـدا یـەکلایی نەبووبێتـەوە ، ئـەوا لـەلای عـەلی حەرب گرفتی عەقڵی عەرەبی لە نێوان عەقڵ و دەقدایە. عەلی حەرب پێی وایە، یـەکێك لەگرفتەکانی عەقڵی خۆرئاوا ئەوەیە ، کـە عـەقڵ ڕەهەنـدێکی گشـتگیری پێبەخشـراوە. ئەوەندە هەوڵی یەکبوون و هاوشێوەبوونی داوە، ئەوەندە هـەوڵی جیـاوازی و فرەدەنگـی و فرەڕەنگی نەداوە. دەوڵەتی عـەقڵ یەکێکـە لـە دەرکەوتـەکانی ئـەو عەقڵـە، بەشـێوازی جۆراوجۆر لەسیستەمی گشتگیردا بەرجەستە بووە. ئەفلاتوون ، کە دژی شـیعر بـووە لـە بەر ئەوە بووە ، کە لەگەڵ ئەو دەوڵەتەدا ناکۆك بووە ، کە ئەفلاتوون خوازیاری بـووە. لـە کاتێکدا دەوڵەت لە هەوڵی یـەکرەنگکردن و یەکـدەنگی کۆمەڵگەدایـە ، شـیعر بـەهۆی خوازە و خەیاڵەوە جیهانێك ، لە فرەدەنگی و فرەڕەنگی بەرهەمدێنێ.(١٥)

ئەگەر لەقۆناغی پێش ڕۆشنگەریدا ، عەقڵ دووچاری سەرکوتکردن و چـەپاندن بـووبێ ، ئەوا ڕۆشنگەری لەلایەك عـەقڵی لـەو سـەرکوتکردن و چـەپاندنە ڕزگـار کـرد ، بـەڵام بەشێوازێکی دیکە کردەی سەرکوتکردن و چەپاندن بەردەوام بـوو. ئەگـەر گـەڕان بـەدوای نهێنییەکانی ژیان و بووندا ، خولیایەکی سروشتی مرۆڤ بێ ، ئەوا لە قۆناغی ڕۆشنگەریدا

ئەو خولیایە گەیشتە ئاستێك ، كە مرۆڤ هەوڵیدا سنووری نێوان ئەگەرەكان بسڕێتەوە و بگاتە دڵنیایی. ڕاستە گەیشتن بەدڵنیایی مرۆڤ لە ڕاڕایی و گومان ڕزگار دەكا و لە نێوان ئەگەرە جۆراوجۆرەكاندا نایهێڵێتەوە ، بەڵام بەدیوێكی دیكەدا لەو چالاكییەشی بێبەشدەكا ، كە لە گەڕان و هەوڵدان بۆ ئاشكراكردنی نەزانراوێك هەیەتی. كاتێك ڕۆشنگەری كلیلی عەقڵی بۆ كردنەوەی دەرگا نەزانراوەكان بەكارهێنا ، لە گەیشتن بەدڵنیایی دوای ئاشكرابوونی نهێنییەكان ڕووبەڕووی ئەو مەترسییە بۆوە ، كە مرۆڤ كاتێك پێی وایە گەیشتۆتە زانینی ڕەها دووچاری دەبێ. بەختیار عەلی دەڵێ: ((فاشییەت تەنیا دەسەڵاتی موتڵەق نییە ، بەڵكو زانینی موتڵەقیشە))[١٦]

كەواتە وەكچۆن نەزانین گرفتێكە، ئەوا زانینیش، كاتێك دەگاتە حاڵەتی ڕەهایی و دەرگا لە سەر خۆی دادەخا گرفتێكی دیكەیە. كاتێك عەقڵ وەك دوا وێستگە و ڕەهایانە مامەڵەی لەگەڵدا دەكرێ ، بوارێك بۆ پشكنین و بینینی دیوێكی دیكەی عەقڵ نامێنێتەوە. ئەمەش عەقڵ بەرە و دۆگمایی و چەقبەستوویی دەبا، ئەمە یەكێك بوو لەو گرفتانەی ڕووبەڕووی عەقڵی ڕۆشنگەری بۆوە. هەستكردن بەو گرفت و قەیرانانە وای لە زۆر لە فەیلەسوفانی خۆرئاواكرد ، كە بەچاوێكی دیكەوە لە ڕۆشنگەری بڕوانن ، قوتابخانەی فرانكفۆرت ، یەكێك بوو لە دەرەنجامەكانی ئەم جۆرە بیركردنەوەیە.ماركۆز پێی وایە ، ئازادی لە سیستەمی سەرمایەداری ، تەكنۆلۆژیدا ئازادییەكی ڕاستەقینە نییە ، كاتێك تاك لە كۆمەڵگەی پیشەسازیدا واهەست دەكا پێویستییەكانی جێبەجێكراوە ، ئاگای لەوە نییە ، كە دوو جۆر پێویستی هەیە ، یەكێكیان پێویستی ڕاستەقینەیە و ئەو دیكە پێویستی درۆ.[١٧] نابێ پێمان وابێ تەنیا ئەو كاتە مرۆڤ ئازادە، كە پێویستییەكانی جێبەجێ بوون. كاتێك سیستەمی سەرمایەداری و تەكنۆلۆژیا ، جۆرێك لە خۆشگوزەرانی بۆ مرۆڤ دابین دەكا و ئەو پێویستییانەی بۆجێبەجێ دەكا ، كە لە ڕاستیدا پێویستی نین ، مانای ئەوەیە ئازادی ڕاستەقینەی لێسەندۆتەوە و ئازادییەكی ڕووكەشی پێبەخشیوە ، وەكچۆن پێویستی درۆی بۆ ئامادەكردووە. ئەگەر مرۆڤ بە هۆی پێشكەوتنی تەكنۆلۆژیاوە توانیبێتی بە سەر سروشتدا زاڵبێ و هەژموونی خۆی بسەلمێنێ ، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ ،

کە ئازادی بەتەواوی بۆ دەستەبەر بووە. بە پێچەوانەوە تەکنۆلۆژیا لەلایەك ئازادییەکی پێدەبەخشێ لە لایەکی دیکەوە ئازادییەکی دیکەی لێدەستێنێتەوە. کاتێك ئازادی پانتایی ئازادی لێتەسکدەکاتەوە ، هەروەك مارکۆز باسیدەکا پاساو بۆ ئەم حاڵەتە دێنێتەوە و بەکردەیەکی عەقلانی دەناسێنێ[١٨] عەقلانییەتی تەکنۆلۆژی هەژموون و زاڵبوون بە دیاردەیەکی ئاسایی و بەدوور لەوە دەزانێ تۆمەتباری بکا. مەرج نییە پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و خۆشگوزەرانی و دابینکردنی پێویستییەکان لە هەمان کاتدا ئازادیشی بەدوادابێ. ڕاستە دەرکەوتنی ڕۆشنگەری لە خۆرئاوا ، هاوکات بوو لەگەڵ شۆڕشی پیشەسازی و عەقڵییەتی زانستی ، بەلاّم ئەمە بەو مانایە نییە ، کە هەرکاتێ عەقڵییەتی زانستی و تەکنۆلۆژیا ئامادەییان هەبوو ، ئەوا لە هەمان کاتدا عەقڵییەتی کراوە و ڕۆشنگەری ئامادەییان هەیە. زۆرجار عەقڵ بەئاراستەی جیاجیا گەشە دەکا و دەشێ ئاراستەکان پێچەوانەی یەکدی بن، تەنانەت عەقڵییەتی ڕۆشنگەریش ، گەرچی سەرەتا متمانەی پێبەخشرا ، لەوە بەدەر نەبوو ، بەڵکو لەگەڵ دیوێکی عەقلانی دیوێکی ناعەقلانیشی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو. هیگڵ دوالیزمی ئەرك و ئارەزوو، عەقڵ و ئارەزووی کانتی تێپەڕاند ، کە فەلسەفەی ئاکاری لە سەر بنیاتنابوو ، هیگڵ هەنگاوێك لەم دوالیزمە دووردەکەوێتەوە و پێی وایە ئەو پێکناکۆکییەی کانت بۆی چارەسەر نەکرا ، ئایین بەهۆی خۆشەویستییەوە چارەسەری دەکا.[١٩] ئەگەر پەیوەندی نێوان تاك و کۆ ، من و ئەوی دیکە ، بە هۆی کردەی عەقلانییەوە بگاتە ئاکامێك، ئەوا کاتێك ئەو پەیوەندی و لێکدیحاڵیبوونە بەخۆشەویستی بارگاوی دەبێ ، ڕەهەندێکی دیکە وەردەگرێ. ئەگەر عەقڵ لەم ئاشتەواییەدا سەرکەوتوو نەبوو، ئەوا خۆشەویستی بەهانایەوە دێ. ئەگەر هەندێجار عەقڵ لەڕەوتی گەشە و چالاکی خۆیدا، ڕەفتاری ناعەقلانی ئەنجامدا، خۆشەویستی هێوری دەکاتەوە و سنوورێك بۆ سەرچڵی و ناعەقلانییەکەی دادەنێ. گەرچی عەقڵ ڕووبەرێکی زۆری لە فەلسەفەی هیگڵ داگیرکردووە، بەلاّم ئەمە بەو مانایە نییە، کە ڕەهەندی خۆشەویستی و عەشقی بەلاوە گرنگ نەبووبێ ، هەوڵیداوە عەقڵ و خۆشەویستی بەیەکەوە گرێبدا. بیرمەندێکی وەك د.عەبدولکەریم سروش چەندە باسی

عەقلانییەتی کردووە و هەوڵیداوە ئایین و عەقڵ بەیەکەوە گرێبدا ، ئەوەندەش باسی عەشق و عیرفانی کردووە.تەحسین حەمە غەریب دەڵێ :((ئەم عیرفانەی کە من مەبەستمە عەقلانیەتیشی تێدایە))[٢٠]

ئەگەر عەقڵ و عیرفان ، عەقڵ و عەشق لە هەندێك ڕووەوە پێك ناكۆك بن ، ئەوا لە هەندێك لایەنی دیكەوە لە یەكدییەوە نزیكن. زۆر جار كاری عەقلانی دوور لە هەست وسۆز و عەشق كارەساتی لێدەكەوێتەوە ، بەپێچەوانەوە هەست و سۆز و عەشقی دوور لە عەقلانیش بێ گرفت نییە. پێویستە لە كردەی عەقلانیدا عەشق و عیرفان ئامادەییان هەبێ و لە تەنیشت عەشق و خۆشەویستیش عەقڵ ئامادەبێ. ئەگەر لەنێو عەقڵدا سۆز و خۆشەویستی ئامادەیی هەبێ ، ئەوا لەنێو سۆز و خۆشەویستیشدا عەقڵ ئامادەیی هەیە.ناكرێ بەرهەم و شاكاری ئەو شاعیر و نووسەرانەی لە باوەشی عیرفاندا پەروەردە بوون تەنیا بەكردەیەكی عیرفانی بزانین و وای لێكبدەینەوە ، كە كردەیەكی دوور لە عەقلانین.بەپێچەوانەوە نابێ پێمان وابێ ڕاو بۆچوونی بیرمەندان و فەیلەسوفان تەنیا كردەیەكی عەقلانییە و لە سنوورەكانی سۆزو عەشق دوورە. لە زۆر قۆناغی دیكەی مێژووی مرۆڤایەتیدا ، عەقڵ چالاكانە كاری كردووە بۆدۆزینەوەی نهێنییەكانی نێو بوون ، بەلام لەقۆناغی ڕۆشنگەریدا عەقڵ سەربەخۆیی خۆی وەرگرت و خۆی لەو بۆچوونە ئەفسانەیی و خەیاڵییانە ڕزگاركرد ، كە پێشتر باوبوون. ئەمەش بەو مانایە نییە ، كە لە قۆناغەكانی دیكەی مێژوودا عەقڵ هەوڵی سەربەخۆیی و بیركردنەوەی ئازادانەی نەدابێ. شۆڕش و بزاڤی عەقڵگەرایی ئەگەر لەلایەك لایەنگری هەبووبێ ، ئەوا لەلایەكی دیكە نەیاری هەبوون ، كە هەوڵیانداوە سنوورێك بۆچالاكی و بزاڤی عەقڵگەرایی دابنێن و پێشی لێبگرن. سارتەری فەیلەسوفی بوونگەرا ، ئازادی لە هوشیاری بە بوون جیاناكاتەوە ، ئەگەر ئازادی بریتی بێ لە ئاگایی بە بوون ، كەواتە ئاگایی ئاگاییبوونە بەئازادی.[٢١]

كەواتە ئاگایی و ئازادی مرۆڤ لێكجیاناكرێنەوە و بەیەكەوە گرێدراون. ئاگایی و عەقڵی مرۆڤ لەگەڵ بە یەكەوە گرێدراوییان بە ئازادییەوە، لە هەر سەردەم و قۆناغێكی جیاجیای مێژوودا دەرەنجامی جیاجیایان لێكەوتوتەوە. عەقڵی ڕۆشنگەری لە عەقڵی پێش

ڕۆشنگەری جیایە. دەرەنجام وچالاکی عەقڵی پێش ڕۆشنگەری قۆناغێکی مێژوویی لێکەوتەوە ، کە لە دەرەنجام و چالاکی عەقڵی ڕۆشنگەری جیابوو. لە کولتووری ئیسلامیدا عەقڵ بە زۆری وەك هۆکارێك بۆ ڕونکردنەوە و ئاشکراکردنی دەقەکانی ئایین مامەڵەی لە گەڵدا کراوە ، ئەمەش لەخزمەتی کردەی عەقلانیدا بووە ، بەلاّم بۆ زیاتر بەرەو پێشەوەبردنی کردەی عەقلانییەت تەنیا ئەوەندە بەس نییە ، کە بۆ لێکدانەوەی دەقەکانی ئایین بەکاربهێنرێ. یەکێك لە هۆکارەکانی شکستی پرۆژەی عەقلانی و ڕۆشنگەری لە کولتووری ئیسلامیدا ئەوەبووە ، کە عەقڵ خۆی یەکلاییکردۆتەوە بۆ لێکدانەوەی بوون و ژیان. لەکاتی بەرهەمهێنانی فیکر و عەقڵدا گەڕانەوە بۆ ڕابردوو زیاتر ئامادەیی هەبووە ، وەك لە هەوڵدان بۆ تێپەڕاندنی ئەو ڕابردووە و خوێندنەوەیەکی دیکە بۆ ئەو ڕابردووە. جابری شارستانێتی ئیسلامی بە(شارستانێتی مێژوو) ناودەبا.(٢٢)

ڕاستە مێژوو بەشێکی گرنگی شارسانێتییەکانە ، بەلاّم پێویستە میکانیزمێك بەکاربهێنرێ بۆ مامەڵەکردن لە گەڵ مێژوودا ، کە نەبێتە سەرلە نوێ بەرهەمهێنانەوەی ڕابردوو وەکخۆی. فەیلەسوفان و بیرمەندانی ڕۆشنگەری تەنیا بەوە وازیان نەهێنا ، کە بۆخۆیان لەکردەی عەقلانی و وەرچەرخانی مێژووییدا بەشداربن ، بەڵکو هەوڵیاندا خەڵکیش فێری بیرکردنەوە و کاری عەقلانی وابکەن ، کە بتوانن لەکردەی گۆڕان و وەرچەرخانی مێژووییدا بەشداری بکەن ، بۆئەوەی لەلایەك لە نیازو مەبەستی بیرمەندان و فەیلەسوفان بگەن ، لە لایەکی دیکەوە بۆخۆشیان بتوانن خاوەنی ڕاو سەرنجی خۆیان بن و بەشداری لە لێکدانەوە و ڕاڤەی دیاردەکاندا بکەن ، مەرج نییە ئەم بەشداریکردنە بگاتە ئاستی ڕاو بۆچوونی فەیلەسوفان و بیرمەندان ، بەلاّم کاتێك خەڵك هەوڵبدا لە فەیلەسوفان و بیرمەندان بگا و گوێیانلێبگرێ ، ئەوا کارێکیان کردووە بایەخ و گرنگی خۆی هەیە. دیکارت دەڵێ: ((مرۆڤ بیرێك لە کەسانی ترەوە فێری بووبێ ناتوانێ وەك شتێك خۆی دۆزیبێتەوە تێبگات و لەناخی خۆیدا جێگیری بکات))(٢٣) تەنیا بیرمەندان و فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری نەبوون ، بانگەشەی دابڕان لە قۆناغی پێش خۆیان دەکرد ، بەڵکو ئەو قوتابخانە فیکری و فەلسەفی و ئەدەبیانەی لەمێژوودا ناویان دێ ، یەکێك لە ڕووکارە

دیارەکانیان ئەوەیە ، کە کردەی دابڕان و تێپەڕاندنیان ئەنجامداوە. کاتێك نیتشە بانگەشە بۆ کتێبی (زەردەشت وایگوت)دەکا پێی وایە سەردەمی پێش خۆی تێپەڕاندووە ، بۆیە دەڵێ: ((مێژووی مرۆڤایەتی دەکرێ بە دووبەشەوە ، یەکێکیان ژیان پێش زەردەشت و ئەوی دیکە ژیان دوای زەردەشت))[٢٤]ئەمە بەو مانایە نییە ، کە نابێ ئاوڕ لە ڕابردوو بدرێتەوە ، بەڵکو مەبەست لەوەیە، کە ئەم ئاوڕدانەوەیە کوێرانە و دووبارەکردنەوەیەکی وەکخۆی نەبێ. هەژموونی بیری ئەفسانەیی و ئەو چەقبەستوویی و دۆگماییەی مێژووی ئەوروپای پێش قۆناغی ڕۆشنگەری پێدەناسرا ، کەش و هەوا و بۆشگەیەکی وایان ڕەخساند ، کە بیرمەندان و فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری لە کاردانەوەی ئەو بارودۆخەدا ، هەڵوێستی توند بەرانبەر بە قۆناغی پێش ڕۆشنگەری وەربگرن ، بۆیە لە ستایشکردنی عەقڵدا تووشی زێدەڕۆیی بوون. ئەمەش بەشێکە لە سروشتی مرۆڤ هەندێجار لە قەیران و تەنگژەکاندا تووشی زێدەڕۆیی دەبێ. بیرمەندان و فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری بۆ بەگژداچوونەوەی چەقبەستوویی و داخران باوەشیان بۆ عەقڵ گرتەوە ، بۆدەربازبوون لەو قەیران و تەنگژەیە. ئەم ململانێیەی نێوان عەقڵگەرایی و ناعەقلانی ، نێوان کرانەوە و داخران ، لە کۆمەڵگە و شارستانێتییەکانی دیکەشدا ڕوویداوە ، بەلاّم لە قۆناغی ڕۆشنگەریدا کاری بەردەوامی بۆ کرا ، تەنیا بەوەندە کۆتایی نەهات ، کە چەند بیرمەند و فەیلەسوفێك لە گۆشەیەکەوە کاری بۆ بکەن ، بەڵکو وەك پرۆژەیەکی گشتگیر و هەمەلایەن کاری بۆ کرا. شارستانێت و کۆمەڵگەکانی دیکەش لە هەوڵی لەم چەشنەی خۆرئاوا بێبەش نەبوون. ئەگەرچی هەوڵەکانیان شکستیشی هێنابێ ، بە بەشێك لە مێژووی عەقڵگەرایی دەژمێررێن و بایەخی مێژوویی خۆیان هەیە و وەك سەرچاوەیەك بۆ هەوڵەکانی دوای خۆیان کەڵکیان لێوەرگیراوە. عەقڵ ، کە بەخشراوێکی خودای پەروەردگارە مرۆڤ بە گشتی لێی بەهرەمەندە ، بەلاّم چۆنێتی مامەڵەکردنی مرۆڤ لە گەڵ عەقڵدا لە سەردەم و قۆناغێکەوە بۆ سەردەم و قۆناغێکی دیکە جیایە. عەقڵ لە ئەنجامی چالاکی و کارابوونییەوە ، دەتوانی کۆتایی بە چەقبەستوویی و دۆگمایی بێنێ و بەدوای وەلاّمی ئەو پرسیارانەدا بگەڕێ ، کە زۆرجار کۆمەڵگە بەگشتی یان کەسانێك بۆ

مەبەستی تایبەتی خۆیان نایانەوێ ئاراستە بکرێن. وروژاندنی هەندێك پرسیارو وەلاّمدانەوەی لەلایەن بیرمەندان و فەیلەسوفان ئەگەر ڕەتکرابێتەوە یان قبوڵکرابێ مایەی گفتوگۆ و مشتومڕی نێوان خەڵکی بووە. ئەو عەقڵە دۆزەرەوە و ڕەخنەییەی ، لە قۆناغی ڕۆشنگەری خۆرئاوا چالاکانە توانی قۆناغی پێش خۆی تێپەڕێنێ و لە دیدگەیەکی دیکەوە دیاردەکان لێکبداتەوە ، لە چەندین قۆناغی دیکەی مێژوودا بە مەبەستی گەیشتن بەو ئامانج و مەبەستەی خۆرئاوا پێیگەیشت ، بینراوە ، ئەگەرچی بە هەمان ئاکام نەگەیشتبێ. زۆرجار مرۆڤ بەکردەوە بیردۆزەیەك جێبەجێدەکا ، بەلاّم نازانێ بەرەنجامی چ بیردۆزەیەکە. بە بۆچوونی (تامس کوهن) ((دەتوانرێت کەسێك بەدۆزەرەوە دابنرێت کە تیۆرو بیردۆزی پەیوەست بە دۆزینەوەی خۆی هەبێت وبزانێت،واتە بزانێت چ شتێکی دۆزیوەتەوە))(٢٥)

دەبێ بڕوامان وابێ ، کە لە مێژوودا چەندان عەقڵی ڕۆشنگەرانە هەبوون ، بۆخۆیان هەستیان پێنەکردبێ ، کە ڕۆشنگەرن و خاوەنی ئەو ئاستەی هۆشیارین. ئەمە تەنیا تایبەت نییە بە بواری فیکر و فەلسەفەوە ، بەڵکو بواری ئەدەب و هونەریش دەگرێتەوە ، ئەوە ڕەخنەگرو ڕاڤەکارانن زیاتر دەستنیشانی ئەوە دەکەن ، کە بابەتە ئەدەبی و هونەرییەکان سەر بە چ قوتابخانەیەکی ئەدەبی و هونەرین ، نەك نووسەرو هونەرمەندەکان. بە هۆی سەرلەنوێ خوێندنەوەی بەرهەمی بیرمەندان و فەیلەسوفانی جیهانی ئیسلامییەوە ، بنەماکانی فیکری ڕۆشنگەری دەدۆزرێتەوە، نەك بە پیاهەڵدانی بێ بنەما و شانازیکردنی کوێرانە بەڕابردووەوە. محەمەد ئەرگۆن لە پڕۆژەکەی ، ڕەخنە لە عەقڵی ئیسلامی و جابری لە ڕەخنە لەعەقڵی عەرەبیدا، هەوڵیانداوە لە دیدگەیەکی دیکەوە کولتووری عەرەبی ئیسلامی بخوێننەوە. عەقڵ وەکچۆن دەتوانێ چالاکانە خزمەتی پڕۆژەی ڕۆشنگەری بکا، هەندێجار بەپێچەوانەوە دەبێتە ڕێگر لەبەدەم هەنگاوەکانی پڕۆژەی ڕۆشنگەریدا. ئەگەر عەقڵ بەدیوێکدا چالاکانە کاربکا و هەوڵبدا نهێنییەکانی نێو بوون بدۆزێتەوە و ئەو کەتوار(واقع)ە تێپەڕێنی، کە هەیە و سەرلەنوێ بەچاوێکی دیکەوە لە ژیان و کەتوار بڕوانێ ، ئەوا بەدیوێکی دیکەدا چالاکانە کار بۆ سەرلەنوێ

دووبارەکردنەوەی گوتراوەکان دەکا و لە هەوڵی ئەوەدا دەبێ دژایەتی ئەو وێنە نوێیانە بکا ، کە بە ژیان و بوون دەبەخشرێن. ئامادەبوونی عەقڵ ئامادەبوونی ڕۆشنگەری نییە ، هەموو کاتێك عەقڵ لە خزمەتی ڕۆشنگەریدا نییە.(د.حەسەن حەنەفی) پێی وایە ، لە جیهانی عەرەبیدا ، ئەرکی عەقڵ تەنیا پاساو هێنانەوە بووە ، پەردەیەك بووە بۆشاردنەوەی بەرژەوەندی تایبەتی و ئارەزووەکانی مرۆڤ ، ئەرکی خۆی جێبەجێنەکردووە ، کە ڕەخنەگرتن و لێکدانەوەیە.(٢٦) وەکچۆن بە هۆی چۆنێتی مامەڵەکردنی شاعیرێك لە گەڵ زماندا شیعرییەت بەرهەمدێ ، ئەو وشانەی شاعیرێك لە شیعردا بەکاریان دێنێ هەر ئەو وشانەن ، کە خەڵك ڕۆژانە بەکاریاندێنی ، بەڵام بە هۆی زمانی تایبەتی و چۆنێتی مامەڵەی شاعیر لەگەڵ زماندا شیعر بەرهەمدێ. کەواتە دەستەوستانی خەڵك لەگەڵ زماندا وای لە خەڵك کردووە ، نەتوانن شیعر بەهەمبێنن ، لێرەدا زمانی شیعر و زمانی ئاخاوتن لە یەکدی جیادەبنەوە. ئەم حاڵەتە بۆ عەقڵیش ڕاستە ، عەقڵ لە مێژوودا و لە نێو خەڵکدا دەژی ، بەڵام کاتێك مامەڵەی کوێرانە و دۆگماییانە لەگەڵ عەقڵدا دەکرێ ، نەك کردەی ڕۆشنگەرانە ئەنجام نادرێ ، بەڵکو ڕوناکیشی لێدەسەندرێتەوە و بەکوێری لە دایك دەبێ. عەقڵێك دەتوانێ ڕۆشنگەربێ و لە کردەی عەقڵگەراییدا بەشداربێ ، کە خاوەنی ڕوانینی تایبەت بە خۆی بێ و پێی وابێ ئەوەی پێشتر گوتراوە و بیستراوە بەس نییە بۆ لێکدانەوە و ڕاڤەی بوون. پێی وابێ پێویستە دەرگایەکی دیکە بکرێتەوە بۆ تەماشاکردن و بینینی ئاسۆکانی ژیان ، پێی وابێ جگە لەو لێکدانەوە و ڕاڤانە ، لێکدانەوە و ڕاڤەی دیکەش پێویستن. بە پێچەوانەوە ئەگەر عەقڵێك بەردەوام خۆی دووبارە بکاتەوە و ئەوەی بەرهەمیهێناوە جارێکی دیکە بەرهەمیبهێنێتەوە ناتوانێ لە کردەی ڕۆشنگەریدا بەشداربێ. کاتێك جیهانی ئیسلامی و خۆرهەڵات ، چاوی هەڵهێنا و سەیری ژیار و شارستانێتی خۆرئاوای کرد ، هەستی بەو جیاوازییەکرد ، کە لە نێوان ئێرە و ئەوێدا هەیە ، بۆیە چاوی بەخۆی و کولتوورەکەیدا گێڕا و بیری لەو هۆکارانە کردەوە ، کە بوونە هۆی سەرکەوتنی ڕۆشنگەری خۆرئاوا و شکستهێنانی لە خۆر هەڵاتدا. هەستکردن بە قەیران و تەنگژەکان سەرەتایە بۆ وریابوونەوە و هەنگاونان. چەندە ئەم هەستکردنە

گرنگە ئەوەندەش چۆنێتی مامەڵە کـردن لەگـەڵ گرفتەکـەدا گرنگـە. ئەگـەر جـەماوەری جیهانی ئیسلامی ڕووکەشانە سەیری ڕۆشنگەری خۆرئاوایان کردبێ و سـادە و سـاکارانە ڕاڤەی ئەو جیاوازییەیان کردبێ ، ئەوا بیرمەندان و فەیلەسوفان قولتر کەوتنـە ڕاڤـەکردن و سەرنجدان. لە چەندین دەلاقەی جیاجیاوە سەیری ئەم دیاردەیەکرا و چەندین لێکۆڵینـەوە و بابەت لەو بارەیەوە نووسران.

ئەگەر لە سەردەم و قۆناغێکی مێژووییدا ، ململانێی نێوان خۆرهـەڵات و خۆرئـاوا ، ململانێی نێوان دوو ئایین بووبێ ، جەنگەکان جەنگی ئایینی بووبن ، ئـەوا دوای قۆنـاغی ڕۆشنگەری ململانێی شارستانێتی دەسـتیپێکرد ، وێـڕای ئـەوەی ئـەم ململانێیـەش لـە ڕەهەندی ئایینی بەدوور نەبوو. زۆر جارگەل و نەتەوەیەك لە بەرانبـەر گـەل و نەتەوەیـەکی دیکەدا ، کە خاوەنی ژیار وشارستانێتییە هەست بە گرێی خۆبەکەمزانین دەکـا ، ئەمــەش دەبێتە هاندەرێك بۆ ئەوەی ئەو گـەل و نەتەوەیـە بـە خۆیـدا بچـێتەوە و هەوڵبـدا بگاتـە گەلانی دیکەی خاوەن شارستانێتی ، دەشێ لە بەرانبەردا ئەو گەل و نەتەوەیـەی خـاوەنی ژیـار و شارسـتانێتییە هەسـت بـەگرێی خۆبـەزلزانین بکـا، دووچـاری سەرکەشـی و لەخۆباییبوون بێ. دوای قۆناغی ڕۆشنگەری جیهانی ئیسلامی و خۆرهەڵات ، سـەرلەنوێ کەوتنە خوێندنەوەی کولتوورو و مێژووی خۆیان. گەیشتن بەقۆناغێك ، کە مرۆڤ بـە سـەر سروشتدا سەربکەوێ و لە نهێنییەکانی بگا ، تایبەت نییە بە قۆناغی ڕۆشنگەری ، ئەمـە بە یەکێك لە خولیا و ئامانجەکانی مرۆڤ دەژمێررێ ، بەڵام لە قۆناغی ڕۆشـنگەریدا مـرۆڤ توانی بەو ئامانجانە بگا ، کە لە قۆناغەکانی پێشتردا پێیان نەگەیشتبوو. ئەگـەر هـەوڵی لەم چەشنەی قۆناغی ڕۆشنگەری خۆرئـاوا لێـرەو لـەوێ هـەبووبێ ، نـابێ ئـەو ڕاسـتییە باسنەکرێ، کە ڕۆشنگەری خۆرئاوا توانی خۆی لە هاوچەشنەکانی جیا بکاتەوە، پڕۆژەکەی بـەردەوام بـوو تـاکو گەیشـتە قۆناغێـك ، کـە ئـەوانی پێشـتر نەیگەیشـتبوونێ. دەستکەوتەکانیشی نەك تەنیا خۆرئاوا ، بەڵکو گەلانی دیکـەش لێـی بەهرەمەنـد بـوون. قۆناغی ڕۆشنگەری توانی خۆی لە قۆناغی پێش خۆی جیا بکاتەوە بە ئەندازەیـەك دەشـێ لە قۆناغی ڕۆشنگەرییەوە دوو قۆناغ و دابـران لـە مێـژوودا لێکجیابکرێنـەوە یـەکێکیان

قۆناغی ڕۆشنگەری و ئەوی دیکـە قۆنـاغی پـێش ڕۆشـنگەرییە. هـەرقۆناغ و بزاڤێکـی مێژوویی ئەگەر بیەوێ خۆی لەوەی پێشتر جیا بکاتەوە پێویستە کردەی دابڕان و تێپەڕاندن ئەنجام بدا. کۆمەڵگە لە قۆناغی پـێش ڕۆشـنگەریدا خـاوەنی ڕوخسـارێك بـوو، کـە لـە ڕوخسـاری کۆمەڵگـەی دوای قۆنـاغی ڕۆشـنگەری جیـابوو. مـرۆڤ لـە دوای قۆنـاغی ڕۆشنگەرییەوە خاوەنی ڕوانین و بۆچوونێکی جیا لە قۆناغی پێش ڕۆشنگەری بـوو. ڕاسـتە زۆر جارلە قۆناغە جیاجیاکانی مێژوودا کۆمەڵگە دەستکاری ڕوخسـاری خـۆی کـردووە ، بەڵام لە قۆنـاغی ڕۆشـنگەریدا تـەنیا لـە ڕواڵـەت و دیـوی دەرەوەدا نـەگۆڕا ، بەڵکولـە ناوەوەش گۆڕا. کۆمەڵگە بە گۆڕینی دیوی دەرەوەی وازی نەهێنا، بەڵکو دیوی ناوەوەشـی گۆڕی. سەرکەوتنی عەقڵ لە قۆناغی ڕۆشنگەریدا ، بووە هـۆی ئـەوەی ، کـە خۆرئـاوای زێدی ڕۆشنگەری دەرەوەی خۆی بە ناعەقلانی ناوزەد بکـا ، ئەمـەش وای لەئـەوی دیکـە کرد ، کە بە گومانەوە سەیری ئەو عەقڵە و قۆناغی ڕۆشنگەری بکا. هەرچەندە بیرمەندان و فەیلەسـوفانی قۆنـاغی ڕۆشـنگەری مەبەسـتیان لـە سـەروەرێتی بەخشـین بەعـەقڵ و ستایشکردنی عەقڵ تەنیا عەقڵی خۆرئاوا نەبوو ، بـەڵکو مەبەسـتیان عـەقڵی مـرۆڤ بـە گشتی بوو، بەڵام عەقڵ و قۆناغی ڕۆشنگەریش لەوە بەدەرنین ، کە بەخراپ بـەکاربهێنرێن و بـۆ ئامـانج و مەبەسـتی تایبـەت کـەڵکیان لێـوەربگیرێ. لـە کـاتی بانگەشـەکردن و دەرکەوتنی ئاسۆیەکی نوێ لە بیرو بۆچوونی دیکەی جیا لـەبیر و بۆچـوونە دەسـتلێنەدراو و باوەکان ، نەریتپارێزان نیگـەرانی خۆیـان دەردەبـڕن ، دەیانـەوێ تاکڕەهەندانـە بـوون و دیاردەکان لێکبدرێنەوە ، بۆچوون و ڕاڤەیەکی دیکە ڕەتدەکەنەوە ، بۆ ئەم مەبەستەش بـۆ پاساوی جۆراو جۆر دەگەڕێن. هەندێجار ئەو بیر و بۆچوونە نوێیـەی دەیـەوێ کۆتـایی بـە نەریتپارێزی بێنی و لە دیدگەیـەکی دیکـەوە دیاردەکـان بخوێنێتـەوە ، ئەگـەر بۆچـوونی دیکەی قبوڵنـەبێ و بـە فـرە دەنگـی و فـرە ڕەنگـی قایـل نـەبێ ، دەبێتـە نـەریتپارێز. ڕۆشنگەریش لەم حاڵەتە بەدەر نەبوو ، بۆیە چەندان بیرمەنـد و فەیلەسـوف لـە نوسـین و لێکۆڵینەوەکانیاندا ڕەخنەیان لە ڕۆشنگەری گرت و دیوێکی دیکەی عـەقڵیان دەرخسـت، کە لە ڕۆشنگەریدا نەبینرابوو. ململانێی نێوان ڕۆشنگەران و ئەوانـەی خـاوەنی بۆچـوونی

ئایینی داخراوی چەقبەستوو بوون ، بەڕاڤەیەکی دیکە بۆدەقەکانی ئایین قایل نەبوون، ئەم حاڵەتە تایبەت نەبوو بە خۆرئاوا لە جیهانی ئیسلامیشدا ڕوویداوە ، مێژووی ئیسلام باسی چەندان بۆچوونی جیاجیامان لەبارەی ئیسلام بۆ دەکا. ئەمە سروشتی ئایین و فیکری مرۆڤە، کە بە شێوازی جیاجیا ڕاڤە دەکرێن. بۆچوونی عەقلانی و چەقبەستوو ، ڕەوتی داخراو و کراوە بەشێك لە شارستانێتی ئیسلامی پێکدەهێنن. ڕۆشنگەری چەندە ململانێ بوو لە نێوان عەقڵی کراوە و داخراودا ، ئەوەندەش ململانێ بوو لە نێوان بۆچوونە جیاوازەکانی نێو جیهانی مەسیحی. لەگەڵ ئەو بۆچوونە ئایینییە داخراوەدا بۆچوونی کراوەش هەبوو، کە یارمەتیدەر و پشتیوانی پڕۆژەی ڕۆشنگەری بوو.د عەلی شەریعەتی دەڵێ :((ئەم پڕۆتستانیزمە بوو کە شارستانیەتی نوێی هێناوەتە بوون))(٢٧)هەروەکچۆن لە جیهانی مەسیحیدا ڕەوتی کراوە و داخراو ئامادەییان هەبوو ، لە جیهانی ئیسلامیشدا ئەم دوو ڕەوتە هەبوون ، ئەمە تایبەت نییە بەفیکری ئایینییەوە لە فیکرەکانی دیکەشدا ئەم حاڵەتانە دەبینرێن. نابێ ئەمەش لە بیر بکرێ ، کە لە جیهانی مەسیحیدا دوای ململانێیەکی چەندین سەدە ڕەوتی کراوە بە سەر داخراودا سەرکەوت ، لە جیهانی ئیسلامیدا ئەم ململانێیە بەردەوامە و لایەنگرانی ڕەوتی کراوە کەمترن. سەرکەوتنی مرۆڤ بە سەر سروشتدا ، کە لە قۆناغی ڕۆشنگەریدا زیاتر بەرجەستە بوو ، هەندێك لە ئامانجەکانی مرۆڤی هێنایەدی ، لە هەمان کاتدا مرۆڤ دووچاری جۆرە نامۆبوونێك بوو لە بەرانبەر ئەو پەیوەندی و مامەڵەیەی لەگەڵ سروشتدا هەیبوو. ئەگەر مرۆڤ لەلایەك پەیوەندی و سۆزێك بەسروشتییەوە گرێیدەدا ، ئەوا لە لایەکی دیکەوە سەرکەوتن و ململانێ لە گەڵ سروشتدا ، کە ئاوێتەی سۆزو خۆشەویستی بوو دووچاری نامۆیی و ناکۆکی کرد.ئەگەر سروشت و جوانییەکەی سەرچاوەی خەیاڵی شاعیران و نووسەران بووبێ ، ئەوا زانست ئەم لایەنەی لە بیرکرد ، هەر بۆیە هایدگەردەڵێ ((زانست بیرناکاتەوە))(٢٨)

# عەقڵی ڕۆشنگەری

ڕۆشنگەری بەرهەمی جۆرە بیرکردنەوە و عەقڵێك بوو ، کە لە بیرکردنەوە و عەقڵی پێشوو جیابوو. یەکێك لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی ڕۆشنگەری ئەم جۆرە بیرکردنەوە و عەقڵە جیاوازە بوو. بیرمەندان و فەیلەسوفانی قۆناغی ڕۆشنگەری بە چاوێکی دیکەوە سەیری بیرو بۆچوون و عەقڵییەتی پێش خۆیان دەکرد ، ئەمەش وایلێکردن ، لەجیاتی ئەو شێوازە بیرکردنەوەیەی ڕەتیاندەکردەوە، شێوازێکی دیکە لە بیرکردنەوە و عەقڵییەت پێشکەش بکەن. بۆیە وەکچۆن بە بەڵگە ئەوانەی پێش خۆیان ڕەتدەکردەوە بە هەمان شێوە بەبەڵگەش دەبوو ئەوانە بسەلمێنن ، کە پەسەندی دەکەن. لێرەوە عەقڵی ڕۆشنگەری ئەرکی پشکنین و دۆزینەوەی نهێنی دیکەی خستە ئەستۆی خۆی. عەقڵێك بەبڕوا بە خۆبوونەوە کەوتە کار و چالاکی. ئەگەر هەندێك لە بیرمەند و فەیلەسوف ڕەخنەیان لە عەقڵییەتی پێشوو دەگرت ، ئەوا فەیلەسوفێکی وەك دیکارت ڕەخنە لە بیرو بۆچوونەکانی پێشتری خۆی دەگرت لەو بارەوە دەڵێ ((ئیتر بەمێشك و دەرونێکی ئاسوودە و بەتەواوەتی بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەموو بیروڕاکانی پێشووم بە گشتی خەریك دەبم))[٢٩] لە کولتوور و شارستانێتی جیهانی ئیسلامیدا ، بە پێچەوانەوە، ئەو بیرمەند و فەیلەسوفانە کەمن ، کە هەوڵیاندابێ لە دیدگەیەکی دیکەوە بڕوانن و ئەوەی لە ڕابردوودا گوتراوە و سەدە دوای سەدە دووبارە بووەتەوە دووبارەی نەکەنەوە. لێرەوە ڕابردوو هەژموون و سەروەرێتی پێبەخشراوە ، بۆیە لەگەڵ هەستکردن بە هەژموون و کاریگەری ڕۆشنگەری خۆرئاوا ، جیهانی ئیسلامی زیاتر گەڕایەوە بۆ ڕابردوو ، بەڵکو ئەو ڕابردووە بە هانایەوە بێ و خۆی وانیشانبدا ، کە ئەمیش کاتێك خۆرئاوا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ژیاوە ، خاوەنی بیرو عەقڵی ڕۆشنگەرانە بووە، ئەم بەراوردە فریودەرە. ڕاستە سەردەمێك شارستانێتی ئیسلامی ، بە هۆی هەوڵی چەند بیرمەند و فەیلەسوفێك بووە خاوەنی بیری ڕۆشنگەری ، بەلاّم ئەم بەراوردە لە گەڵ سەردەمێکدا ناگونجێ ، کە جیاوازییەکە لە سەردەمی پێشوو زیاترە. ئەگەر جیاوازییەکی کەم لە نێوان شارستانێتی ئەو کاتەی جیهانی ئیسلامی و خۆرئاوادا هەبووبێ ، ئەوا دوای قۆناغی ڕۆشنگەری جیاوازییەکە بەبەراورد لەگەڵ ئەوەی

پێشوو زیاترە. دان بەو ڕاستییەدا دەنرێ ، کە لە سەردەم و قۆناغێکی مێژووییدا جیهانی ئیسلامی خاوەنی پڕۆژەی عەقلانی و ڕۆشنگەری بووە ، بەلاّم ئەمە نابێتە پاساو ، کە لە سەردەم و قۆناغێکی دیکەدا ، کاتێك خۆرئاوا دەست بە پڕۆژەی ڕۆشنگەری دەکا ، ئەم لە ساتەوەختەکانی بێئاگاییدا دەژی ، بیەوێ لە بەرانبەر ژیاری خۆرئاوادا نوشوستی خۆی بشارێتەوە و دانی پێدانەنێ. دەشێ دانِنان بە شکستدا هەنگاوێك بێ بۆ هەستانەوە و سەرلەنوێ دەستپێکردنەوە نەك خۆدزینەوە و پاساو هێنانەوە. ئەوەندەی عەقڵی ڕۆشنگەری سەرگەرمی پرسیارکردن بوو ، لە دیاردە هەمەکییەکان ، ئەوەندی سەرگەرمی پرسیارکردن نەبوو لە دیاردە هەندەکییەکان. عەقڵی ڕۆشنگەری خۆی لە پرسیارە ڕۆژانەییەکان دوور خستەوە و لە هەوڵی ئەوەدابوو ، پرسیارە ڕۆژانەییەکان تێپەڕێنێ و پرسیار لەبارەی ئەو دیاردانە بکا ، کە پرسیاری لە بارەوە نەکراوە ، خۆی سەرقاڵی ئەو بابەتانە نەدەکرد ، کە خەڵك دەیانزانێ و لەلای ئاشکران ، بەدوای وەلاّمی دیکە و نهێنی دیکە و نادیاری دیکەدا دەگەڕا. عەقڵێك، کە سەرگەرمی پرسیارە ڕۆژانەییەکانە، جیایە لە عەقڵێك، کە غەمی دیاردە هەمەکییەکانە. پرسیار لەبارەی چییەتی دیاردەکان ، لەو پرسیارانە بوون ، کە عەقڵی ڕۆشنگەری بیری لێدەکردەوە.د.عیرفان مستەفا دەڵێ : ((هەموو هەوڵدانێك بۆ دوورکەوتنەوە لە پرسیارکردن لە ماهییەت و بوونی شت لەخۆیدا سەرچاوە لەو عەقڵەوە دەگرێت کە لەناو ژیانی ڕۆژانەو واقعی ڕۆژانەدا غەرق بووە و لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز بیر لەوە ناکاتەوە کە لەو غەرق بوونە ڕزگاری ببێت.))[٣٠]

بیرمەندان و فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری ئەو پرسیارانەیان تێپەڕاند ، کە پێشتر لەبارەی دەقەکانی ئایین دەکران و دەستکارییان نەکرابوو ، پرسیار و وەلاّمی دیکەی جیا لەوانەی پێشوویان پێبوو. عەقڵی ڕۆشنگەری لە دیکارتەوە، پشتی بەو کردە عەقڵییە بەست ، کە لە چەند بنەڕەتێکی دیاریکراو پێکهاتبوو. دیکارت ئەم بنەڕەت و میتۆدەی کردە دەستپێك بۆ گەڕان بەدوای نهێنییەکانی نێو بووندا. ئەو سەروەرێتییەی بە عەقڵ بەخشی ، کە مرۆڤ بە هۆیەوە دەتوانێ بگاتە ئەو خواست و ئامانجانەی هەوڵیان بۆدەدا ، متمانە و سەروەرێتی بەخشین بەعەقڵ لە لایەن بیرمەندان و فەیلەسوفانی دوای دیکارتیش بەردەوام

بوو.عەقڵ ئەرکی زیاتری کەوتــە ئەسـتۆ و لــە جـاران چـالاکتربوو. دەیەویسـت بــە دوای نهێنییەکانی نێو سروشت و بووندا بگەڕێ و لە جیهانبینییەکی دیکەوە لــە ژیــان و بــوون بڕوانێ. عەقڵی ڕۆشنگەری عەقڵێکی دیکـارتی بــوو ، ڕادەمـا ، ورد دەبـۆوە ، بــە دوای بەڵگەنەویستدا دەگەڕا ، بۆ بڕواهێنان بە خودا و ئایینیش ، دەلاقەیەکی دیکەی کردەوە. ئەگەر ئەم حاڵەتە لە لایەك خزمەتی بە عەقڵ کردبێ ، ئەوا ئاکامی ئــەم زێدەڕەویکردنــە لە سەدەی بیستەمدا دەرکەوت ، کە بیرمەندان و فەیلەسوفانی ناچارکرد بەجۆرێکی دیکــە مامەڵە لەگەڵ ئەم عەقڵەدا بکەن. ئەگەر سەرکەوتنی ڕۆشنگەری لە خۆرئاوا ، وایکردبــێ ببێتە خاوەنی تایبەتمەندی خۆی ، ئەمە بەو مانایە نییە ، کە قسەکردن لە ســەر عــەقڵ و پەیوەندی عەقڵ بە بوون ، یان بەژیان و ئایینــەوە لــە کۆمەڵگــەکانی دیکــەدا نەبووبێتــە مایەی مشتومڕو گفتوگۆی نێوان بیرمەندان و فەیلەسوفان. لە جیهانی ئیسلامیدا عــەقڵ و مامەڵەکردن لەگەڵ عەقڵ، یان پەیوەندی نێوان عەقڵ و ئایین ، یان عەقڵ و فەلسەفە چ ئەوانەی لایەنگری ئاشتکردنەوەی فەلســەفە و ئــایین بــوون وەك (ئــیبن ڕوشــد)چ ئەوانــەی لایەنگری ئەم ئاشتکردنەوەیە نەبوون وەك (غەزالی) بابەتی گفتوگۆ و قســەلێکردن بــووە. (ئیبن خەلدون) پێی وابــوو ، عــەقڵ و ئــایین دوو کایــەی لێکــدی جیــان ، بــڕوای وابــوو، ئەزموونەکانی مرۆڤ ، کە زیاتر مەبەستی ئەزموونی کۆمەڵایەتییە ، بەرهــەمی عــەقڵ و لێکدانەوە و بەدواداچوونی مرۆڤە ، تەنانەت کاری سیاسی بەکردەیەکی عەقڵانی دەزانی و پێی وابوو پەیوەندی بەعەقڵەوە هەیە نەك ئایین.[٣١]

چــەندین ســەدە دوای ئــیبن خەلــدون ، جــارێکی دیکــە لــە لایــەن هەنــدێك ڕەوتــی ئیسلامییەوە ، ئەم دووانە بە یەکەوە گرێدرانەوە ، لەم حاڵەتەدا ســنووری کــار و چــالاکی عەقڵ بەرتەسك دەبێ. زۆرجار ئەوانەی کار و چالاکییەکانی عەقڵ سنووردار دەکەن پێیــان وایە ئەمە نیشانەی پابەندبوونیانــە بەیاســاکانی ئیســلامەوە، هەنــدێجاریش مەبەســت و مەرامی سیاسی و ئایدۆلۆژی لە پشت ئەم حاڵەتەوەیــە. هەنــدێجار بــە پاســاوی ئــایینی دژایەتی عەقڵ کراوە و هەندێجاریش بە پاساوی سیاسی و ئایدۆلۆژییەوە. کاتێك عــەقڵێك بە پێچەوانەی عەقڵ و بۆچوونی باوی کۆمەڵگــە یــان دەســەڵات دەرکــەوتووە و چــالاکانە

کاریکردووه ، چ کۆمەڵگە چ ئەو دەسەلاتەی ئەم بزووتنەوە عەقڵییەی بە مەترسی زانیوە دژایەتیکردووە ، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین ڕێگەی گرتۆتەبەر، هەندێجار ئایینی بۆمەبەست و مەرامەکانی خۆی بەکارهێناوە ، واتە دژایەتی چالاکییە عەقڵییەکانی کردووە ، بە پاساوی ئەوەی لەگەڵ ناوەڕۆکی ئایین یەکناگرنەوە. هەندێجار ئاستی هۆشیاری خەڵك دەبێتە هۆی ئەوەی ، کە پرۆژەیەکی عەقلانی سەرکەوێ یان شکست بێنێ. زۆرجار بیرو بۆچوونی دۆگما و چەقبەستوو ، لە نێو کۆمەڵگەدا درێژە بە ژیانی خۆی دەدا و بوار بۆ بیر و بۆچوونی دیکە ناهێڵێتەوە.عەقڵی ڕۆشنگەری ئەو عەقڵە بوو ، دەیەویست بەگژ ئەو عەقڵە دۆگما و داخراوەدا بچێ ، کە جگە لەو بیر و بۆچوونەی بۆخۆی قبوڵی بوو ، بیر و بۆچوونێکی دیکەی قبوڵنەدەکرد.دەیەویست بەردەوامی بەو بیرو بۆچوونە ببەخشێ ، کە بۆخۆی لەبارەی ژیان و بوون و ئایین بڕوای پێبوو. دەیەویست خەڵکیش هەمان ڕوانین و بڕوای هەبێ و ڕێگەی نەدەدا جگە لەو ڕاڤە و لێکدانەوانەی پێشتر بۆ دەقەکانی ئایین کرابوون ، ڕاڤەیەکی دیکە بکرێ. ئەگەر ئەمە لەلایەن زوربەی خەڵکییەوە قبوڵبووبێ ، ئەوا لەلای دەستەبژێری ڕۆشنبیران و بیرمەندان و فەیلەسوفان قبوڵ نەدەکرا. لەبەر ئەوە ئەم چینە ، لەسەر بیر و بۆچوونەکانیان زیاتر لەخەڵکی دیکە ڕووبەڕووی دژایەتیکردن بوونەوە. جیهانی ئیسلامیش لەم حاڵەتە بەدەر نەبووە ، زۆرجار چ لەلایەن دەسەلات و چ لە لایەن زوربەی خەڵکەوە،ئەو ڕاڤەو لێکدانەوانە ڕەتکراونەتەوە ، کە پێچەوانەی ئەو لێکدانەوە و ڕاڤانە بوون ، کە باو بوون و خەڵك پێشتر قبوڵیکردوون. ئەوانەی بە لێکدانەوە و ڕاڤەی جیاجیای دەقەکانی ئیسلام قایل نەبوون ، گەرچی مەبەستیان خزمەتکردنی ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش بووبێ ، ئەوا چەندە لەو بوارەدا خزمەتیان کردبێ ، ئەوەندەش زیانیان لە فیکری ئیسلامی داوە. عەقڵ ، کە بەخششێکی خودای پەروەردگارە ، ئەرکی تەنیا لێکدانەوە و ڕاڤەی سروشت و بوون نییە ، بەڵکو بوی هەیە ڕاڤەی دەقی پیرۆزیش بکا ، ئەمەش ڕاڤە و لێکدانەوەی جیاجیای لێدەکەوێتەوە. گەشە و جووڵەی مێژوو ، هەندێجار خێرا و هەندێجاریش هێواشە. زۆرجار چەندین سەدە تێپەڕیون بەبێ ئەوەی ئەم سەدانە جیاوازییەکی وایان لە نێواندا هەبووبێ و بووبنە مایەی

لێدوان و قسەلەسەرکردن. ئەگەر قسەیان لەبارەوە کرابێ ، ئەوەندەی باسی هاوشێوەییان کراوە ئەوەندە باسی جیاوازییان نەکراوە، چونکە یەکێکیان وێنەیەکی هاوشێوەی ئەوی دیکە بووە. هەندێجاریش سەدە و قۆناغێکی مێژوویی ، بە جوولە و بزاوت و چالاکییەکانی خۆی لە قۆناغەکانی پێشوو جیاکردۆتەوە. وەکچۆن مێژووی مرۆڤایەتی فیکری داخراو و دۆگمای بەرهەمهێناوە و زۆر جار ئەمە کارەساتی لێکەوتۆتەوە ، بەهەمان شێوە فیکر و عەقڵی کراوەشی بەرهەمهێناوە، کە بووەتە هۆی زیاتر لێکدیحالێبوون و بەیەکەوە ژیان. گەرچی کۆمەڵگە و شارستانێتییەکان لە سەردەم و قۆناغێکی مێژووییدا ، گەشە و چالاکییان وەستابێ و عەقڵی داخراو و چەقبەستوو هەژموونی هەبووبێ ، ئەوا لە قۆناغ و ڕۆژگاری دیکەشدا خاوەنی عەقڵی کراوە و داهێنەرانە بوون. ئەوەندەی بوونی عەقڵییەت و بۆچوونی لێکجیا بۆگەشە و زیندوێتی کۆمەڵگە گرنگە ، ئەوەندە بۆچوون و عەقڵێك کاتێك بیەوێ خۆی بسەپێنێ و گوێ لەوی دیکە نەگرێ گرنگ نییە ، گەرچی ئەو عەقڵە عەقڵی ڕۆشنگەریش بێ ، چونکە عەقڵی ڕۆشنگەریش پێویستی بە پشکنین هەیە و دووچاری لادان و زێدەڕۆیکردن دەبێ. کاتێك دەتوانرێ کردەی بەیەکەوە ژیان و یەکدی قبوڵکردن بێتەدی، کە ئەوانەی بڕوایان بە ڕێبازێکی فیکری هەیە ، بتوانن لە تەنیشت ئەو دڵنیاییەی هەیانە شوێنگەیەکیش بۆ گومان بهێڵنەوە ، گومان وادەکا لایەنە نادیارەکانی ئەو فیکرەش ببینرێن. ڕەهایی بەخشین بەفیکرێك ئەو فیکرە بەرە و داخران دەبا و بواری مشتومڕ و گفتوگۆ نادا. ئەمەش زیان لە گەشە و چالاکی فیکر و عەقڵ دەدا. بوونی چەندین ڕێباز و فیکری جیاجیا، لەنێو جیهانی ئیسلامیدا فیکرو عەقڵی ئیسلامی دەوڵەمەند کردووە. بۆ تێگەیشتن لە فیکرێك مرۆڤ پێویستی بە ڕوانگەی جیاجیا هەیە. ئەگەر هەندێك عەقڵی ڕۆشنگەری قبوڵبێ و جۆرە بیرکردنەوەیەکی دیکەی جیا لە بیرکردنەوەی پێشوو بە پێویستییەکی مێژوویی و مەعریفی بزانێ ، ئەوا هەندێکی دیکە جۆرە بیرکردنەوەیەکی دیکە و دەستکاریکردنی عەقڵ و فیکر بە هەڕەشە دەزانێ بۆ سەر کۆمەڵگە.چ دەسەڵات و چ کۆمەڵگە دەیانەوێ ڕەوایەتی بەو بیر و بۆچوونە ببەخشن ، کە باو و باڵادەستە.

(محەمەد ئەرگۆن) پێی وایە ئەو دەسەڵاتدارانەی دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر(د.خ) هاتن سەروەریێتی باڵای ئایینی و سەروەریێتی باڵای دنیاییان تێکەڵکرد.[٣٢]

ئەگەر لەم حاڵەتەدا دەسەڵات هەوڵیدابێ بۆپاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی کارێك ئەنجام بدا ، سەروەریێتی باڵای ئایینی وەك پاساوێك بەکارهێناوە بۆئەوەی ڕەوایەتی بەکارەکەی ببەخشێ. ئەگەر بیرمەند و فەیلەسوفێکیش بیر و ڕایەکی دەربڕیبێ پێچەوانەی ئەو بیرو ڕایەی خەڵك و دەسەڵات بڕوایان پێبووە، ئەوا بۆ دژایەتیکردنی ئەو بیرو ڕایە بەهەمان شێوە سەروەریێتی باڵای ئایینی وەك پاساوێك بۆ ئەو ڕەتکردنەوەیە بەکارهاتووە. کاتێك زانایانی ئایینی جگە لەکار و ئەرکی خۆیان، قسەیان لە بوارە جیاجیاکانی زانستدا کرد، بەم کارەیان چەندە زیانیان لەزانست و زانیاری دا، ئەوەندەش لە ئەرکی خۆیان دوور کەوتنەوە.لە هەمان کاتدا ئەرکێکیان خستە ئەستۆی ئایین ، کە لەو پێناوەدا ڕەوانە نەکراوە. ململانێی نێوان زانایانی ئایینی و ئەو زانایانەی دەیانەویست بەهۆی عەقڵ و بیرکردنەوەی خۆیان نهێنییەکانی نێو ژیان و سروشت بدۆزنەوە، بەرەنجامی دژایەتیکردنی کارو چالاکییەکانی عەقڵ بووە بە پاساوی ئەوەی ئەمانە لە گەڵ ئاییندا ناکۆکن. لە کاتێکدا، کە لێکدانەوە و ڕاڤەی دەقەکانی ئایین کردەیەکی عەقڵانین.عەقڵ ئەو بەخششەی خودایە ، کە بەهۆیەوە مرۆڤ ئەو لاوازی و بێتواناییەی خۆی لە بەردەم سەختییەکانی ژیاندا پێپڕدەکاتەوە. ئاژەڵ بەهۆی ڕەمەکەوە پێویستییەکانی جێبەجێدەکا، بەڵام مرۆڤ تەنیا بەبەکارهێنانی ڕەمەك ناتوانێ ڕووبەڕووی ژیان بێتەوە ، عەقڵ لەسەرووی ڕەمەکەوە بەهانایەوە دێ.کانت دەڵێ : ((پێویستە مرۆ شوێن ڕەمەك نەکەوێت یا بەهۆی مەعریفەی خۆڕسکەوە خۆی فێر نەکات وکارو بارەکانی ڕێکبخات.بەڵکو پێویستە لە هەموو شتێکدا خۆی دەربڕێت))[٣٣]

کاتێك مرۆڤ گەڕایەوە بۆخۆی و عەقڵی بەکارهێنا بۆ لێکدانەوەی دیاردەکان، عەقڵیش وەك ڕەمەك لە حاڵەتێکی جێگیردا نییە لە کەسێکەوە بۆ کەسێك و لە سەردەم و قۆناغێکەوە بۆ سەردەم و قۆناغێکی دیکە دەگۆڕێ، ئەمەش بیروڕا و بۆچوونی جیاجیای لێدەکەوێتەوە. بڕواهێنان بەوەی، کە دەبێ عەقڵ سەربەخۆبێ و مەعریفەی

خۆڕسك  سنوورێكی دیاریكراوی هەیە ، عەقڵ دەخاتە بەردەم ئـەرك و لێپرسـراویەتییێكی دیكە. ڕۆشنگەری تەنیا كودەتایەك نـەبوو بـۆ گـۆڕینی دەسـەڵات و فەرمانڕەوایـەك بـە دەسـەڵات و فەرمانڕەوایـەكی دیكـە، بـەڵكو وێـڕای ئەمـە گۆڕانكارییـەكی سیاسـی و كۆمەڵایـەتی و ئـابووری و فیكـری بوو.ئـەو وەرچـەرخان و گۆڕانكارییانـە لـە مێـژوودا شوێنگەیەكی دیار و ئاشكرا دەگرن، كە بەم شێوەیە ڕوانین و بۆچوون و دیدگەیەك دەگـۆڕن بە ڕوانین و بۆچوون ودیدگەیەكی دیكە. شۆڕشی فیكری ، ئەدەبی و هونەری، كاتێك دەبنە خاوەنی تایبەتمەندی خۆیان، كە بتوانن وێنەیەكی دیكە بەو دیدگە و بۆچوونانە ببەخشـن ، كە پێشتر هەبوون و دەستكارییان نەكراوە. بیرمەندان و فەیلەسوفان بـەو بۆچـوونە باوانـە قایل نین، كە خەڵك وەك ڕاستییەكی سەلمێنراو و حاشاهەڵنەگر لێیان دەڕوانێ، بە چاوێكی دیكە سەیری ژیان و دیاردەكان دەكەن و بۆ ئەو ئاسۆیانە دەڕوانن، كە خەڵك نایانبینن یـان نایانەوێ بیانبینن ، ئەمە بـەو مانایـە نییـە، كـە بیرمەنـدان و فەیلەسـوفان و ئەوانـەی چاكسازییان كردووە و ڕوخساری مێژوویان گۆڕیوە ، كەسانی پـیرۆز و دوور لەهەڵـە و لـە سەرووی تێبینی و ڕەخنەوە بن، بە پێچەوانەوە  یەكێك لـەو هۆكارانـەی، كـە وایكـردووە لەخەڵكی دیكە جیابن ئەوەیە زیاتر بەرگەی ئازار و ژانی ژیانیان گرتووە و خەمخۆرتر بـوون لە خەڵك، هەروەك هاشم سالح دەڵێ: (( كەسانێك بوون، توانیویانە نەخۆشی و ژانی گـەل لەخۆیاندا كۆبكەنەوە))[٣٤]

وەكچـۆن لـە خۆرئـاوا بیرمەنـدان و فەیلەسـوفان لـە غـەمی پرسـە سـەرەكی و هەمەكییەكاندا بوون و لـە پێنـاوی دەربڕینـی بـیر و بۆچـوونێكی جیـا لەوانـەی پێشـوو دووچـاری گرفـت و كێشـە بـوون، لـە جیهـانی ئیسلامیشـدا بیرمەنـدان و فەیلەسـوفان ڕووبەڕووی گرفت و كێشەی لەو چەشنە بوونەتەوە و دژایـەتییان كـراوە. لەگـەڵ ئەوەشـدا كەسانێك هەبوون گوێیان لێگرتوون، بەڵام ئەمە بەتەنیا بـەس نییـە بـۆ ئـەوەی پـڕۆژە و كودەتایەكی فیكری سەركەوتن بەدەست بێنێ. هەلومـەرج و بـارودۆخی لـەبار و گونجـا و هۆكارن بۆ سـەركەوتن و گەیشـتن بـەو ئامـانج و ئاكامـەی هـەوڵی بـۆدەدرێ. گەرچـی ڕۆشنگەری لەجیهانی ئیسلامیدا شكستی هێنا و لە خۆرئاوا سـەركەوت ، بـەڵام بـوونی

پرۆژەکە بایەخ و گرنگی مێژوویی خۆی هەیە.دوای ئەو شکستە هەوڵ و خەمی ڕۆشنگەری کۆتایی پێنەهات ، هەرچەندە ئەوانیش شکستیان هێنا.بوونی هەوڵی ڕۆشنگەری، جگە لە خۆرئاوا ئەوەمان پێدەڵێ ، کە هەوڵدان بۆ بەکارهێنانی عەقڵ یان کردەی عەقلانییەت تایبەت نییە بە شوێن و سەردەمێکی دیاریکراوەوە، ڕاستە شێوازی جیاجیای هەیە و بەرخساری جۆراو جۆرەوە دەردەکەوێ. ئەمە خولیا و ئارەزوویەکی سروشتی مرۆڤە، کە دەیەوێ لەوە زیاتر بزانێ ، کە دەیزانێ و بەدوای وەڵامی پرسیارەکاندا دەگەڕێ. ململانێی نێوان زانست و ئایین، لە مێژوودا چ لە خۆرئاوا و چ لەجیهانی ئیسلامیدا لەشێوازی جیاجیادا دەرکەوتووە. مەرج نییە ئەم ململانێیە ئەنجامی یەکدی قبوڵنەکردن بووبێ، هەندێجار یەکدی قبوڵنەکردن ڕوویداوە، ململانێیەکە زیاتر ئەنجامی لێکتێنەگەیشتن بووە، پیاوانی ئایینی بەمەبەستی بەرگریکردن لە ئایین دژایەتی زانست یان بیرمەندان و فەیلەسوفانیان کردووە. هەندێجاریش ئامانج و مەبەستی ئایدۆلۆژی و دەسەڵات لە پشت ئەو ململانێیەوە بووە. جۆرە ڕوانین و بۆچوونێك، کە بەرەنجامی عەقڵ و ڕاڤەی مرۆڤ بووە، دوای چەندین سەدە ڕەهەندێکی پیرۆزی پێبەخشراوە، لادان لەو بیر و بۆچوونە بەلادان لە ئایین ناوزەد کراوە. پاساوی ئایینی هۆکارێك بووە بۆ زیاتر دژایەتی کردنی زانایان و بیرمەندان و فەیلەسوفان. پێش ڕۆشنگەری بە عەقلێکی دۆگمایی و چەقبەستووەوە ، دەقەکانی ئایین ڕاڤە دەکران. ڕاڤەیەکی دیکە جگە لەو ڕاڤە و لێکدانەوانەی، کە پێشتر زانایانی ئایینی ئەنجامیاندابوو قبوڵنەبوو. عەقڵی ڕۆشنگەری دژایەتی ئایینی نەکرد، بەڵکو ئەو ڕاڤە و لێکدانەوانەی قبوڵنەبوو، کە بۆدەقەکانی ئایین کرابوون، ئەمە لەلای زانایانی ئایینی بە دژایەتیکردنی ئایین لێکدەدرایەوە. ڕاستە هەندێك بیرمەند و فەیلەسوف هەبوون، دژایەتی ئایینیان دەکرد، بەڵام بەگشتی ئامانجی ڕۆشنگەری دژایەتیکردنی ئایین نەبوو. دوای سەرکەوتنی ڕۆشنگەری هەروەك هاشم ساڵح باسدەکا، پەیوەندی نێوان عەقڵ و ئایین یان بڕواداری و زانست کردەیەکی نەشیاو نەبوو، بەڵام پەیوەندییەکە بەشێوەی جاران نەبوو.(٣٥)

ئەم حالّەتە لە جیهانی ئیسلامیشـدا ڕووی داوە، کاتێـك بیرمەنـدان و فەیلەسـوفانی جیهانی ئیسلامی ، جۆرە ڕاڤە و لێکدانەوەیەکی دیکەیان بۆ دەقـەکانی ئیسـلام کـردووە لەلایەن زوربەی خەڵکەوە، هەندێجار بەپشـتیوانی دەسـەڵات ڕەتکراوەنەتـەوە. کۆمەڵگـە بەئاسانی دەستبەرداری ئەو جـۆرە ڕاڤـە و لێکدانەوەیـە نـابێ، کـە پێیگۆشـکراوە و لـە پێشینان بـۆی ماوەتـەوە. سـەرکەوتنی ڕۆشـنگەری لـە خۆرئـاوا تـەنیا بـەهۆی هـەوڵی بیرمەندان و فەیلەسوفانەوە نەبوو، بەڵکو زانایانی ئایینیش جگـە لـە هەنـدێکیان لەگـەڵ ڕۆشنگەریدا ناکۆك نەبوون، زۆر لەو زانایانە بڕوایان بە چاکسازی ئایینی هـەبوو، ئەمـەش پشتیوانێك بوو بۆ بیرمەندان و فەیلەسوفان. لە کـۆنگرەی کەنێسـەدا، کـە بـە فاتیکـانی دووەم ناسراوە ، ساڵی(١٩٦٢-١٩٦٣) ئاشـتبوونەوەی مەسـیحیەت لەگـەڵ نوێگـەری و فەلسەفەی ڕۆشنگەری و بەهاکانی لیبڕالیبیەت و دیموکراسی ڕاگەیەنرا. [٣٦]

ئەمە ئەوەمان بۆ باس دەکا، کە قسەکردن لەسەر دەقـی ئـایینی لـە سـەردەمێکەوە بۆسەردەمێکی دیکە دەگۆڕێ. لە قۆنـاغێکی ڕۆشـنگەریدا زانایـانی ئـایینی دانیـان بـە بۆچوونەکانی ڕۆشنگەریدا نەدەنا، بەلاّم لە دواییدا گەیشتنە ئەو بڕوایەی ، کە دانـی پێـدا بنێن. وەکچۆن لە خۆرئاوا هەندێك لە زانایانی ئایینی لە گـەڵ قسـەکردنێکی دیکـە، لـە دەقەکانی ئایین نەبوون، جگە لەو قسانەی پێشوو، لـە هـەمان کاتـدا کەسـانێکی دیکـە هەبوون لە نێو زانایانی ئایینی مەسیحیدا بڕوایـان بـە کرانـەوە و ڕاڤـەی دیکـە هـەبوو. هەروەکچۆن لە جیهانی ئیسلامیدا هەندێك لە زانایانی ئیسـلام دژی ئـەوە بـوون ئـایین و فەلسەفە بەیەکەوە کۆبکرێنەوە، لەهەمان کاتدا زانـای کـراوە و خـاوەن ئـەو عەقڵییەتـە هەبوون، کە بڕوایان بەوە هەبوو ئایین و فەلسەفە و عەقلاّنییـەت بەیەکـەوە کۆبکرێنـەوە. کاتێك فەلسەفەی یۆنانی هاتـە نێـو جیهـانی ئیسـلامییەوە ، نـەك زیـانی لـە فیکـری ئیسلامی نەدا، بەڵکو زانا و بیرمەنـدانی ئیسـلامی بەکـەڵك وەرگـرتن لـەو فەلسـەفەیە فیکری ئیسلامییان گەشە پێدا. کاتێك ئایین و زانسـت هـەر یەکـەیان تێکـەڵ بەیەکـدی دەکرێن یان دەست دەخەنە نێو کـاری یەکدییـەوە، لـە پـەیامی خۆیـان دوور دەکەونـەوە. کاتێك دەگوترێ ئایین پەیامێکە نێرراوە بۆ ڕێنوێنیکردنی مرۆڤ لە چوارچێوە و سنوورێکی

دیاریکراودا، هەندێك پێیان وایە، ئەمە کەمکردنەوەی ئەرکی ئایینــە. کاتێــك دەگــوترێ مرۆڤ وێڕای ڕێنوێنییەکانی ئایین دەتوانێ لە عەقڵێش کەڵك وەربگرێ بۆلێکدانــەوەی ژیــان و بوون، هەندێك ئەمە بەدژایەتیکردنی ئایین لێکدەدەونەوە. ئەگــەر بگــوترێ لــە دەرەوەی ئایین بیر و بۆچوونی دیکە هەیە بۆ ژیانی مرۆڤ پێویستە، هەندێك پێیان وایە ئەمە لادانــە لە ئایین. لەبەرانبەریشدا هەندێك زانا، کە دەقەکانی ئایینیان ڕاڤەکردووە وەك بەڵگەیــەکی نکوڵیلێنەکراو ســەیر دەکــرێ ، هەرچــەندە بەرهــەمی فیکــر و عــەقڵی مرۆڤــە و دەشــێ ڕەتبکرێتەوە یان قبوڵبکرێ. عەقڵی ڕۆشنگەری لێکدانەوە و ڕاڤەی دەقەکانی ئــایینی وەك دوا ڕاڤە و لێکدانەوە سەیر نەکرد و پێی وابوو دەبێ بخرێنە ژێر پرسیار، کە پێشتر وەك دوا ڕاڤە و لێکدانەوە سەیر دەکرا. وەکچۆن لەجیهانی ئیسلامیدا لێکدانەوە و ڕاڤــەی زانایــەك دوای چەندین سەدە وەك بەڵگەیەك بۆ سەلماندنی ڕاستی سەیرکراوە و بەدەگمەن کەســانێك هەبوون ڕەتیانکردبێتەوە، ئەوانەی ڕەتیانکردوەتەوە بەلادەر لە ئیسلام ســەیرکراون، چــونکە ڕەتکردنەوەی قسەی زانایەك، کە دەقێکــی ئیســلامی ڕاڤــە کردبــێ، جــۆرە پیرۆزییــەکی پێبەخشــراوە. لــە پــاڵ پــیرۆزی ئــایین قســەی زاناکــەش بــە پــیرۆز ســەیرکراوە. کــردەی عەقڵگەرایی و بەرهەم و چالاکی عــەقڵ بەتەنیشــت لێکدانــەوە و ڕاڤــەی ئایینــەوە، وەك دژایەتی ئایین سەیرکراوە. ئەمە بەرەنجامی بەدحاڵیبوون و جــۆرە تێگەیشــتنێك بــووە لــە ئایین و عەقڵ، کە هیچیان وەك پێویست مامەڵەیان لەگــەڵ نــەکراوە. لەڕاســتیدا ئــایینی پیرۆزی ئیسلام ڕێزی لە عەقڵ گرتووە. کردەی چاکســازی ئــایینی و قۆنــاغی ڕۆشــنگەری کاردانەوەی ئەو عەقڵییەتە دۆگما و چەقبەستووە بوو، کە هەنــدێك لــە زانایــانی ئــایینی مەسیحی نەیاندەویست دەستبەرداری بن ، هەوڵەکان بە مەبەســتی دەربــازبوون بــوو لــەو قەیران و کێشەیەی کۆمەڵگە دووچاری بووبوو. دەشــێ یــەکێك لــە هۆکارەکــانی سســتی بزاڤی ڕۆشنگەری لە جیهانی ئیسلامیدا بۆئــەوە بگەڕێتــەوە، کــە کۆمەڵگــە پێــی وایــە فیکری ئیسلامی پێویستی بە پێداچوونەوە و ڕەخنە نییە ، ئەمە بروابەخۆبونێکی کوێرانە و ویستێکی بێبنەمایە، هەروەك هاشم ساڵح پێی وایە کۆمەڵگەی ئێمە وادەزانێ جیهــانی

مەسیحی کێشەیان هەبووە ، ئێمە کێشەمان نییــە تــاکو پێویســتیمان بــە ڕۆشــنگەری و چاکسازی بێ.[٣٧]

کاتێك کۆمەڵگە ڕەخنە و تێبینی لە سەر قســە و بۆچــوونی زانایــەك یــان ڕاڤــەکاری دەقێك نەبوو یان لەو بڕوایەدا بوو، کە لەنێو چەندین بیر و بۆچوون و ڕێبازی جیاجیای نێــو مێژووی ئیسلامیدا ، کە بەرهەمی فیکر و عــەقڵ و گەشــەی مێژوویــە بــیرو بۆچــوون و ڕێبازێك لە هەموویان ڕاستترە و ئەوانی دیکەی ڕەتکردەوە، ئەوا تەنیا ڕەخنە لــە ئــەوانی دیکە دەگرێ، ئەگەر قسەیەکی دیکەی هەبێ بەرانبەر بــە ئــەوانی دیکــە دەیکــا، ئەگــەر ڕەخنەیەکی هەبێ لە ئەوانی دیکەی دەگرێ نەك لەخۆی و ئەو ڕێبــازەی پێــی لــە ئــەوانی دیکە ڕاستترە، ئەمەش بەرەو داخران و چەقبەستوویی دەبا. ئەم حاڵەتە گەشــە و چــالاکی عــەقڵ سســت دەکــا و داهێنــان و دیدگــەی دیکــەی لێدەســتێنێتەوە. بیرمەنــدان و فەیلەسوفان، کاتێك قسەیان لەسەر بابەتێك کردبێ، ئەو بابەتە ئــایینی ، فەلســەفی یــان ئەدەبی بووبێ کردەی قسە و ڕاڤەکردنەکە ، واتای ئەوە دەگەیەنێ، کە قسەیەکی دیکــەیان پێیە لە ئەوانی پێشوو جیایە.ئەو زانایانــەی لــە جیهــانی ئیســلامیدا قورئــانی پیرۆزیــان لێکداوەتەوە و ڕاڤەکردووە، ئەم کردەیە نیشــانەی خۆجیاکردنەوەیــە لــە ئــەوانی دیکە.لــە دواییدا کەسانێك دەبن بە شوێنکەوتەی یەکێك لەو زانایانە و ئەوانی دیکە ڕەتدەکەنــەوە ، زاناکان ئەو کارەیان نەکردووە، کە شوێنکەوتووانیان دەیکەن. ڕاستە زوربەی ئەو کەسانەی کوێرانە لاسایی دەکەنەوە و خاوەنی عەقڵی داخــراون، ئاســتی هۆشــیارییان نزمــە، بــەڵام ئەمە بەو مانایە نییە، کە لە نێو ئەوانەدا ، کە ئاستی هۆشیارییان بەرزە، عەقڵی داخــراو نییە. لە مێژووی ئیسلامیدا وەکچۆن زانا و ڕاڤەکار هەبووە، تاکڕەهەندانە ســەیری دەقــی کردووە و ئامادە نەبووە بچێتە ئەودیوی دەق و لایەنە نادیــار و شــاراوەکانی دەق ببینــێ، بەهەمان شێوە، زانا و ڕاڤەکاریش هەبووە، لە دیدگەیەکی فرە ڕەهەندییەوە سەیری دەقــی کردووە و بەدوای مانای شاراوە و نادیاری نێو دەقدا گەڕاوە. ڕاڤە و لێکدانــەوەی جیاجیــا ئایینی ئیسلام و مەسیحی کرد بە دوو بەشەوە، لە نێو ئایینی ئیسلامیدا جگە لە چــەند ڕێبــازی دیکــە دوو ڕێبــازی ســەرەکی دەرکــەوتن، کــە شــیعە و ســوننە بــوون، ئــایینی

مەسیحیش دابەشبوو بۆ پرۆتستانت و کاسۆلیك، هەرچەندە ناکۆکی نێوان ئەم دوو ڕێبازە چ لە ئایینی ئیسلام و چ لەئایینی مەسیحیدا هەندێجار بووەتە هۆی کارەساتی جەرگبڕ و ماڵوێرانی، بەلاّم لە بەرانبەر کردەی عەقلاّنییەت و فەلسەفەدا نابێ وابزانین جگە لە دژایەتیکردن و ڕەتکردنەوە هەڵوێستی دیکە نەبووە، تەنانەت هەندێك لە بیرمەند و فەیلەسوف پێیان وایە پرۆتستانت لە پشت بزووتنەوەی ڕۆشنگەرییەوە بووە، دیارە وێڕای ئەمەش نابێ هەوڵی بیرمەندان و فەیلەسوفان لەبیر بکرێ. دژایەتیکردن و ڕەتکردنەوەی فەلسەفە و کردەی عەقلاّنییەت پەیوەندی بە ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگەوە هەیە نەك بە ئایینەوە، ئەوە بۆچوون و ڕوانینی تایبەت و داخراوە، دەبێتە خاوەنی ئەم هەڵوێستە نەك ئایین. هەرچەندە بەتەنیشت ئەم هەڵوێستەوە، هەڵوێستی کراوە هەبووە، دەشێ ئەم هەڵوێستە لە ڕێبازێکدا ڕەنگیدابێتەوە وەك پرۆتستانت لە ئایینی مەسیحیدا و عیرفان لە ئایینی ئیسلامیدا، یان لە فیکر و بۆچوونی ئەو تاکانەوە، کە خاوەنی عەقڵی کراوە بوون، کە چ لە ئایینی مەسیحی و چ لە ئایینی ئیسلامیدا ناسراون. عەقڵی ڕۆشنگەری تەنیا لە بواری زانستە سروشتییەکاندا بەرجەستە نەبوو، بەڵکو زانستە مرۆڤایەتییەکانیشی گەشە پێدا. غەمی عەقڵی ڕۆشنگەری تەنیا ئەوە نەبوو، بە دوای نهێنییەکانی سروشتدا بگەڕێ ، بەڵکو بەدوای نهێنییەکانی مرۆڤیشدا دەگەڕا، دەیەویست بەجۆرێکی دیکە پەیوەندی نێوان ئایین و مرۆڤ ، مرۆڤ و سروشت، تاك و کۆمەڵگە، مرۆڤ و زانست دابڕێژێتەوە.بۆ ئەوەی کاری بیروڕای زاناکان قبوڵبکرێ و کردەی زانست و زانیاری دەرگایەکی لە بەردەمدا بکرێتەوە ، دەبوو لە پاڵیدا کردەی چاکسازیی ئایینی ئەنجام بدرێ. عەقڵیەتێکی دیکەی جیا لە عەقڵیەتێك، کە چەندان سەدە خەڵك بڕوای پێیەتی بە ئاسانی ناگۆڕێ. کاتێك خەڵك بڕوای وابوو، کە قسە و بۆچوونی زانایان یان جۆرە تێگەیشتنێك لە ئایین، ڕاستییەکە و نابێ قسەی لەبارەوە بکرێ یان جۆرە تێگەیشتنێکی دیکە لە ئایین لادانە لە ئایین، ئەوا لەو کاتەدا قسەی زانایەکیش قبوڵناکرێ، کە بیروڕایەکی زانستی لەربارەی گەردوون پێشکەش دەکا، لێرەوە ئەرکی ئەوانە باشتر دەردەکەوێ، کە بڕوایان بە چاکسازی ئایینی هەیە و دەبنە پشتیوانی زانایان و بیرمەندان و فەیلەسوفان. ململانێی سیاسی و

کۆمەڵایەتی و هەلومەرج و بارودۆخی جیاجیا، دەبنە هۆی دەرکەوتنی جۆرە ڕێباز و فیکرێکی ئایینی و بە پەراوێزبوونی ڕێباز و فیکرێکی دیکە، دەرکەوتنی هەریەك لە شیعە و سوننە ئەوەندەی بەرەنجامی ململانێی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوو، ئەوەندە بەرەنجامی فیکر و ڕوانینێکی تایبەت بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام نەبوو. محەمەد ئەرگۆن پێی وایە ئەوەی بە ئیسلامی سوننی ناودەبرێ لە سەدەی پێنجەمی کۆچیدا دەرکەوت.(٣٨) کەواتە دەرکەوتنەکەی پەیوەنی بە هەلومەرجێکی مێژوویی دیاریکراوەوە هەبوو. تەنانەت محەمەد ئەرگۆن ، گرنگیدان بە سروتە ئایینییەکانیش بە هەلومەرج و بارودۆخێکی دیاریکراوەوە دەبەستێتەوە ، ئیسلامی حەنبەلی ناودەنێ ئیسلامی سروتی، کە زیاتر لە دروشم و سروتدا بەرجەستە بوو.(٣٩)

سروت و دروشمی ئایینی بەشێکی جیانەکراوەی هەر ئایینێکە، کە خودای پەروەردگاربە پێغەمبەراندا بۆ بەندەکانی ڕەوانەکردووە، چەندین دەقی قورئانی پیرۆز باسی دروشم و سروت دەکەن، کە جێبەجێکردنیان ئەرکێکی ئیسلامییە، بەڵام دەشێ بە هۆی هەلومەرج و بارودۆخێکەوە دروشمێك زیاتر دەربکەوێ و برەو پەیدا بکا لە دروشم و سروتێکی دیکە. ناشێ محەمەد ئەرگۆن، کاتێك باسی چەمکی مێژوویێتی فیکری ئیسلامی دەکا، مەبەستی ئەوەبێ قورئان بەرهەمی مێژوویە. پەیامە ئاسمانییەکان لە دەرەوەی مێژووەوە هاتوون، بەڵام کاتێك دێنە نێو مێژوو وەکچۆن کار لە مێژوو دەکەن، بەهەمان شێوە کاریگەری مێژوویان لە سەر دەبێ. دەرکەوتنی چەندین ڕێباز و ئایینزا لە نێو ئاییندا نیشانەی ئەوەیە ، کە ئایینیش وێڕای ئەوەی، کە پەیامێکی ئاسمانییە و خودا بە پێغەمبەراندا ناردوویەتی، بەڵام لەگەڵ ڕەوتی گۆڕانکارییەکانی مێژوودا، فیکر و بۆچوونی جیاجیای لێدەکەوێتەوە. ئەوانەی پێیان وایە تاکە بۆچوون و ڕێباز و ئایینزایەك لە هەموویان ڕاستترە و ئەوانی دیکە بە هەڵە دەزانن بیانەوێ و نەیانەوێ ئەوا بیرو ڕا و ڕاڤەیەکی زانایەکی ئایینی بە پیرۆز دەزانن. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لە مێژووی ئایینی ئیسلام و ئایینەکانی دیکەشدا ڕێگر بووە لە گەشەی عەقڵ و گەشەی فیکری ئایینی. یەکێك لە گرفتەکانی ڕۆشنگەری دیاریکردنی سنوورەکانی عەقڵ و ئایین، یان پەیوەندی

نێوان زانست و ئایین بـوو، کـە ئەمـە بەهـەمان شـێوە یـەکێك لـە گرفتـەکانی عـەقڵی ڕۆشنگەری جیهانی ئیسلامی بوو. لە ململانێی نێوان زانست و ئاییندا هەنـدێجار عـەقڵ پـەکی کـەوتووە و کەوتووەتـە پـەراوێزەوە، هەنـدێجاریش بەتایبـەتی دوای سـەرکەوتنی بزووتنەوەی ڕۆشنگەری خۆرئاوا، بە پێچەوانەوە ئایین کەوتووەتە پەراوێزەوە. هەنـدێجاریش ئەم پەیوەندییە بە هاوسەنگی ڕاگیراوە. ململانێ تەنیا لەنێوان ئایین و عەقڵ ، یان ئـایین و فەلسەفەدا بەجەستە نابێ ، بەڵکو لە نێوان ئایین و ئایینێکی دیکە و عـەقڵ و عـەقڵێکی دیکەشدا دەردەکەوێ.هەر لەو کاتەوە، کە خودای پەروەردگار بە پەیامبەرەکانیدا پـەیامی ناردووە، ڕاڤەکاران و لێکۆڵەرەوانی ئەم پەیامانە ڕاڤە و لێکدانەوەی جۆرا و جۆریان بۆ ئەم دەقانە کردووە.لە نێـوان بیرمەنـدان و فەیلەسـوفاندا، تەنانـەت لـەنێوان ئەوانەشـدا، کـە سەربەیەك ڕێبازی فیکری بوون ململانێ و ناکۆکی لەسەر لێکدانەوە و ڕاڤەی ژیان و بـوون و ئایین سەریهەڵداوە. لە کۆمەڵگەی یۆنانیدا، کە پەیڕەوی لـە ئـایینی ئاسمـانی نـەکراوە، ململانێیەکە لە شێوازێکی دیکـەدا دەرکـەوتووە. محەمـەد ئـەرگۆن دەڵـێ: ((نـابێ ئـەو کێبەرکێ دوورودرێژە لەبیربکەین کە لەنێوان ئەفلاتوونیزم (کە باوەڕی بە ئەفسانە و خەیاڵ هەبوو)وئەرسـتۆتالیزم (کـە بـەبیانووی ئەقلانییـەت ئەفسـانە و خـەیاڵی ڕەتدەکردەوە)ڕوویدا.))[٤٠]

یەقینی دۆگمایی تایبەت نییە بەبیر و بۆچوون و لێکدانەوەیەکی ئایینی یان ڕێبـازێکی ئایینییەوە، کە لێکدانەوەیەکی دیکە بۆ دەقی ئایینی قبوڵناکا، بەڵکو یـەقینی دۆگمـایی زانسـتی و بوارەکـانی دیکـەش هەیـە. زۆرجـار بۆچـوونی زانسـتی بووەتـە یـەقینێکی چەقبەستوو، دوای ئەوەی بۆچوونێکی دیکە هـاتووە و ئـەوەی پێشـووی ڕەتکردووەتـەوە، ئەوانـەی خـاوەنی یـەقینی چەقبەسـتوو بـوون، ئامـادە نـەبوون بۆچـوونە نوێیەکـە قبوڵبکەن.نابێ وابزانین، تەنیا جۆرە تێگەیشتن و عەقڵەتێکی ئـایینی لـەنێو کۆمەڵگـەدا وەك یـەقینێکی چەقبەسـتوو سـەیری دەکـرێ. یـەقینی چەقبەسـتوو لەهـەر سـەردەم و قۆناغێکدا بە جۆرێك گوزارشت لە خۆی دەکا، ڕۆشنگەریش لەم یەقینە چەقبەسـتووە بـە دوور نەبوو، یەکێك لەو هۆکارانەی ڕۆشنگەری خستە بەردەم پرسیارو تێنینی بیرمەنـدان و

فەیلەسوفانی قوتابخانەی فرانکفۆرت و چەندان فەیلەسوفی دیکـە ئـەم خاسـیەتی یـەقینی دۆگمایی و چەقبەستووییە بوو.مەرج نییە تەنیا ئایینزایـەك یـان بۆچـوون و لێکدانـەوەی زانایەکی ئایینی لەبارەی دەقی ئایینی ڕەهەندی پیرۆزی وەربگرێ، دەشێ قسـەی زانایـەك یان بیرمەنـد و فەیلەسـوف و شـاعیرێك بـەپیرۆز تەماشـابکرێ و خەیاڵگـەی کۆمەڵگـە بیگەیەنێتە ئاستێك، کە نەخرێتە ژێر پرسیارەوە، لە خۆرئاوا جگە لەو بۆچوون و ڕاڤانـەی لەبارەی ئینجیل کرابوون و بووبوونە یەقینی دۆگمایی، فەلسـەفەی ئەرەسـتۆش تاچـەندین سەدە زاڵبوو، وەك هەندێك بیریار و فەیلەسوف باسیدەکەن ، جگـە لـە ئەرەسـتۆ بـیروڕای چەندین فەیلەسوف وەك یەقین و ڕاستییەکی چەسـپاو سـەیردەکران، تالـە دواییـدا چـەند فەیلەسوفێکی دیکە سەرلەنوێ ئەو بیروبۆچوونانەیان ڕاڤەکردەوە. فیکری مارکس یـەکێك بوو لەو فیکرانەی، کە لایەنگرانی وەك یەقین و ڕاستییەك مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرد، تاکو لـە دواییـدا چـەندان فەیلەسـوف لـە دیدگەیـەکی دیکـەوە خوێندیانـەوە. مـەرج نییـە خوێندنەوەکە هەمووی ڕەخنـە بـووبێ لـە فیکـری مـارکس، هەنـدێجار لایـەنگیکردن و هەندێجاری دیکە ڕاڤەیەکی دیکە بووە بۆ ئەو فیکر و تێزە.بۆ بواری ئـەدەبیش بەهـەمان شێوە، کاتێك ڕەخنەگر یان خوێنەرێك پێی وابوو لە دەقێکدا دوا مانای دۆزیوەتەوە، ئـەوا خاوەنی یەقینی چەقبەستووە بەرانبەر بەو دەقە و بەدوای مانای دیکەدا ناگەڕێ، ئەمـەش زیندوێتی و مانەوە لە دەق دەستێنێتەوە.

# ڕۆشنگەری و ڕاڤەی جیاواز

ڕۆشنگەری وەك چەندین بزاڤی فیکری و ئەدەبی و ئایینی، لەدیدگە و ڕوانگەی جیاجیاوە سەیرکراوە. بیرمەندان و فەیلەسوفان هەر یەکەیان بە جۆرێك باسیان کردووە، تەنانەت لە سەر سەرەتا و مێژووی سەرهەڵدانی کۆك نین. ئەگەر فەیلەسوفانی وەك هیگڵ و کانت غەمی ڕۆشنگەرییان لەغەمی عەقڵ جیانەکردبێتەوە و ڕۆشنگەرییان لە بەعەقلانیبووندا بەرجەستەکردبێ، ئەواچەندین بیرمەند و فەیلەسوفی دیکە، هەر لە بزاڤی ڕۆمانتیکییەوە، کە دژایەتی عەقڵیان کرد تا قوتابخانەی فرانکفۆرت، عەقڵ جارێکی دیکە خرایە ژێر پرسیارو لە یەقین لەعەقلگەراییەوە گۆڕان بەرە و گومانکردن لە عەقڵ و دەرهاویشتەکانی بووە بابەتی ڕاڤە و توێژینەوە. ڕۆشنگەری بڕوای بە ڕوانین و ڕاڤەیەکی دیکەی جیا لەو ڕاڤە و ڕوانینانە هەبوو، کە پێشتر هەبوون. ئەم حاڵەتە عەقڵ بەرەو ئەوە دەبا، کە هەنگاوێك لە خۆی دووربکەوێتەوە و لە دەرەوەی خۆی جارێکی دیکە لە خۆی بڕوانێ. ئەگەر نێوانێك لە نێوان عەقڵ و عەقڵ خۆیدا نەبێ، ئەوا هۆشیارییەکی جیاواز لەوەی هەیە، هەروەك عەلی حەرب باسیدەکا بەدینایە و ڕۆشنبیری نوێنابێتەوە(٤١)

گەشە و چالاکی عەقڵ زیاتر لە کردەی تێپەڕاندن و بەرهەمهێنانی جیاوازیدا گوزارشت لە خۆی دەکا. قسەکردن لە سەربزاڤێکی وەك ڕۆشنگەری و ئەو لێکدانەوە و ڕاڤانەی بیرمەندان و فەیلەسوفان پێشکەشیان کردووە دەریدەخا، کەقۆناغێکی گرنگە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. ڕۆشنگەری تەنیا بابەتی باس و لێکۆڵینەوەی بیرمەندان و فەیلەسوفانی خۆرئاوا نەبوو، بەڵکو لە دەرەوەی خۆرئاواش ڕۆشنگەری ئەو بابەتە بووە، کە لێکۆڵەران و بیرمەندانی بە خۆیەوە سەرقاڵکردووە. هەندێجار ڕۆشنگەری وەك مەترسی و کارەسات سەیرکراوە و هەندێجاری دیکە بە مایەی ڕزگاری و سەرفرازی زانراوە و بۆ چارەسەری گرفت و کێشەکان هانای بۆبراوە. واتە وەکچۆن لایەنگرو دۆستی هەیە بە هەمان شێوە دوژمنیشی هەیە. بوونی بیروڕا و ڕاڤەی جۆراو جۆر و دژبەیەك و پێکناکۆك لەبارەی ڕۆشنگەری گرنگی ئەو قۆناغە مێژووییە دەردەخا. ڕۆشنگەری تەنیا لە زێدی خۆی کاریگەری نەبوو، بەڵکو کاریگەری لە سەر کۆمەڵگەکانی دەرەوەی خۆی هەبوو، چ ئەوانەی قبوڵیانکردبێ و چ

ئەوانەی ڕەتیانکردبێتەوە، لە کاریگەری ڕۆشنگەری بەدوور نەبوون. ڕۆشنگەری کودەتایەکی سەربازی یان گۆڕانی دەسەلاتێك بە دەسەلاتێکی دیکە لە شوێن و کاتێکی دیاریکراودا نەبوو تاکو بتوانرێ مێژووەکەی بە وردی دەستنیشانبکرێ ، بەڵکو شۆڕش و بزاڤێکی فیکری ، فەلسەفی ئایینی بوو، کە قۆناغ بە قۆناغ گەشەیکرد، تالە سەدەی هەژدەدا، ڕوخساری باشتر دەرکەوت.نەك تەنیا ڕۆشنگەری ئایین و بزاڤە فیکری و فەلسەفی و ئەدەبییەکان ، کە لە شوێن و کاتێکی دیاریکراودا بلاۆدەبنەوە کاریگەرییان تەنیا لەو شوێنە نابێ، بەڵکو کاریگەرییان لەسەر نەتەوە و کۆمەڵگەکانی دیکەش دەبێ. تەنانەت ڕۆشنگەریش گەرچی کاریگەری لەسەر نەتەوە و کومەڵگەکانی دیکە هەبوو، لە هەمان کاتدا کاریگەری شارستانێتی و کۆمەڵگەکانی دیکەی لە سەربوو. شارستانێتی یۆنانی کاریگەری لەسەر خۆرئاوا و جیهانی ئیسلامی هەبوو، گەرچی چۆنێتی مامەڵەکردنی خۆرئاوا و جیهانی ئیسلامی لەگەڵ شارستانێتی و فەلسەفەی یۆنانی لە یەکدی جیا بوون.لەگەڵ ئەو کاریگەریەش، کە شارستانێتی یۆنانی لەسەر خۆرئاوا و جیهانی ئیسلامی هەیبوو، چەندین سەدە، چ خۆرئاوا و چ جیهانی ئیسلامی دووچاری داخران و عەقڵییەتی دۆگما بوون. هەندێك لە بیرمەندان و ڕۆشنبیرانی جیهانی ئیسلامی بەبەهانەی سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی خود و ڕزگاربوون لە لاساییکردنەوەی فیکری خۆرئاوا، ئاوڕیان لە ڕابردوو دایەوە، پێیان وابوو گەڕانەوە بۆ ڕەسەنایەتی و ڕابردوو، سەرەتایەکە بۆ گەیشتن بەڕۆشنگەری بەبێ ئەوەی لاسایی خۆرئاوا بکرێتەوە.بە پێچەوانەوە هەندێك لە بیرمەندان و ڕۆشنبیرانیش پێیان وابوو پێویستە لاسایی خۆرئاوابکرێتەوە و دەست لە ڕبردوو بەربدرێ. بەهۆی مامەڵەکردن لە گەڵ ئەوی دیکە زانست و زانیاری دەستدەکەوێ و کردەی لێکدیحاڵێبوون دێتەدی. بۆ ئەوەی لە ئەوی دیکە بگەین و بیناسین پێویستە پێیبگەین و لێینزیکبینەوە، بەپێچەوانەوە دووری و ئاوڕنەدانەوە لە ئەوی دیکە کردەی ناسین و تێگەیشتن پەکدەخا، هەروەك عەلی حەرب پێی وایە ناسینی خود لە ناسینی ئەوی دیکەوە دەستپێدەکا.(٤٢)

ئەگەر لەسەردەمێکدا بەبێ دڵەڕاوکێ و گومانەوە جیهانی ئیسلامی کەڵکی لە شارستانێتی یۆنان وەرگرتبێ و بەرهەمی فەیلەسوفانی یۆنانیان وەرگێڕابێ، ئەوا لە

سەردەمەكانی دواتردا دوای ئەوەی ڕۆشنگەری خۆرئاوا سەركەوت، جیهانی ئیسلامی بە گومانەوە سەیری ئەو شارستانێتییەی دەكرد چ ئەوانەی پێیان وابوو دەبێ لاسایی بكرێتەوە و چ ئەوانەی بەهەر پاساوێك بێ ڕەتیاندەكردەوە.زۆر تێز و بۆچوون، لەسەردەم و كاتی بلاۆبوونەویاندا ڕەواجیان نییە و لەلایەن خەلكەوە بە گشتی ، جگە لە چینی دەستەبژێر ڕەتدەكرێنەوە.جەماوەری خەلك زیاتر دەیەوێ پارێزگاری لەو بیرو بۆچوونە بكا، كە لە پێشینانەوە بۆی ماوەتەوە. لەمێژووی ئیسلامیدا زیاتر ئەو بیرو بۆچوون و ئایینزایە ڕەواجی هەبووە و خەلك بڕوای پێبووە ، كە هەست و سۆزی خەلكی جوولاندووە و جۆش و خرۆشی خستووەتە نێو خەلك. كەمتر بۆچوون و ئایینزا و تێزێك ، كە پێویستی بە ڕامان و لێكدانەوە و قوولبوونەوە هەبووە، قبولكراوە.((لای موعتەزیلەكان تەنانەت چەمكی بەهەشت و ئاگریش ئەبستراكت و ڕەمزی بوون، لەبەر ئەوە موسلمانان شوێنیان نەكەوتن. مرۆڤ بەهەشتێكی ڕاستەقینەی دەوێت كە پڕبێت لە رووباری ماست و هەنگوین و مەیی و حۆری، بۆ ئەوەی بڕوا بێنێت وخوێنگەرمانە شوێن ئەو بانگەوازە نوێیە بكەوێت، هەروەها لەپێناو بلاۆكردنەوەیدا جیهاد بكات و ئامادەی قوربانیدان بێت.لەبەر ئەوە دواجار تەفسیری ڕاستەوخۆ و بەرجەستەی قورئان، بەسەر تەفسیری میتافۆری و رەمزی و ئەقلانیدا سەركەوت.))[٤٣]

زۆرجار ئەوانەی خاوەنی ڕوانین و بۆچوونێكی دیكەی جیا لەو ڕوانین و بۆچوونە بوون، كە پێشتر وەك ڕێباز و ئایینزایەكی باو و ناسراو كارپێكراوە، دەربەدەر بوون و زێدی خۆیان بەجێهێشتووە. بەوە تۆمەتباركراون، كە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام لایانداوە. هۆی ئەمەش ناهۆشیاری خەلك بووە یان ململانێی نێوان دەسەلاتخوازان وایكردووە بۆچوون و ڕێبازێك قبولبكرێ و یەكێكی دیكە ڕەتبكرێتەوە. لە كولتوور و مێژووی ئێمەدا، ئەوەندەی یەكدی ڕەتكردنەوە لە نێوان فیكر و ڕێبازە ئایینی و ئەدەبی و فەلسەفییەكاندا هەبووە ، ئەوەندی یەكدی قبولكردن نەبووە.دیارە بۆچوون و فیكری جیاجیا كۆمەلگە بەرەو كرانەوەیی دەبا و لە داخران و چەقبەستنی دەپارێزێ. ململانێی نێوان ڕێباز و بیروڕا جیاجیاكان بوار بۆ داهێنان زیاتر دەكاتەوە ، بەپێچەوانەوە عەقلی داخراو و یەقینی چەقبەستوو ڕێگە لە

داهێنان دەگرێ و ئەوەی پێشتر گوتراوە و بیستراوە بۆچەندەمین جاردەگوترێ و دەبیسترێتەوە.داهێنانیش لە کردەی تێپەڕاندندا مانای شیاوی خۆی وەردەگرێ. زۆر جار دەسەلاّت ڕێگر دەبێ لە گەشەی فیکر و عەقڵ، ئەمەش کۆمەڵگە بەرە و داخران و چەقبەستوویی دەبا. بە پێچەوانەوە هەندێجار دەسەلاّت دەرگاکانی عەقڵ دەکاتەوە و دەبێتە هاندەرێك بۆ گەشەی عەقڵ و فیکری ڕەخنەیی ، ئەگەر دەسەلاّت پشتیوانی پرۆژەی عەقلاّنی و بزووتنەوەی فیکری بێ ، ئەوا ئەو پرۆژە و بزووتنەوەیە زیاتر گەشە دەکا.گەرچی لە مێژووی ئیسلامیدا ڕێباز و فیکر و ئایینزای عەقلاّنی دەرکەوتوون، بەلاّم بەهۆی ئەوەی دەسەلاّت پشتیوانی لێنەکردوون سەرکەوتنیان وەدەستنەهێناوە.دەشێ پێشنیاری ئەفلاتوون بۆ هەمان مەبەست بووبێ ، کە پێی وایە دەبێ فەرمانڕەواکان فەیلەسوف بن.کاتێك ڕێباز و بۆچوونێکی ئایینی یان ئەدەبی و هونەری گەشە دەکا و بەتەنیشتییەوە ڕێبازێکی دیکە شکست دێنی مەرج نییە شکست هێنانی یەکێکیان و سەرکەوتنی ئەوی دیکە بەهۆی ئەوەوە بێ یەکێکیان خوێندنەوە و ڕاڤەیەکی شیاوتری لە ئەوی دیکە هەبێ ، بەڵکو زۆرجار هەلومەرجی لەبار و گونجا و دەبێتە یارمەتیدەری یەکێکیان. وەکچۆن لە بواری ئەدەبدا،ئەدەبی میللی لە ئەدەبی چینی دەستەبژێر جیایە و هەریەکەیان خاوەنی تایبەتمەندی خۆیانن، کە لە یەکدییان جیادەکاتەوە، لە بواری فیکر و ڕاڤەی دەقەکانی ئایینیشدا چینێك هەیە بە دوای مانای سادە و ساکاردا دەگەڕەێ و چینێکی دیکەش هەیە بە هەموو جۆرە لێکانەوەیەك قایل نییە و بەدوای مانا و زانیاری زیاتردا دەگەڕێ. ئەگەر کەسانێك هەبن بە مانای دەرەوە و بینراوی شیعرێك قایل بن و نەیانەوێ بچنە ئەو دیوی شیعرەکە، ئەوا کەسانێکی دیکەش هەن بەماناکانی دیوی دەرەوە قایل نین و بە دوای مانای شاراوەدا دەگەڕێن. ئەم حاڵەتە تایبەت نییە بە بواری شیعر و ئەدەب، بەڵکو بوارەکانی دیکەش دەگرێتەوە.وەکچۆن دەستبەرنەدان لە ڕابردوو، یان پابەندبوون و پارێزگاریکردن لە بیر و بۆچوون و دەسلێنەدراوێکی باوی کۆمەڵگە ڕێگرە لەبەردەم بزاڤی ڕۆشنگەری و بلاّوبوونەوەی دیدگە و بۆچوونێکی دیکەی جیا لە دیدگە و بۆچوونە باوەکان، بە هەمانشێوە زێدەڕەویکردن لە متمانە بەخشین بە عەقڵ و ڕۆشنگەری، ئاکامی پێچەوانەی لێدەکەوێتەوە. پێویستە دوو

بەرگریکردن لە یەکدی جیابکەینەوە، بەرگریکردنێکی کوێرانە چ لە ڕابردوو یان ڕۆشنگەری و عەقڵگەرایی بەرگریکردنێکی دیکە، کە کوێرانە و بێڕامان و بێلێکدانەوە نییە.کولتوور و شارستانێتییەکان کاریگەرییان لەسەر یەکدی هەیە، زۆرجار نووسەران و بیرمەندانی جیهانی ئیسلامی باسی ئەوە دەکەن، کە شارستانێتی خۆرئاوا و پرۆژەی ڕۆشنگەری کاریگەری شارستانێتی ئیسلامییان لەسەر بوو، بەلاّم کە باسی کاریگەری شارستانێتی خۆرئاوا لەسەر جیهانی ئیسلامی دەکرێ ، زۆر لەو بیرمەند و ڕۆشنبیرانە نایانەوێ ڕاشکاوانە باسی ئەم کاریگەرێتییە بکەن. ئامادەنین ئەو ڕاستییە بسەلمێنن، کە لە سەردەم و قۆناغێکی دیکەی مێژوودا جیهانی ئیسلامی کاریگەری خۆرئاوای لەسەر بووە. ئەگەر بڕوامان بەوە هێنا، کە لە سەردەمێکدا جیهانی ئیسلامی پێشکەوتوو ، کاریگەری لە سەر خۆرئاوای دواکەوتوو هەبووە، دەبێ دان بەوەشدا بنێین ، کە لە قۆناغێکی دواتردا خۆرئاوای پێشکەوتوو کاریگەری لەسەر جیهانی ئیسلامی دواکەوتوو هەبووە.هەرچەندە دووالیزمی پێشکەوتوو/دواکەوتوو ڕەهانییە. ئەگەر گەل و نەتەوەیەك شانازی بە پێشکەوتن و تواناکانی خۆیەوە بکا، دەبێ دان بە بێتوانایی و لاوازییەکانیشیدا بنێ.دەشێ داننان بەبێتوانایی و لاوازیدا زیاتر لە قازانجی ئەو گەل و نەتەوەیەدابێ وەك لە شانازیکردن و پێدا هەڵگوتن. وەکچۆن توانا و لێهاتوویی خۆمان دەبینین، دەبێ بێتوانایی و دەستەوستانی خوشمان ببینین. گەل و نەتەوە و شارستانێتییەکان چەندە خاوەنی ڕوخساری گەش و درەوشاوەن ، ئەوەندەش خاوەنی ڕوخساری کز و تاریکن. چەمکی بەیەکەوە ژیان و هەڵکردن لە قۆناغی ڕۆشنگەریدا چەمکێکی دیار و باو بوو، کە فەیلەسوفان و بیرمەندان جەختیان لێدەکردەوە، کە پێشتر دەمارگیری ئایینی هەژموونی هەبوو، هەریەك لە کاسۆلیك و پرۆتستانت خۆی بەڕاست و بەرانبەری بە هەڵە دەزانی. ڕێگەیەکی نزیك بۆ گەیشتن بە لێکدیحاڵیبوون و بەیەکەوە ژیان و تۆخکردنەوەی چەمکی پلۆڕالیزم و فرەدەنگی و ڕەنگی بە شێوەیەك، کە ئازادی ئایینی و ڕادەربڕین ڕێگەی لێنەگیرێ و لێکبوردن جێگەی دەمارگیری ئایینی و یەکدی ڕەتکردنەوە بگرێتەوە گرنگیدان بەم چەمکی بەیەکەوە هەڵکردنەبوو. ئەم دوو ئایینزایە، پرۆتستانت و کاسۆلیك پێش ڕۆشنگەری ململانێی یەکدییان دەکرد، هەندێجار ئەم ململانێیە دەگەیشتە

حاڵەتێك، كە كارەساتی لێدەكەوتەوە.پۆل ڕیكۆر دەڵێ : ((لەگەڵ هاتنی ڕۆشنگەریدا، چەمكی پلورالیزم هاتە ئارا و خۆی سەپاند، ئەمەش یەكەمجار بوو شتی وا لەمێژووی فیكردا ڕوویدات.بەڕووە سیاسیەكەیدا پلورالیزم لە ڕێی دەوڵەتی عەلمانی مۆدێرنەوە لە واقیعدا كاری پێكرا و ئەمەش وایكرد تەواوی ئایین و ئاینزاكان سروت و ڕێو ڕەسمی خۆیان بە جێ بهێنن ، بەڵام بەو مەرجەی كەس بیرو باوەڕی تایبەتی خۆی بە زەبری هێز و زۆر بەسەر كەسانی تردا نەسەپێنێ.))[٤٤]

ناشێ ئەم جۆرە بۆچوونانە بە ڕەهایی وەربگرین و پێمان وابێ پێش ڕۆشنگەری تروسكاییەك بۆلێكبوردن و هەڵكردن نەبووە، بەڵام دەشێ بڕوا بەوە بێنین، كە ڕۆشنگەری قۆناغێك بوو لە قۆناغی پێش خۆی جیابوو، كۆتایی بە بۆچوون و یەقینی چەقبەستوو هێنا و هۆشیاری و ئاگایی مرۆڤ گۆڕا، لەگەڵ ئەوەشدا نابێ دیوێكی دیكەی نەبینراوی ڕۆشنگەری لەبیربكەین، كە هەندێك لە فەیلەسوفان بەتایبەتی فەیلەسوفانی قوتابخانەی فرانكفۆرت باسیانكردووە. وەكچۆن لەنێو عەقڵدا ناعەقلانییەكی شاراوە هەیە، بەهەمان شێوە لەنێو ناعەقلانییەتیشدا عەقلانییەتی شاراوە هەیە.بۆزیاتر شارەزابوون لە تێز و بۆچوونێك، پێویستە لە دیدگە و دەلاقەی جیاجیاوە تەماشابكرێ و ڕاڤە و لێكدانەوەی جۆرا و جۆری بۆ بكرێ.كاتێك بۆچوون و ڕوانینێك بێدەستكاریكردن و قسەلەسەركردن مایەوە ، پیرۆزی پێدەبەخشرێ و بوار بۆ بۆچوون و ڕوانینی دیكە كەمدەبێتەوە.لەم حاڵەتەدا ئەم تێز و بۆچوونە وەكچۆن گەشە و چالاكی فیكر و بۆچوونەكانی دیكە سست دەكا، گەشە و چالاكی خۆشی پەكی دەكەوێ. عەبدولكەریم سروش، پێی وایە تێگەیشتنی جیاجیا بۆهەریەك لە ڕاستی و درۆ هەیە، بەڵام خودی ڕاستی و درۆ پلەیان نییە، واتە هەواڵێك یان ڕاستە یان درۆ ئەوەی لەنێوانیاندا هەیە تێگەیشتن و ڕاڤەی جیایە بۆ هەریەك لە ڕاستی و درۆ.[٤٥]

تێگەیشتن و ڕاڤە لەسەردەمێكەوە بۆ سەردەمێك و لە كەسێكەوە بۆ كەسێكی دیكە دەگۆڕێ. ئەگەر فیكر و بۆچوونێك ڕاڤە و لێكدانەوەی جیاجیای بۆنەكرا مێژوو لە بیری دەچێتەوە، مێژوو ئەو ڕوانین و فیكرەی لەبیرناچێتەوە، كە ڕاڤە و لێكدانەوەی جیاجیای بۆكرابێ. بە گۆڕانی بۆچوون و تێگەیشتنی مرۆڤ لەبارەی چەمك و گوتەزاكان، ئەو چەمك و

گوتەزایانە مانای جیاجیایان لێدەکەوێتەوە، بە پێچەوانەوە ئەگەر لە تێگەیشتن و بۆچوونی جیاجیادا بەرجەستە نەبن ، ئەوا مانایەکی جێگیر و نەگۆڕیان پێدەبەخشرێ و ناتوانن لە زیندوێتی و مانەوەی خۆیاندا بەردەوام بن. (عەبدولکەریم سرووش) لە کتێبەکەی خۆی (قبض و بسط تئوریك شریعت)دا جیاوازی نێوان ئیسلام و تێگەیشتن لە ئیسلام دەکا، ئەم دووانە لە لای ئەم بیرمەندە لە یەکدی جیان. جیاکردنەوەی ئەم دووانە لە یەکدی ڕێگەیەکە بۆ گەیشتن بە عەقڵی کراوە و دوورکەوتنەوە لە عەقڵی داخراو. (کانت) ی فەیلەسوفی ئەڵمانی کارێکی لەم چەشنەی کرد. بۆیە بۆچوونەکانی (عەبدولکەریم سرووش) لە بۆچوونەکانی(کانت)ەوە نزیکن. ئەمە لە گرنگی و بایەخی ئەو کەسانە کەمناکاتەوە، کە ڕاڤەی دەقەکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامیان کردووە. گرنگ ئەوەیە، ئەم ڕاڤە و لێکدانەوانە بە جۆرە تێگەیشتنێك لە ئیسلام بزانرێ، چونکە ئایینی پیرۆزی ئیسلام لێکدانەوە و ڕاڤەی جۆراو جۆر هەڵدەگرێ. ئەم تێگەیشتنەش لە حاڵەتێکی نەگۆڕ و جێگیردا نامێنیتەوە بە گۆڕانی بۆچوون و هۆشیاری مرۆڤ دەگۆڕێ. مەبەست لەم بۆچوونە ئەوە نییە، کە ئەوەی لە ئیسلامدا بە نەگۆڕ و جێگیر ناسراوە، بخرێتە ژێر پرسیارەوە، بە پێچەوانەوە ئەمە نەك زیان بە لایەنە جێگیر و نەگۆڕەکان ناگەیەنێ، بەڵکو دەبێتە هۆی زیاتر چەسپاندنیان. تێگەیشتن لە ئایین پەیوەندی بە کات و سەردەمێکی دیارکراوەوە هەیە و دەبێ مامەڵەی مێژوویی لەگەڵدا بکرێ. تاکو مرۆڤ خاوەنی زانیاری زیاتر بێ ، ئەوا باشتر لە چەمك و بۆچوونەکان شارەزا دەبێ. ئەم بیرمەندە جگە لەوەی، کە بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی بیروبۆچوونەکانی کەڵکی لە بیرمەندانی خۆرئاوا وەرگرتووە، لەهەمان کاتدا گەڕاوەتەوە بۆ بیروڕای بیرمەندانی ئیسلامیش، جگە لەمە بۆچوونەکانی بە شیعرەکانی مەولانا بەهێزکردووە. گۆڕانی تێگەیشتن و مەعریفەی مرۆڤ لەسەردەم و قۆناغێکەوە بۆسەردەم و قۆناغێکی دیکە، بەڕای ئەم بیرمەندە تایبەت نییە بە مەعریفە و تێگەیشتن لە ئایین، بەڵکو تێگەیشتنی مرۆڤ لەبارەی زانستەکانی دیکەش لە حاڵەتێکی جێگیردانییە. ئەگەر ڕاو بۆچوونی دژبەیەك و پێچەوانەی یەکدیش هەبێ، ئەوا لە خزمەتی زیاتر تێگەیشتنی مرۆڤدایە. لەم کتێبەدا، عەبدولکەریم سروش تەنیا جەخت لەسەر گۆڕانی مەعریفەی ئایینی ناکاتەوە، بەڵکو پێی

وایە، مەعریفەکانی دیکەی مرۆڤ لە گۆڕاندان، لەهەمان کاتدا ئەوەشمان بۆباسدەکا، کە تێگەیشتن و مەعریفەی مرۆڤ ناگاتە قۆناغی کۆتایی. کاتێك بۆچوون و مەعریفەی مرۆڤ لەربارەی ژیان وبوون و دیاردەکان دەگۆڕێ، مەعریفەی ئایینیش لەگەڵیدا دەگۆڕێ، چونکە مەعریفەی ئایینی بەرەنجامی عەقڵ و تێگەیشنی مرۆڤە. لە لێکدانەوە و ڕاڤەی بەردەوامی ژیان و بوون و دەق، ئەوە فێر دەبین، کە لەو دیو هەر تێگەیشتن و ڕاڤەیەك، تێگەیشتن و ڕاڤەیەکی دیکە هەیە. ئەو لێکدانەوە و ڕاڤانەی لەربارەی دەقەکانی ئایین کراون بەرهەمی تێگەیشتن و ئاستی هۆشیاری ئەو ڕاڤەکار و لێکۆڵەرانەن، کە ئەو دەقانەیان لێکداوەتەوە و ڕاڤە کردووە. ناشێ ئایینزا و ڕێبازێکی ئیسلامی بە دوا بۆچوون بزانین و ئەوانی دیکە ڕەتبکەینەوە. ئەم حاڵەتە فیکری ئیسلامی بەرەو چەقبەستوویی و دۆگمایی دەبا. هەر یەك لەم ئایینزا و بۆچوون و ڕێبازانە، بەرهەمی مێژووی ئیسلامین و لە نێو مێژوودا لەدایك بوون. ئەوەندەی کردەی ڕاڤە و لێکدانەوە بەلای ڕاڤەکاران و مەعریفەتناسانەوە گرنگە، ئەوەندە ئەوە گرنگ نییە، کە کامە لایە ڕاستە و کامەیان هەڵەیە.ئەوەی ئەم بیرمەندە ئێرانییە جەختی لەسەر دەکاتەوە ئەوەیە، کە نابێ پیرۆزی ئیسلام و دەقەکانی ئیسلام تێکەڵ بە بۆچوون و تێگەیشتنی مرۆڤ لەو دەقانە بکرێن، واتە ئەگەر ئیسلام پیرۆزە، ئەوا تێگەیشتن و بۆچوون لەربارەی ئیسلام، کە بەرهەمی عەقڵی مرۆڤە پیرۆز نییە.دیارە لێرەدا مەبەست لەوە نییە، کە عەقڵ لە ئیسلامدا ڕێزی لێنەگیراوە، ئەگەر خودا ڕێزی لە مرۆڤ نابێ، ئەوا ڕێزی لە عەقڵیش ناوە، بەڵام مەبەست لەمە ئەوەیە، کە عەقڵ پیرۆزی پێنەبەخشرێ، بۆ ئەوەی بتوانرێ ڕەتبکرێتەوە، گەرچی ئەو عەقڵە عەقڵێکی ئیسلامیش بێ. ئەگەر تێگەیشتن و بۆچوونی مرۆڤ لەربارەی سروشت لە بەردەوامی دابێ و کۆتایی نەیە، ئەوا لەبارەی ئایینیش بە هەمان شێوە بەردەوامە و تەواو نابێ. ئەگەر مرۆڤ ڕاڤەی جیاجیای بۆ ئەدەب و هونەر هەبێ، ئەوا بۆئایینیش بەهەمان شێوەیە. فقە و فقهناس لە یەکدی جیان، ئەگەر کەسێك لە زانستی فقهدا شارەزابێ ئەوا باسی چۆنێتی جێبەجێکردنی فەرمانەکانی ئیسلام دەکا و ئەوەی ئیسلام قەدەغەیکردووە لەگەڵ ئەوەی قەدەغەینەکردووە لە یەکدییان جیا دەکاتەوە، بەڵام فقهناس ئەم کارە ناکا. (عەبدولکەریم سروش) دەڵێ:

((لەنێوان مەعریفەی ئایینی و مەعریفەی نائایینیدا بەردەوام گفتوگۆ و پەیوەندی هەیە))[٤٦]

کەواتە نابێ وابزانین ، بو تێگەیشتن و شارەزا بوون لە ئایین دەبێ بەردەوام مامەڵە لەگەڵ دەقە ئایینییەکاندا بکەین، بەڵکو دەبێ لە زانستەکانی دیکەش کەڵك وەربگرین، ئەمە یارمەتیدەرێکی دیکەیە بۆ زیاتر تێگەیشتن لە ئایین. نەك تەنیا ئایین، بەڵکو بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە دەقێکی ئەدەبی، پێویستە زانیاری زیاتر لەبارەی ئەو دەقە وەدەستبهێنرێ.بە خوێندنەوە و وردبوونەوەی زیاتر مرۆڤ دەتوانێ زیاتر بچێتە نێو جیهانی دەق و بەنێو لایەنە شاراوەکانیدا بگەڕێ.ئاستی هۆشیاری تاك یان کۆمەڵگە، چۆنێتی تێگەیشتن لە دەق یان ڕێباز و ئایینزایەك دیاریدەکا. بەگۆڕانی ئاستی هۆشیاری

تێگەیشتنیش دەگۆڕێ. سەپاندن و زاڵکردنی ڕاڤە و بۆچوونێك بەسەر ئەوانی دیکەدا، زیان لە کردەی ڕاڤە و لێکدانەوەی دەق دەدا و چالاکی عەقڵ پەکدەخا. گەڕان بەدوای نهێنی و نادیارێکی دیکەی ئەودیو دەقدا، گەشە و چالاکی عەقڵ زیاتردەکا. ڕۆشنگەران لە قۆناغی ڕۆشنگەریدا ، بەو لێکدانەوە و ڕاڤانە قایل نەبوون، کە بۆ دەقەکانی ئایین کرابوون، سەرلەنوێ لە دیدگەیەکی دیکەوە دەقەکانیان خوێندەوە و ڕاڤەیەکی دیکەیان پێشکەشکرد. ئەگەر پێشتر لێکدانەوە و ڕاڤەی دەقی ئایینی بۆ زانایانی ئایینی قۆرخکرابوو، ئەوا لە قۆناغی ڕۆشنگەریدا ، بیرمەندان و فەیلەسوفان قسەیان لە دەقی ئایینی دەکرد.ئەگەر پەیامی ئاسمانی ، کە خودا بە پێغەمبەردا (د.خ) بۆ بە بەندەکانی ڕەوانە کردووە ، پیرۆزە ئەوا تێگەیشتن و بۆچوونی زانایانی ئایینی لەو پەیامە پیرۆز نییە.بۆمان هەیە بیروڕای زانایەك، کە خاوەنی لێکدانەوە و ڕاڤەی قورئانە ڕەتبکەینەوە و لە هەمان کاتدا بۆمان هەیە قبوڵیبکەین. ئەم قوتابخانە و ئایینزایانەی نەك تەنیا لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا ، بەڵکو لە ئایینە ئاسمانییەکانی دیکەشدا سەریان هەڵداوە ، بەرهەمی عەقڵ و تێگەیشتنی مرۆڤن لەو دەقانە.(عەبدولکەریم سرووش )ئایین و تێگەیشتن لە ئایین بە دوو چەمکی لێکجیا پێناسە دەکا. مرۆڤ بە ئەندازەی ئەو عەقڵ و سروشت و پێکهاتەیەی، کە خودا پێیبەخشیوە، لە ژیان و بوون ڕادەمێنێ و لە هەمان کاتدا دەقی ئایینیش لێکدەداتەوە. ئەم توانا و

لێکدانەوەیە لە کەسێکەوە بۆکەسێکی دیکە و لە سەردەم و قۆناغێکەوە بۆ سەردەم و قۆناغێکی دیکە دەگۆڕێ. ئەم قوتابخانە فیکری و ڕاڤە جۆراو جۆرانەی نێو مێژووی ئیسلام بەردەوام خزمەتی بە فیکر و عەقڵی ئیسلامی کردووە. ئەگەرچی هەندێجار دەمارگرژی بۆ ئایینزایەك یان قوتابخانەیەك لە لایەن لایەنگرانییەوە بووبێتە مایەی کارەسات ، ئەوا ئەو خزمەتکردنە ناسڕێتەوە. ئەم حاڵەتەش زیاتر بەرهەمی بەدحاڵیبوون و تێگەیشتنی داخراوە لە دەقی ئایینی و نەبینینی لایەنە شاراوە و نادیارەکانی نێو دەقە.ڕۆشنگەران ڕاڤە و لێکدانەوەیەکی دیکەیان بۆ دەقی ئایینی پێشکەشکرد، کە لە ڕاڤە و لێکدانەوەکانی پێشوو جیا بوو، ئەمەش ئەوانەی نیگەرانکرد، کە بەتەنیا یەکجۆر ڕاڤە و لێکدانەوە قایلبوون و خاوەنی عەقڵێکی داخراو و چەقبەستوو بوون. نەك تەنیا دەقی ئایینی ، بەڵکو یەکجۆر ڕاڤە و لێکدانەوەی دەقی دیکە و یەکجۆر ڕوانین بەرانبەر بە دیاردە سروشتییەکان، ڕێگرە لە گەشە و چالاکی عەقڵ و لە حاڵەتێکی نەگۆڕدا دەیهێڵێتەوە. ئەوەندەی ململانێی فیکری و فەلسەفی بۆ گەشەدان بە عەقڵ و چالاککردنییەتی، ئەوەندە بۆ ئەوە نییە بەڵگەی کامەیان بەهێزترە لە ئەوی دیکە ، ئەوەندەی ئەم کردەیە یارییەکە دەبێ بکرێ، ئەوەندە گرنگ نییە کامە دەیباتەوە.ڕۆشنگەران سەرلەنوێ پرسیاری دیکەیان ئاڕاستەی ئەو بیر و بۆچوون و ڕوانینانە کرد، کە بە بێ دەستکاریکردن لەبارەی ئایین و ژیان و دیاردەکان لە ئارادابوون. بۆ زیاتر شارەزابوون لە ئایین و لێکدانەوەی دەقی ئایینی ڕۆشنگەران کەڵکیان لە زانستەکانی دیکەش وەرگرت. ئەم حاڵەتە لە شارستانێتی ئیسلامیشدا پەیڕەویکراوە، بۆ تێگەیشتن لە قورئان و فەرموودە، زانا و بیرمەندانی ئیسلامی کەڵکیان لە زانستی زمان و ڕەوانبێژی وەردەگرت[٤٧]

زانستەکان خزمەتی یەکدی دەکەن. لێکدانەوە و ڕاڤەی قورئان بەرهەمی عەقڵ و فیکری مرۆڤە ، مرۆڤ لە هەر سەردەم و قۆناغێکدا چۆن بیربکاتەوە، بەو شێوەیە ڕاڤە و لێکدانەوە دەخاتە ڕوو. بیرو بۆچوون و ڕوانینەکانی مرۆڤ بەرهەمی ئەو سەردەمەیە ، کە تێیدا ژیاوە. مرۆڤ بوونەوەرێکە پرسیاردەکا، ئایینەکان و قوتابخانە فەلسەفی و فیکرییەکان، وەڵامی ئەو پرسیارانەیان داوەتەوە، کە مرۆڤ لەبارەی خۆی و ژیان و بوون دەیکا. ئەگەر

ئایینە ئاسمانییەکان وەڵامی  پرسیارە چارەنووسسازەکانی مرۆڤیان لەبارەی ژیانی دوای مردن و ڕۆژی دوایی دابێتەوە، ئەوا مرۆڤ وازی لە پرسیارکردن نەهێناوە، لێکدانەوە و ڕاڤەی دەقەکانی ئایین بەرەنجامی ئەو پرسیارانەن، کە مرۆڤ بەرانبەر بەو دەقانە لەلای کۆبوونەتەوە. ئەگەر بڕوادارێك وەڵامی ئەو پرسیارەی لەلای خۆی دەستنەکەوت، کە بەرانبەر بە دەق هەیەتی، ئەوا بەدوای ڕاڤە و لێکدانەوەی ئەو زانا و شارەزایانەدا دەگەڕێ، کە دەقەکانیان ڕاڤە کردوون و لێکیانداونەتەوە. هەر سەردەم و قۆناغێك پرسیار و وەڵامی تایبەت بە خۆی هەیە، ڕاڤەکاران شێوازی تایبەت بە خۆیان هەیە. مرۆڤ لە پرسیارەوە دەست بە گەڕان و پشکنین دەکا. ڕامان و پرسیار بەشێکن لە پێکهاتەی مرۆڤ و لەوێوە مرۆڤ دەیەوێ نهێنییەکانی نێو ژیان و بوون بدۆزێتەوە. ئەگەر هەندێك کەس بە وەڵامە دیار و ئاشکرا و باوەکان قایل بن، ئەوا کەسانی دیکە بە دوای وەڵامی دیکەدا دەگەڕێن و دەیانەوێ لەو دیو ڕوویەکی ئاشکرا و دیارەوە، ڕوویەکی نادیار و شاراوە ببینن. ڕۆشنگەران بە دوای وەڵامی دیکەدا دەگەڕان ، ئەو پرسیارانەیان دەوروژاند، کە پێشتر بێدەنگەیان لێکرابوو. پرسیار نەکردن چالاکی و گەشەی عەقڵ پەکدەخا و لە حاڵەتێکی جێگیردا دەیهێڵێتەوە. زۆرجار کۆمەڵگە یان هەندێك لەو زانایانەی قورئانیان ڕاڤە کردووە، سنوورێکیان بۆ پرسیارکردن لەبارەی ئەو ڕاڤە و لێکۆڵینەوانە دیاریکردووە، کە ئەنجامیان داوە. لە گەڵ ئەم حاڵەتەشدا ڕاڤە و لێکدانەوە کۆتایی نەهاتووە. دوای پرسیار سەرلەنوێ ڕاڤەی دیکە دەستپێدەکا، بۆ دەقی ئەدەبیش بەهەمان شێوەیە. بۆ ئەوەی دەقێك بە بەبێدەنگی نەمێنێتەوە، دەبێ ڕاڤەی جیاجیای بۆبکرێ. پرسیارکردن ، گەرچی لەهەندێك حاڵەتدا بەهەر پاساوێکەوەبێ سنووری بۆدەکێشرێ، بەشێکە لە سروشتی مرۆڤ. عەبدولکەریم سروش دەڵێ: ((پرسیار وەك خەون وایە، بە ویستی مرۆڤ نییە، ڕەوایی و ناڕەوایی تێدا نییە))[٤٨]

ئەو گۆڕانکارییەی لە قۆناغی ڕۆشنگەریدا هاتەدی، بەوە لە گۆڕانکارییەکانی دیکەی مێژوو جیادەکرێتەوە، کە تەنیا ڕووداوێکی تاکڕەهەند و گۆڕانکارییەك نەبوو لە بوارێك لە بوارەکاندا، بەڵکو گۆڕانکارییەکی هەمەلایەن و گشتگیر بوو. گۆڕانکاری بوو لە ڕوانین و بۆچوونی مرۆڤ لەبارەی ژیان و ئایین و بوون. ئەگەر مێژوو چەندین کودەتا و گۆڕانی بە

خۆیەوە دیبێ، کە کەس و پاڵەوانەکانی مێژوو یەکێکیان جێگەیان بۆ ئەوی دیکە چۆڵکردبێ، بەبێ ئەوەی ئەم گۆڕانکارییە کاری کردبێتە سەر جیهانبینی خەڵك، ئەوا لە ڕۆشنگەریدا گۆڕان گۆڕانی جیهانبینی و ڕوانینی خەڵك بوو. لێرەدا مەبەست لەوە نییە، کە پێش ڕۆشنگەری مرۆڤ خاوەنی جیهانبینی تایبەت بە خۆی نەبووبێ ، بەڵکو مەبەست لەوەیە، کە مرۆڤ لەو قۆناغەدا دەستبەرداری ڕوانینەکانی پێش خۆی بوو. هەر ئایینێك هاتبێ بۆگۆڕینی جیهانبینی کۆمەڵگە هاتووە. کاتێك ئایینی پیرۆزی ئیسلام هات، پەیامەکەی ڕوانین و جیهانبینی دیکە بوو. لە دواییدا چەندین قوتابخانەی فیکری ئیسلامی سەریان هەڵدا، چەندین ڕاڤە و لێکدانەوە بۆ دەقەکانی قورئان و فەرموودەکان کران. ئەم ڕاڤە و لێکدانەوانە هەندێجار وەك ڕاستییەکی نەگۆڕ لەکولتووری ئیسلامیدا سەیریان دەکرا. ڕۆشنگەران ڕاڤە و لێکدانەوەیەکی دیکەیان بۆ ئینجیل کرد ، کە پێچەوانەی ڕاڤەو لێکدانەوەکانی پێشوو بوون. ئەگەر ڕاڤە و لێکدانەوەی دیکە بۆ دەق نەکرا، ئەوا لێکدانەوە و ڕاڤە باوەکان زاڵدەبن و دووبارە دەبنەوە. لە ئەدەب و هونەریشدا، ئەو قوتابخانە ئەدەبی و هونەرییانە مایەی گفتوگۆو قسە لەسەرکردن بوون ، کە وێنەیەکی دیکەی ، جیایان لە وێنەکانی دیکە بە هونەر و ئەدەب بەخشیوە.ڕامان لە سروشت و سەرسامی مرۆڤ لە ئاست دیاردە و ڕووداوەکان و ئاسمان و زەوی، بەشێکە لە پێکهاتەی مرۆڤ و پەیوەندی بە سەردەم و قۆناغێکی دیاریکراوەوە نییە ، بەڵام لە هەموو سەردەم و قۆناغێکدا مرۆڤ بە یەکجۆر گوزارشتی لەو سەرسامی و ڕامانەی نەکردووە.مرۆڤ پێش ڕۆشنگەری پرسیاری کردووە و ڕاماوە و حەزیکردووە لە نهێنییەکانی ژیان وبوون بگا. لە قۆناغی ڕۆشنگەریدا مرۆڤ تەنیا بەڕامان و وردبوونەوە وازی نەهێنا، ڕامان و ڕوانینەکانی گەشە پێدا. ئەگەر لە قۆناغی پێش ڕۆشنگەریدا مرۆڤ زیاتر گرنگی بەلایەنی تیۆری دابێ ، ئەوا لە قۆناغی ڕۆشنگەریدا زیاتر گرنگی بەلایەنی کردەییدا.(٤٩)

ڕۆشنگەران دەیانەویست بیسەلمێنن، کە لە جیهانی پێش خۆیان جیان و کاردەکەن بۆ جێبەجێکردنی کردەی تێپەڕاندن. تێپەڕاندنی جیهانی پێشوو، بۆ ئەم مەبەستەش ڕاڤە و لێکدانەوەو ڕوانینی دیکەیان پێشکەش کرد. کاتێك مرۆڤ دەیەوێ، لە قوتابخانە و تێزێکی

پێش خۆی تێپەڕێنێ، مەرج نییە ئەو قوتابخانە و ڕوانین و تێزە ڕەتبکاتەوە و بە هەڵەی بزانێ و بیەوێ ڕاستییەکی دیکە پێشکەش بکا. ئەگەر لە دیدگەیەکی دیکەوە، ئەوەی پێش خۆی بخوێنێتەوە، ئەوا کردەی تێپەڕاندنی ئەنجام داوە. زۆر جار دوو بیرمەند و فەیلەسوف سەر بە قوتابخانەیەکی فیکری و فەلسەفین، بەلاّم هەر یەکەیان بەجۆرێك گوزارشت لە بۆچوونی خۆی دەکا.ئایینزا و قوتابخانە جیاجیاکانی نێو ئیسلام لەوەدا هاودەنگن، کە بڕوایان بە پەیامی ئیسلام هەیە، بەلاّم هەر یەکەیان بەجیا گوزارشت لەو بڕوابوونە دەکا. ڕۆشنگەران بەوە قایل نەبوون، زانست و مەعریفە و ڕاڤە و لێکدانەوە، بۆ چینێکی تایبەت قۆرخبکرێ و خەڵی دیکەی لێبێبەشبکرێ. کاتێك کردەی ڕۆشنبیری و مەعریفی ستوونی بوو، کە ئەمە پێچەوانەی ئاسۆییە، لەم حاڵەتەدا ، هەروەك(د.حەسەن حەنەفی)باسیدەکا، گفتوگۆ ئامادەیی نابێ(٥٠)ئەگەر کۆمەڵێك لە سەرەوە زانین و ڕاڤەیان قۆرخکرد، ئەوانی دیکەیان تەنیا وەك گوێگر سەیرکرد، بیروڕاکانی خۆیان بەسەردا سەپاندن، کردەی داهێنان لاواز دەبێ. بۆگەشەی داهێنان، ئاڵوگۆڕی بیروڕا و ململانێی فیکری پێویستە.ئەگەر دەسەلاّتدار و سوڵتانەکانیش، لە حاڵەتێکدا لە ئاستێکی هۆشیاری و فیکری وادابن، کە خەڵك لە بیروڕاکانیان بەهرەمەندبێ ، دەشێ لێرەدا پاساویان قبوڵبێ ، بەلاّم کاتێك خاوەنی عەقڵییەتی دۆگما و داخراو بن و بیانەوێ، ئەو عەقڵییەتە بەزۆر بسەپێنن، ئەوا کارەسات لێرەدایە.ئەو کاتە کۆمەڵگەش ڕووبەڕووی داخران و دۆگمایی دەبێتەوە.کاتێك لە کۆمەڵگەدا بواری گفتوگۆ و ململانێی فیکری وەك پێویست نەبوو، ئەوا یەکجۆر عەقڵ و جیهانبینی زاڵدەبێ. لە مێژووی ئیسلامیدا زۆرجار دەسەلاّتداران ڕەوایەتییان بەکار و کردەوەکانیان بەخشیوە، بەو پاساوەی، کە ئەوان پەیڕەوی لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەکەن.لە پاڵ پیرۆزی ئیسلامدا ، دەسەلاّتیش جۆرە پیرۆزییەکی پێبەخشراوە، ئەمەش بواری بۆ ڕەخنە کەمکردۆتەوە. کردەی ڕۆشنگەریش پێویستی بە ڕەخنەگرتن و دەربڕینی بیروڕای دیکەی عەقلاّنی ، جگە لە بیروڕا باوەکانە.

کاتێك بۆچوون و ڕوانینێك یان بزاڤێك دەرکەوتبێ و دژایەتی دەسەلاّتی کردبێ، بەوە تۆمەتبارکراوە، کە دژایەتی ئایین دەکا، هەروەك (د.حەسەن حەنەفی) دەڵێ : ((دەسەلاّتی

سولّتان وەك دەسەلاّتی خودا سەیرکراوە و دژایەتیکردنی سولّتان بە دژایەتیکردنی خودا لێکدراوەتەوە))[٥١]

کاتێك دەسەلاّت ڕەوایەتی بە بیر و بۆچوونی خۆی بەخشیوە و لە پەنای پیرۆزییەکانی ئاییندا ڕەواجی بە قسەکانی خۆی داوە، کۆمەلّگەش بەو پاساوەی ، کە دەسەلاّت لە تەنیشت پیرۆزییەکانی ئایینەوە قسان دەکا ، قسەکانی قبولّکردووە. ئەگەر کۆمەلّگە بە ئاسانی قسەکانی دەسەلاّتی قبولّکردبێ ، ئەوا زانایانی ئایینی ، کە لەلای خەلّك قسەیان قبولّکراوە و متمانەیان پێکراوە، هەندێجار قسەی دەسەلاّتیان ڕەتکردوّتەوە، لێرەوە ململانێ لە نێوان دەسەلاّت و ئەو زانایانە دەستیپێکردووە. دەشێ ئەمە بەسەرەتایەکی ئامادەبوونی ڕەخنە لە نێو کولتووری ئیسلامیدا لێکبدرێتەوە. جگە لە زانایانی ئایینی بیرمەندان و فەیلەسوفانی نێو جیهانی ئیسلامی بە هەمان شێوە دووچاری گرفت و کێشە بوونەتەوە، ئەگەر دەسەلاّت بۆ قبولّنەکردنی بیروڕای زانایەکی ئایینی جۆرێك مامەلّەی کردبێ ، ئەوا بەرانبەر بە بیرمەند و فەیلەسوفێك ، مامەلّەیەکی دیکەی کردووە. لایەنگر و جەماوەری زانا ئایینییەکە زیاتر بووە لە لایەنگر و جەماوەری بیرمەند و فەیلەسوفەکە. ئەگەر بۆ دژایەتیکردنی بیرمەند و فەیلەسوفێك ، پاساوی لە ئایین دەرچوون بەکارهاتبێ ، ئەوا ئەم پاساوە کەمتر بۆ زانا ئایینییەکە قبولّکراوە. لەگەلّ ئامادەیی ڕەخنە و دەربڕینی بیر و ڕایەکی دیکەی جیا لە ئەوانی دیکە ، عەقلّ دەبێتە عەقلّێکی داهێنەر و بەرهەمهێن ، فیکر و خەیالّ و جوانی بەرهەمدێنێ. بەپێچەوانەوە ئامادە نەبوونی ڕەخنە و فرە ڕەنگی و فرە دەنگی ، زیان لە داهێنان و فیکر و جوانی دەدا.

## ڕۆشنگەری و ڕەخنە

ئەگەر بیر و بۆچوون و قوتابخانەیەك ، بیەوێ خۆی لە بیر و بۆچوون و قوتابخانەیەكی دیكە جیا بكاتەوە ، پێویستە خاوەنی دەنگێكی ڕەخنەیی بێ.پێشكەشكردنی وێنەیەكی دیكەی جیا لە وێنەكانی دیكە ، گەڕان بە دوای ڕوانگە و دەلاقەیەكی دیكەدا بۆ بینینی ئاسۆكانی ژیان و بوون بە ڕەخنەدا تێدەپەڕێ. دەشێ بەناوی ڕەخنەوە و پێشكەشكردنی وێنەیەكی دیكە ، سەرلەنوێ وێنەكانی پێشوو دووبارە بكرێنەوە. ئەگەر ڕەخنە وێنەیەكی دیكەی جیای پێنەبوو ، ناتوانێ بەشداری لە پڕۆژەیەكی عەقلانی وادا بكا، كە بیەوێ خۆی لە دووبارەكردنەوەی گوتراوەكانی پێشوو ڕزگاربكا. بیرمەندان و فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری لە ڕووداوەكانی مێژوو ڕادەمان و لێكیان دەدایەوە، لە ڕاستیدا ئەمە كاری فەیلەسوفانە بە گشتی. ڕووداوەكانی مێژوو ، دیاردەكانی نێو ژیان و بوون بە بەرچاوی خەڵكەوەن ، بەلاّم ئەوەی خەڵك بەگشتی و بیرمەندان و فەیلسوفان لە یەكدی جیا دەكاتەوە ئەوەیە، كە بیرمەندان و فەیلەسوفان لە ڕووداوەكان ڕادەمێنن و دوایی لە ژێر سێبەری ئەو ڕووداوانەدا بیر و بۆچوون و تیۆرەكانی خۆیان دادەڕێژن.هیربەرت ماركیوزدەڵێ : ((هیگڵ بۆچوونی خۆی و شۆڕشی فەڕەنسی بەیەكەوە گرێدا))[٥٢] مرۆڤ بە هۆی ڕەخنەوە دەتوانێ سەرلەنوێ پەیوەندی نێوان خۆی و كەتوار(واقع) ڕێكبخاتەوە. كاتێك مرۆڤ خاوەنی عەقڵێكی ڕەخنەیی بوو، ملكەچی بۆچوون و دیاردە باوەكان نابێ، بەڵكو بە بڕوابوون بە عەقڵی ڕەخنەیی دەبێتە خاوەنی ڕوانینێكی دیكە.ئەگەر زوربەی شۆڕش و كودەتاكانی مێژوو، بە هۆی هێزی چەكەوە ئەنجام درابن ، ئەوا ڕۆشنگەران ئەوەندەی بڕوایان بەهێزی عەقڵ هەبوو، هەر وەك هیبرت ماركوز باسیدەكا، ئەوەندە بڕوایان بە هێزی چەك نەبوو. هێزی چەك بەبێ هێزی عەقڵ ناتوانی بەردەوامی بەخۆی ببەخشی. ڕۆشنگەران لەو بڕوایەدا بوون ، كە عەقڵ لە توانایدایە مرۆڤ لە ناعەقلانی و سەركەشی ڕزگاربكا.[٥٣]

لە گرنگیدانی ڕۆشنگەران بە عەقڵ و سەروەرێتی بەخشین بە عەقڵ ، ئەوەمان بۆئاشكرا دەبێ ، كە ڕۆشنگەران قۆناغەكەیان بەوە لە قۆناغی پێشوو جیا دەكردەوە ، كە لە قۆناغی ڕۆشنگەریدا عەقڵ سەربەخۆ و بالادەست بوو ، بە پێچەوانەی قۆناغی پێشوو، خاوەنی ئەو

بالادەستییە نەبوو. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ ، کە ڕۆشنگەران قۆناغی ڕۆشنگەرییان بە عەقلانی و قۆناغی پێشوویان بە ناعەقلانی دەزانی. ئەم زێدەڕۆیکردنە ڕۆشنگەرانی تووشی لەخۆباییبوون کرد. ڕاستە ئەم متمانە کردنە بە عەقل و بڕوا بەخۆبوونەی ڕۆشنگەری بێئاکام نەبوو، ڕۆشنگەری توانی بەشێك لە بەڵێنەکانی بێنێتەدی ، بەلام لەگەڵ ڕوویەکی ئاشکرای عەقل ، کە دەستکەوتی جوانی پێبوو ، خاوەنی ڕوویەکی نادیاریش بوو ، کە ترس و نەهامەتی پێبوو. ئەزموونگەرا بەریتانییەکان ، پێیان وابوو عەقڵی تاك لە توانایدا نییە یاسایەکی گشتگیر دابڕێژێ ، کە لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤدا بتوانرێ جێبەجێبکرێ. ئەمەش پێچەوانەی ئەو جیهانە نموونەییەوە بوو ، کە ئەڵمانییەکان کاریان بۆ دەکرد.بیرمەندان و فەیلەسوفانی ئەڵمانی لەو باوەڕەدا بوون ، کە دەکرێ عەقڵی تیۆری و کردەیی بەیەکەوە گرێبدرێ.[٥٤]

ئەمە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکا ، کە لە قۆناغی ڕۆشنگەریدا ، مامەڵەکردن لە گەڵ عەقل ، لە ولاتێکەوە بۆ ولاتێك و لە بیرمەند و فەیلەسوفێکەوە بۆ بیرمەند و فەیلەسوفێکی دیکە جیاواز بووە.یەکێك لەو هۆکارانەی وای لە ڕۆشنگەران کرد ، کە متمانە بە عەقل بکەن و پێیان وابێ بەهانای مرۆڤەوە دێ ئەوە بوو، کاتێك سەیری قۆناغی پێش ڕۆشنگەرییان دەکرد ، نەهامەتی و کێشەکانی ئەو سەردەمەیان زیاتر بە ئامادە نەبوونی عەقڵی کارا و ڕەخنەییەوە دەبەستەوە ، بۆیە بە ئەندازەی ڕەخنەگرتن لە قۆناغی پێشوو ، قۆناغی ڕۆشنگەرییان پەسەند کرد و متمانەیان بەو عەقڵە کرد ، کە ناسڵەمێتەوە و پرسیار دەکا و بڕیاردەدا.کردەی ڕەخنەیی و کرانەوەی ڕۆشنگەران ، وەك قەرەبووکردنەوەیەك بوو بۆ ئەو زیانەی کۆمەڵگە لە قۆناغی پێش ڕۆشنگەریدا بە هۆی چەقبەستوویی و نائامەدەیی ڕەخنەوە لێیکەوت.بۆ ئەوەی کردەی ڕەخنە نەبێتە گۆترەکاری ، پێویستە ئەوەی ڕەخنە دەگرێ لەبەرانبەر ئەو دیاردە یان بۆچوونەی بەلایەوە پەسەند نییە و دەیخاتە ژێر پرسیارلەبری(بديل) ی پێبێ.ئەرکی ڕۆشنگەران کاتێك قورس بوو ، کە دەبوو لەبری ئەو بۆچوون و دیاردانەی ڕەتیاندەکردەوە ، بەو سەرمایە عەقڵییەی بانگەشەیان بۆ دەکرد پڕۆژە و بەرنامەی دیکە پێشکەش بکەن. ئەو کاتە ڕەخنە مانای ڕاستەقینەی خۆی

وەردەگرێ ، کە مانایەکی دیکە لەبری ئەو مانایانە پێشکەش بکا ، کە کۆمەڵگە بەردەوام هەوڵیداوە دەستکارییان نەکرێ و وەکخۆیان بمێننەوە. بەخشینی مانایەکی دیکە بە ژیان و بوون ، گەڕان بە دوای ڕوانگەیەکی دیکەدا بۆ بینینی ئاسۆ، کارێکە ڕەخنەگران ئەنجامی دەدەن. وەکچۆن ڕۆشنگەران و ئەوانەی خاوەنی دیدگەیەکی دیکەن بۆ ڕوانین داکۆکی لە بۆچوونەکانیان دەکەن ، نەریتپارێزانیش داکۆکی لە بۆچوونەکانیان دەکەن ، ئەمەش ململانێی لێدەکەوێتەوە و قوتابخانە و فێرگەی جۆراو جۆری فیکری و فەلسەفی دێنە نێو مێژوو.چ دەسەڵات و چ کۆمەڵگە هەریەکەیان بە پاساوی جیاجیا دژایەتی بیرو بۆچوونێکی دیکەی جیا لە بیرو بۆچوونی باو دەکەن.مەبەست لە دەسەڵات تەنیا دەسەڵاتی سیاسی و فەرمانڕەوایی نییە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ فۆکۆ ئەوا دەسەڵات مانایەکی فراوانتری هەیە.جەماوەری زانایەکی ئایینی جیایە لە جەماوەری بیریار و فەیلەسوفێك ، زۆرجار بیریارو فەیلەسوفەکە ، هەوڵیداوە لە ڕێگەی فیکرەوە خزمەت بە ئایین بکا، بەڵام ئاستی هۆشیاری خەڵك ، کە بڕوایان بە جۆرە لێکدانەوەیەکی تایبەتی دەقەکانی ئایین هێناوە ، یەکێك بووە لەو هۆکارانەی ، کە بەشێکی جەماوەر گوێ لەو بیرمەند و فەیلەسوفە نەگرێ.ئەگەر لە کۆمەڵگەیەکدا فرە ڕەنگی و فرە دەنگی نەبوو ، ڕەخنە ئامادەیی نەبوو ، تەنیا بیروڕا و ڕوانینێك باڵادەست بوو ، ئەوا ئەو کۆمەڵگەیە داهێنان و کاری فیکری و عەقڵی لاواز دەبێ و بەردەوام خۆی دووبارە دەکاتەوە. ئەمە تەنیا بواری فیکر و فەلسەفە ناگرێتەوە ، بەڵکو بۆ ئەدەب و هونەریش بە هەمان شێوەیە. ئەگەرچی هیگڵ لە فەلسەفە عەقلانییەکەیدا گرنگی بە لایەنە هەمەکییەکان دەدا و دەیەویست بە هۆی عەقڵەوە پەیوەندی نێوان تاك و کۆ ڕونبکاتەوە ، واتە ئەم دووانە بە عەقلانی بکا ، لە هەمان کاتدا فەلسەفەی بە ڕووداوە هەنوکەییەکانەوە بەستەوە.کاتێك لە ڕووداوە مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمەکەی ڕادەما پەنای بۆ فەلسەفە دەبرد بۆ لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی ڕووداوەکانی کۆمەڵگەی خۆی.گرفتە مێژوویی و فەلسەفییەکانی بەیەکەوە گرێدا ، کە لەسەردەمی دیکارتەوە بە سەر فیکری ئەورووپیدا زاڵبوو.(٥٥)

زۆرجار بیرمەند و فەیلەسوفێك ، لە ڕووداوەکانی مێژوو یان دیاردەیەك ، کە لە سەردەم و قۆناغێکدا بینراوە وردبۆتەوە و ڕاماوە ، ئەم ڕووداو و دیاردە هەنوکەییە ، لەلای ئەم بیرمەند وفەیلەسوفە لێکدراوەتەوە و ڕاڤەکراوە ، لە دواییدا وەك ڕایەکی گشتگیر لە مێژوودا ماوەتەوە. بە پێچەوانەوە زۆر جار فەیلەسوف و بیرمەندێك بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕووداوێکی مێژوویی یان دیاردەیەکی هەنوکەیی ، لە ژیان و بوون بەگشتی ڕاماوە و لە دواییدا وەك ڕایەکی فەلسەفی لە چوارچێوەی تیۆرێکدا گەلاڵەیکردووە. ئەم بیروڕا فەلسەفییە لەلایەن بیرمەند و فەیلەسوفێکی دیکەوە یان خەڵکەوە ڕووداوە مێژوویی و هەنوکەییەکانی پێلێکدراوەتەوە.ڕۆشنگەری چ لە زێد و شوێنی لە دایکبوون و نەشونماکردنی چ لە دەرەوەی نیشتیمانی خۆی ڕووبەڕووی ڕەخنە بۆوە.کاتێك ڕۆشنگەران ڕەخنەیان بە بەشێکی گرنگی پڕۆژەکەیان دەزانی ، ئەوا ڕەخنە خۆشیانی گرتەوە ، بەڵام دەبێ جیاوازی بکەین لە نێوان ئەو ڕەخنەیەی لە نیشتیمانی ڕۆشنگەرییەوە لەلایەن بیرمەندان و فەیلەسوفانەوە ئاڕاستەی ڕۆشنگەری کرا ، لەگەڵ ئەو ڕەخنەیەی لە دەرەوەی زێدی ڕۆشنگەرییەوە ئاڕاستەی ڕۆشنگەری و پڕۆژە عەقلانییەکەی کرا. ئەوانەی لە خۆرئاوا ڕەخنەیان ئاڕاستەی ڕۆشنگەری دەکرد ، زیاتر مەبەستیان بەرهەمهێنانی فیکر و مەعریفە بوو. زوربەی ڕەخنەی نووسەر و بیریارانی جیهانی ئیسلامی ، لە دیدگەیەکی ئایدۆلۆژییەوە بوو. کاتێك هەندێك لە نووسەران و بیرمەندانی جیهانی ئیسلامی هەوڵیانداوە بیسەلمێنن، کە لە مێژووی ئیسلامیدا بزووتنەوەی وەك ڕۆشنگەری سەریهەڵداوە ، ئەوەندەی پاڵنەری ئەم کارە ئایدۆلۆژی بووە ئەوەندە بەرهەمهێنانی مەعریفە و فیکرنەبووە. کاریگەری ڕۆشنگەری لەسەر کولتووری گەلانی دەرەوەی نیشتیمانی خۆی ، لە بواری ئەدەب و هونەریشدا گوزارشتی لێکراوە ، لە شیعری شاعیرانی کورددا چ بە قبوڵکردن یان ڕەتکردنەوەی ڕۆشنگەری بووبێ بەرجەستە بووە. هەروەها لە ئەدەبیاتی گەلانی دیکەشدا، لە ڕۆمانەکانی ئۆرهان پامۆك و تەیب سالّح و چەندانی دیکە پەیوەندی نێوان ڕۆشنگەری و ئەوانی دیکە گوزارشتی لێکراوە.دەبێ گوزارشتکردن لە بواری ئەدەب و هونەردا لە گوزارشتکردنی ئایدۆلۆژی جیا بکەینەوە. مرۆڤ لە پەیوەندییەکی بوونگەرانەدایە لە گەڵ ژینگە و دەوروبەریدا ، پەیوەندی مرۆڤ وەك

خودێکی ئاگا و هۆشیار لەگەڵ بابەتدا جیایە لە پەیوەندی ئاژەڵ لەگەڵ بابەتدا. مرۆڤ بە هۆشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ بابەتدا دەکا. پەیوەندی مرۆڤ و بابەت بە چەند قۆناغێکی جیاجیادا تێدەپەڕێ ، سەرەتا تاك هەست بە بوونی بابەت دەکا و بۆتێرکردنی پێویستییەکانی بەکاریدێنی واتە لەو قۆناغەدا خود بەکاربەرە لە قۆناغی دووەمدا تاك بابەت ڕێکدەخا و بە بەرنامەیەکی دیاریکرا و مامەڵەی لەگەڵدا دەکا. لە قۆناغی دووەمدا پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان ڕێکدەخرێن و مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی کۆمەلایەتی ڕەفتاردەکا.[٥٦]

پەیوەندی مرۆڤ و سروشت ، یان پەیوەندی بوونگەرایانەی مرۆڤ و سروشت ، تایبەت نییە بە قۆناغ و سەردەمێکی دیاریکراوەوە، بەلاّم لە قۆناغی ڕۆشنگەریدا ئەم پەیوەندییە شێوازێکی دیکەی بە خۆیەوە گرت. چەندین نیشانە و دیاردەی جۆراوجۆر قۆناغی ڕۆشنگەری لە قۆناغی پێشوو جیاکردەوە. ڕۆشنگەری ناسنامەیەکی دیکەی بە مرۆڤ بەخشی ، پێش ڕۆشنگەری مرۆڤ خاوەنی ناسنامەیەك بوو لە ناسنامەی قۆناغی ڕۆشنگەری جیا بوو. لە منی دیکارتییەوە ڕۆشنگەری لە هەوڵی ئەوەدابوو ، ناسنامەی مرۆڤ بگۆڕێ.مرۆڤ بوونەوەرێکە خاوەنی هەست و سۆز و حاڵەتی جیاجیای دەروونییە ، کاتێك ناسنامەیەکی لە دەرەوەی حاڵەت و ئەو پێکهاتە تایبەتییەی خۆی دەدرێتێ ، ئەو ناسنامەیە چینایەتی پیشەیی یان هەر ناسنامەیەکی دیکە بێ نابێتە هەڵگری ناسنامەی تەواوەتی مرۆڤ ، چونکە مرۆڤ جگە لەلایەنی دیاری دەرەوە خاوەنی لایەنێکی نادیاریشە ، کە لایەنی ناوەکییە.[٥٧]

منی ڕۆشنگەری بەو عەقڵەی متمانەی پێبوو ، کەوتە کار و بنیاتنانی پرۆژەکەی بە مەبەستی ئەوەی بیسەلمێنێ، کە خاوەنی ئەو عەقڵ و توانایەیە ، کە دەتوانێ ناسنامەیەکی دیکەی جیا لە منی پێش ڕۆشنگەری بە مرۆڤ ببەخشێ.لە ڕۆشنگەریدا پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ بە شێوەیەکی دیکە ڕێکخرا ، تاك شوێنگەیەکی لەنێو دام و دەزگاکانی دەوڵەتدا پێبەخشرا ، دەوڵەتی نەتەوەیی ، کە بەڕای هەندێك لە بیریاران و فەیلەسوفان بەرهەمی ڕۆشنگەرییە جێگەیەکی بۆ ئەو تاکە ئازاد و خاوەن بیرکردنەوە سەربەخۆیەی

ڕۆشنگەری دیاریکرد.پێش ڕۆشنگەری مرۆڤ خاوەنی ناسنامەی تایبەتی خۆی بوو، بەلاّم لە قۆناغی ڕۆشنگەریدا ئەم ناسنامەیە بە یاسایی دەکرێ ، وەك چەندین دیاردەی دیکە، کە ڕۆشنگەری بە یاساییان دەکا. ئەمە بەو مانایە نییە، کە پێش ڕۆشنگەری یاسانەبووبێ یان تاك ئازاد نەبووبێ، بەڵکو مەبەست لەوەیە ، کە لەگەڵ ڕۆشنگەریدا چەمکی ئازادی و یاسا گۆڕا ، دەشێ ئەو یاسایەی پێش ڕۆشنگەری ڕێگەپێدراو بووبێ لە ڕۆشنگەریدا قەدەغە بووبێ بۆ ئازادیش بە هەمان شێوە. ڕۆشنگەران پێیان وابوو عەقڵ لە توانایدایە نەك تەنیا مرۆڤ بەسەر سروشتدا سەربخا و هەژموونی هەبێ ، بەڵکو پێیان وابوو دەتوانێ ئەو نهێنیانەی مرۆڤ بدۆزێتەوە ، کە لە پێش ڕۆشنگەریدا نەزانراوبوون، بۆ ئەمەش پشتیان بە چەند زانستێکی نوێ لەبارەی مرۆڤ و نهێنییەکانی بەست.لە ڕۆشنگەریدا هەر زانستە سروشتییەکان گرنگییان پێنەدرا ، بەڵکو زانستە مرۆڤایەتییەکانیش وێڕای زانستە سروشتییەکان گەشەیان کرد. مرۆڤ ئاگادارە بە بوونی خۆی ، ئەم هۆشیارییە ، یەکێکە لەو پاڵنەرانەی مرۆڤ بەرەو لێکدانەوە و ڕامان دەبا. هەوڵ وکۆششی مرۆڤ بۆ ناسین و دۆزینەوەی نهێنییەکانی نێو ژیان و بوون ، ئەگەر دوای دۆزینەوەی نهێنییەك مرۆڤ هەستی بە ئاسودەیی کردبێ ، ئەوا کردەی گەڕان و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی نهێنی و وەدەستهێنانی زانیاری مرۆڤ دووچاری نیگەرانی دەکا. ئارەزووی مرۆڤ بۆ ناسین و دۆزینەوەی نهێنییەکانی نێو ژیان و بوون بە نیگەرانیدا تێدەپەڕێ. کردەی ناسین و پەیبردن بە نهێنییەکانی نێو ژیان و بوون ، یەکێکە لە خەمەکانی مرۆڤ ، کە هەر لەو کاتەوە ، کە خودای پەروەردگار مرۆڤی دروستکردووە ، لە هەوڵی ناسینی سروشت و بووندا بووە. لە قۆناغی ڕۆشنگەریدا مرۆڤ جارێکی دیکە ئەرکی ناسین و پەیبردن بە نهێنییەکانی نێو سروشت و ژیانی گرتە ئەستۆ، بەلاّم زۆر لە بیرمەندان و فەیلەسوفان لەو باوەڕەدان ، کە مرۆڤ بەو زانست و زانیارییەی لە ڕۆشنگەریدا وەدەستیهێنا نەیتوانی جیهان بە تەواوی بناسێ.(٥٨)

دەبێ بڕوا بەوە بکەین ، کە ئەوەی لە قۆناغی ڕۆشنگەریدا وەدیهات بەرهەمی عەقڵ و متمانەی مرۆڤ بوو بە خۆی و بە تواناکانی ، بەلاّم ئەمە ئەوە ناگەیەنێ ، کە بیرکردنەوەی عەقلاّنی تایبەتە بەو قۆناغەوە. مێژووی مرۆڤایەتی خاوەنی چەندان بەرهەم و داهێنانە ، کە

مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێش قۆناغی ڕۆشنگەری. بەرهەمی فەیلەسوفانی یۆنان بەرەنجامی بیرکردنەوەی عەقلانی و سەردەمێکی گرنگی مێژووی مرۆڤایەتییە، هەرچەندە زیاتر ئەوەی لە سەدەی هەژدەهەمدا لە خۆرئاوا ڕوویدا بە قۆناغی ڕۆشنگەری ناسراوە نابێ ئەوەش لە بیر بکەین ، کە ئەوەی لە یۆنان ڕوویدا ئەو دەستکەوتە هەمەلایەنانەی بە دواوە نەبوو وەك لە قۆناغی ڕۆشنگەری ڕوویدا. دەتوانین لە مێژووی ئیسلامیشدا سەردەمی دەرکەوتنی قوتابخانەی موعتەزیلە بە قۆناغی ڕۆشنگەری و گەشەی عەقڵ ناو بێنین هەرچەندە بزاڤەکە شکستی هێنا. یەکێك لەو ڕەگەز و تایبەتمەندییانەی عەقڵی ڕۆشنگەری ، کە لەعەقڵی پێشووی جیادەکردەوە ڕەخنە بوو. ئامادەیی ڕەخنە ئامادەیی دیدگە و ڕوانگەیەکی دیکەیە بۆ خوێندنەوە و تەماشاکردنی ژیان. مانای ڕەتکردنەوەی ئەوەی دەستلێنەدراو و باوە و قبوڵکردنی بۆچوون و ڕاڤەیەکی دیکەیە.ئەمە بەو مانایە نییە ، کە نابێ کەڵك لە بۆچوون و ڕاڤەی پێشوو وەبگیرێ ، بەڵکو مەبەست لەوەیە ڕاڤەیەکی دیکە بخرێتە سەر ڕاڤەکانی دیکە . ئەوانەی پێشوو جۆرێکن لە ڕاڤە ، ئەوەی دەبێ خۆی لێبپارێزرێ دووبارەکردنەوە و گوتنەوەی ئەوانەی پێشووە وەك خۆیان بێ دەستکاریکردن و خستنەسەر. بیرمەندان و فەیلەسوفان هەریەکەیان بەجۆرێك مامەڵە لەگەڵ دووالیزمدا دەکا، یەکێکیان قبوڵدەکا و ئەوی دیکە ڕەتدەکاتەوە.بیرمەندان و فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری لە نێوان عەقڵ و ناعەقڵدا عەقڵیان قبوڵکرد و ئەوی دیکەیان ڕەتکردەوە. لە نێوان گۆڕان و چەقبەستندا گۆڕانیان هەڵبژارد و چەقبەستنیان ڕەتکردەوە. نیتشە لە فەلسەفەی یۆنانیدا دوو قۆناغ لێك جیادەکاتەوە ، قۆناغێك پێش سۆکرات ، کە قۆناغی تراژیدیایە ، قۆناغێکی دیکە دوای سۆکرات ، کە سەرردەمێکە تراژیدیا ئامادە نییە ، نیتشە لە نێوان ئەم دوو قۆناغەدا ئەو قۆناغەی قبوڵە ، کە تراژیدیا هەژموونی هەبووە، بۆیە سەردەمی سۆکرات و ئەفلاتوون ڕەتدەکاتەوە.(٥٩)

شۆڕش و بزاڤە فیکری و فەلسەفی و ئەدەبییەکان ، لە نێوان دووالیزمەکاندا یەکێکیان هەڵدەبژێرن و ئەوی دیکە ڕەتدەکەنەوە. لایەنگرانی هەر یەکێك لەم دووالیزمانە بەڵگەی خۆیان هەیە چ ئەوانەی یەکێك لەم دووالیزمانە قبوڵدەکەن چ ئەوانەی ڕەتیدەکەنەوە. نیتشە

ڕۆشنگەری بە سەردەم و قۆناغێکی دیاریکراوەوە گرێنادا ، پێی وانییە تەنیا لە خۆرئاوا و لە قۆناغێکی دیایکراودا ڕوویداوە. کاتێك سۆکرات بەوە تۆمەتباردەکا ، کە تراژیدیای کوشتووە ، ئەفسانەی لە نێوبردووە ، سەردەمی ڕۆشنگەری بە هەمان ئەو سەردەمەی یۆنان بەراورد دەکا ، کە ئەفسانە و تراژیدیا لە نێو بران. قۆناغی ڕۆشنگەری و ئەو سەردەمەی یۆنان بە قۆناغێکی چوونیەك دەبینێ ، کە تراژیدیا و ئەفسانە لە هەردوو سەردەمەکەدا کۆتاییان پێهات.[٦٠] لێرەوە نیتشە بە چاوی بیرمەندان و فەیلەسوفانی ڕۆشنگەرییەوە سەیری عەقڵ ناکا. ئەگەر بیرمەندان و فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری متمانەیان بە عەقڵ کرد و هانایان بۆ برد ، ئەوا نیتشە لە دیدگەیەکی دیکەوە سەیری عەقڵی دەکرد. ناکۆکی نیتشە لەگەڵ سۆکرات پەیوەندی بەو جۆرە عەقلانییەتەوە هەبوو ، کە سۆکرات بڕوای پێبوو. ئەگەر شۆڕش و بزاڤێك چ فیکری چ ئەدەبی و هونەری بێ ، بۆئەوەی سیمای جیای خۆی نیشان بدا ، دەبێ ئەوەی لەگەڵ خۆی هێناوە لە ئەوەی پێشوو جیابێ. کاتێك ڕۆشنگەری لە چاوچێوەی بزاڤێکی فیکری و ئەدەبی و هونەریدا دەردەکەوێ ، بۆ ئەوەی جیاوازی خۆی لەگەڵ ئەوەی پێشوو بسەلمێنێ ، ڕەخنە لە بۆچوون و جیهانبینی پێشوو دەگرێ ، ڕەتکردنەوەی ڕابردوو واتە ڕەخنەگرتن ، ئەمەش پێویستی بە پێشکەشکردنی پڕۆژەیەکی دیکەیە ، بۆیە ڕۆشنگەری لەگەڵ ڕەخنەگرتن لە ڕابردوو ، ئەو پڕۆژەیەی خستە بەرچاو ، کە پێچەوانەی ئەو ڕابردووە بوو ، کە ڕەخنەی لێدەگرت.بیرمەندان و فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری هەوڵیاندا بیسەلمێنن ، کە کاری بیرمەندان و فەیلەسوفان تەنیا کاری تیۆری نییە ، بەڵکو وێڕای ئەمە بیرو بۆچوون و ڕایەکانیان بەو کەتوار و ژینگەیەوە گرێدا ، کە کۆمەڵگە تێیدا دەژیا. لە هەمان کاتدا لایەنی تیۆریشیان گەشەپێدا.پێش ڕۆشنگەری لە خۆرئاوا چەندان بیرمەند و فەیلەسوف هەڵکەوتبوون ، ئەمەش وای لە هەندێك بیرمەند و فەیلەسوف کرد ، کە خۆرئاوا بە زێدی فەلسەفە بزانن. ئەمە ڕاستییەکی تێدایە ، بەلاّم بەو مانایە نییە ، کە لە دەرەوەی خۆرئاوا فەیلەسوف هەڵنەکەووتبن. لە جیهانی ئیسلامیدا چەندان فەیلەسوف هەڵکەوتوون ، بەلاّم نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ ، کە لە جیهانی ئیسلامیدا بە هەر پاساوێکەوە بووبێ

دژایەتی فەلسەفە کراوە، بەڵام ئەمە نەبووەتە هۆی ئەوەی، کە فەیلەسوفانی ئیسلامی واز بێنن.

شێوازی مامەڵەکردنی جیهانی ئیسلامی لەگەڵ فەلسەفەدا لەگەڵ شێوازی مامەڵەکردنی خۆرئاوا لەیەکدی جیابوون. ئەگەر بیروڕای هەندێك فەیلەسوف قبوڵکرابێ ، ئەوا بیروڕای هەندێکی دیکە ڕەتکراوەتەوە. تەحسین حەمە غەریب دەڵێ : ((چیرۆکی فەلسەفەش لە شارستانیەتی ئیسلامیدا هەر بەهەمان شێوە بوو. هەتا ئەو کاتەی نەبوو بە بەشێك لە رۆحی ئەم شارستانیەتە وەکو مەخلوقێکی غەریب لە شارستانیەتی ئیسلامیدا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا و جێی خۆی نەگرتبوو.بەڵام کاتێك ئەم رۆحە گەورە بوو، مندالەکە گەورەبوو بوّی دەردەکەوێت ئەم فەلسەفە مەشائیە ، ئەو شتە قورسە بێ تامە هەمووی باسی عەقڵە ))[٦١]

کەواتە ئەوە کەسانێك بوون ، بەهەر پاساوێکەوە بووبێ فەلسەفەیان ڕەتکردوّتەوە ، کەسانی دیکە هەبوون ، قبولّیانکردووە ، لێرەدا قبولّکردن یان ڕەتکردنەوەکە پەیوەندی بە ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە نییە ، بە ئەندازەی ئاستی تێگەیشتنی خەڵك مامەڵە لەگەڵ فەلسەفەدا کراوە. لە خۆرئاوا بیروڕا فەلسەفییە جیاجیاکان ، بوونە هۆی ململانێ و گفتوگۆی جیاجیا ، بەڵام لە جیهانی ئیسلامیدا فەلسەفە ئەو گەرمو گوڕی و گفتوگۆیەی بە خۆیەوە نەدی. ئامانج و مەبەستی فەلسەفە لە جیهانی ئیسلامیدا، جیا بوو لە ئامانج و فەلسەفە لە خۆرئاوا. بۆیە دەستکەوتەکانی فەلسەفە لە هەر یەك لەم دوو شارستانێتییە، لە یەکدی جیابوون. مامەڵە کردن لە گەڵ عەقڵ و فەلسەفە، نەك تەنیا لە نێوان شارستانێتی خۆرئاوا و خۆرهەڵاتدا، جیاوازی هەبووە، بەڵکو لە نێوان فەیلەسوفێك و فەیلەسوفێکی دیکەدا جیاوازی هەبووە. ئەم جیاوازییە دەستکەوت و بەرهەمی لێکجیای لێکەوتووەتەوە.

## باسی ڕۆشنگەری لە دەرەوەی زێدی خۆی

ڕۆشنگەی تەنیا لە زێدی خۆی قسە و گفتوگۆی لەسەر نەکرا ، بەڵکو لە دەرەوەی زێدی خۆشی ، لە خۆرهەلآت و جیهانی ئیسلامی بووە مایەی لێدوان و قسەلەسەر کردن. هەندێك لە نووسەران و بیرمەندانی جیهانی ئیسلامی بەتایبەتی ئەوانەی ڕۆشنگەرییان ڕەتدەکردەوە ، ئەو ڕەخنانەیان بە هەل دەزانی ، کە بیرمەندان و فەیلەسوفانی خۆرئاوا ئاراستەی ڕۆشنگەرییان دەکرد. زۆر لە بیرمەند و ڕۆشنبیری جیهانی ئیسلامیش ، بەتایبەتی ئەوانەی ڕۆشنگەرییان قبوڵبوو ئەوەندەی ڕووی گەشی ڕۆشنگەرییان دەدی ئەوەندە سەیری ڕووەکەی دیکەی ڕۆشنگەرییان نەدەکرد.هەریەك لە محەمەد عابد ئەلجابری و محەمەد ئەرگۆن و هاشم سالْح و عەبدولکەریم سرووش و مستەفا مەلەکیان و چەندانی دیکە بیروڕای تایبەتی خۆیان لەبارەی ڕۆشنگەری دەربڕیوە.چەندین نووسەر و بیرمەند بەراوردی پڕۆژەی عەقلآنی خۆرهەلآت و خۆرئاوایان کردووە ، هەریەکەیان بە جۆرێك باسی ئەو دوو پڕۆژەیان کردووە.مستەفا مەلەکیان شکستی عەقلآنییەت لە جیهانی ئیسلامیدا بۆ سێ هۆکار دەگێڕێتەوە.یەکەمیان ، جیهانی ئیسلامی ئەوەندەی هەوڵیداوە ناوەوەی بگۆڕێ ، ئەوەندە هەوڵی نەداوە دەرەوەی بگۆڕێ. دووەمیان دەسەلآتدار و سوڵتانەکانی جیهانی ئیسلامی ئەوەندەی ئەو زانایانەیان لە خۆیان نزیك کردۆتەوە ، کە لە فقهـ شارەزابوون ، ئەوەندە فەیلەسوفانیان لە خۆیان نزیك نەکردۆتەوە. سێیەمیان دوای ئەوەی جیهانی ئیسلامی کەوتە بەر شالآوی مەغۆڵەکان ، تێکشکان و ڕەشبینی بووە هۆی ئەوەی ، کە کەش و هەوا و بۆشگەیەك هەژموون بکا ، کە بوار بۆ کاری عەقلآنی نەهێڵێتەوە.(٦٢)

ناشێ کاریگەری هەر یەك لەم هۆکارانە وەکیەك تەماشا بکەین ، ئەگەر لە هۆکاری سێیەم وردبینەوە ، دەبینین ئەم هۆکارە کاتییە و ناکرێ هۆکارێکی لەم چەشنە کاریگەری بە چەشنێك بێ ، کە کاربکاتە سەر گەشەی ژیار و شارستانێتی ، ئەگەرچی بۆماوەیەکیش ئەوگەشەیە بووەستێنێ. کاتێك هاشم سالْح باسی ڕۆشنگەری لە جیهانی ئیسلامیدا دەکا ،

لەگەڵ ڕۆشنگەری خۆرئاوا بەراوردی دەکا. دەیەوێ دوای خوێندنەوەی ڕۆشنگەری خۆرئاوا و تێگەیشتن لەو پرۆژەیە ، لە ڕۆشنگەری جیهانی ئیسلامی بگا. پێی وایە ڕۆشنگەران لە خۆرئاوا کۆتاییان بەو چەقبەستووییە ئایینییە هێنا ، کە چەندین سەدە لە خۆرئاوا باڵادەست بوو. جیهانی ئیسلامیش لەو چەقبەستووییە ئایینییە بەدەر نەبووە و بە هەر پاساوێکەوە بووبێ دژایەتی عەقڵ کراوە لەو بارەوە دەڵێ : ((ئەم دابڕانە فەلسەفی و سیاسیە، لە سەرەتادا خەڵکی ئەوروپای توشی شۆککردو پەرچەکرداری لای فێندەمێنتالیزمی مەسیحی دروستکرد. دواتر هەمان شتیش لە جیهانی ئیسلامیدا روویدا ، کاتێك بیروباوەڕی ڕۆشنگەری و شۆڕشی فەڕەنسی پێگەیی.ئەو ریفۆرم و چاکسازیانەی هەندێك ویستیان لەژێر ناوی کۆمەڵە و رێکخراوەکاندا لە ئیمپراتۆریای عوسمانیدا ئەنجامی بدەن ، روبەڕوی بەرگرییەکی سەختی تەقلیدیەکان بووەوە))[٦٣] تەیب تیزینی سەرەتاکانی فیکری عەرەبی دەگێڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی دەرکەوتنی ئیسلام، پێی وایە گرنگیدان بە فیکر پێویستییەکی خودی ئەو کۆمەڵگەیە بووە ، پێش ئەوەی بکەوێتە ژێر کاریگەری یۆنان و فارس.[٦٤] ئەمە پێچەوانەی ڕای ئەو بیرمەند و نووسەرانەیە ، کە پێیان وایە جیهانی عەرەبی - ئیسلامی پرۆژەی عەقلانیان لە یۆنانەوە وەرگرتووە. خۆرهەڵات و خۆرئاوا کەڵکیان لە فەلسەفەی یۆنان وەرگرت ، بەڵام چۆنێتی مامەڵەکردنی هەر یەکێکیان لەگەڵیدا لە یەکدی جیابوو.قسەکردن لەسەر ڕۆشنگەری لە زێدی خۆی جیایە لەو قسەکردنەی، کە لەدەرەوەی زێدی خۆی لەسەری کراوە. وەکچۆن خۆرئاواییەکان قسەیان لەسەر خۆرهەڵات کردووە ، خۆرهەڵاتییەکانیش بەهەمان شێوە قسەیان لەسەر خۆرئاوا کردووە.کاتێك خۆرهەڵات یان خۆرئاوا سەیری خۆیان دەکەن جیایە لە سەیرکردنی هەر یەکێکیان بۆ یەکدی.کاتێك ئیبن خەلدون ڕەخنە لە کۆمەڵگەی عەرەبی دەگرێ و خۆرئاواییەکیش بە هەمان شێوە ڕەخنە لە کۆمەڵگەی عەرەبی دەگرێ دیدگەی هەر یەکێك لەم دوو ڕەخنەیە لە یەکدی جیایە. محمەد ئەرگۆن هۆی شکستی ئیبن ڕوشد و پرۆژەی عەقلانی لە جیهانی عەرەبی-ئیسلامیدا ، بۆ شکستی چالاکی بازرگانی و زاڵبوونی ئەرسۆدۆکسی ئیسلامی دەگێڕێتەوە لەو بارەوە دەڵێ: ((ئەو بۆرژوازێتییە بازرگانییەی لە شارە مەزنەکانی وەکو بەغدا و دیمەشق وئەسفەهان و

قاهیرەو قەیرەوان و فاس و قورتبە...پێك هاتبوون لەبارچوون و سەرکەوتنی ژەنەراڵەکان لە بواری سیاسەتدا ، و تەنانەت کارگەیشتە ئەوەی کۆیلەکانیش بوونە سوپاسالار وسەرکردەی لەشکر، ئینجا گوشاری ئەو گەلانەی لە خۆرهەڵاتەوە هاتن(تورك و مەغوڵ)ئەوانەی لە خۆرئاوا هاتن خاچپەرستەکان ، دواتر ململانیٚ لە پێناو باڵادەست بووندا کە لە حەوزی ناوەڕاست لەنێوان عوسمانیەکان و ئەوروپییەکاندا، ڕوویداهەموو ئەو دیاردانە بە پێچەوانەوە و(یان دژی)ئەو گەشەکردنە بوون کە لە ئەوروپادابورژوازێتی بازرگان وپیشەسازی سەرمایەداری بە خۆیەوە بینی کە بەریشی لیٚ نەدەگیرا.))(٦٥)

ئەم هۆکارانە و چەندین هۆکاری دیکە ، پڕۆژەی ڕۆشنگەرییان لە جیهانی ئیسلامیدا پەکخست ، بەڵام بوونی هەوڵی ڕۆشنگەرانە و کردەی عەقڵانی دەیسەلمێنیٚ ، کە لە گەڵ ئەو گرفت و ڕێگرانەدا بیرمەندان و فەیلەسوفانی جیهانی ئیسلامی وازیان نەهێناو ملکەچی ئەو عەقڵە دۆگما و چەقبەستووە نەبوون ، کە دژایەتی عەقڵ و کرانەوەیان دەکرد.وەکچۆن خۆرئاوا خاوەنی سەدەکانی ناوەڕاستە و لە هەمان کاتدا خاوەنی ڕۆشنگەریشە ، جیهانی ئیسلامی و خۆرهەڵاتیش بە هەمان شێوە هاوشێوەی سەدەکانی ناوەڕاستی بەخۆیەوە دیوە و خاوەنی هەناسەی ڕۆشنگەریشە، دیارە ئەم دوو حاڵەتە بە شێوەیەکی جیا لە یەکدی ڕوویانداوە.هەوڵەکان لە خۆرئاوا لە سەدەی هەژدەیەمدا بۆ گەیشتن بە ڕۆشنگەری و کرانەوەی عەقڵ گەیشتە قۆناغێك ، کە جیهانی ئیسلامی نەیتوانی بیگاتیٚ ، هەوڵەکان بە هۆی چەندین هۆکارەوە شکستیان خوارد ، ئەمەش ئەوە ناگەیەنیٚ ، کە بۆدواجار پڕۆژەی عەقڵانی دەرگای لەسەر داخرابیٚ ، بەڵکو چەندان بیرمەند و فەیلەسوف کاریان بۆ ڕزگاربوون لە چەقبەستوویی و داخران کردووە. ڕاستە لە جیهانی ئیسلامیدا هەوڵی پڕۆژەی عەقڵانی و گرنگیدان بە فەلسەفە ئامادەیی هەبووە ، بەڵام ئەم هەوڵانە بەس نین بۆ پێگەیشتن و فراژۆ بوونی ، قۆناغێکی تایبەت بە قۆناغی ڕۆشنگەری وەك ئەوەی لە خۆرئاوا بینرا. ڕاستە لە سەردەمێکدا ، کە خۆرئاوا لە تاریکایی و چەقبەستووییدا دەژیا ، جیهانی ئیسلامی خاوەنی پڕۆژەی عەقڵانی بوو ، بەڵام ئەم پڕۆژانە لە مێژوودا مانەوە و لەبیرکران. ئەگەر کتێبەکانی ئەفلاتوون و ئەرەستۆ پێش خۆرئاوا لە لایەن موسڵمانانەوە وەرگێڕان و بڵاو

بوونەوە ئەوا ئەو گرنگیدانە تایبەت بوو بە سەردەم و قۆناغێکی دیریکراوەوە و نەبوون بەبەشێك لە کولتووری ئەم گەل و نەتەوانە. دەتوانین دان بەوەدا بنێین ، کە پرۆژەی ڕۆشنگەری و کردەی عەقلانی وەکچۆن لە خۆرئاوا سەریهەڵداوە و دوایی سەرکەوت ، لە جیهانی ئیسلامیشدا ئەم هەولانە هەبوون، بەلاّم هەوڵەکانی جیهانی ئیسلامی شکستیان هێنا. ڕۆشنگەری خۆرئاواش بێ گرفت و کێشە نەبوو، بەلاّم ئەوان دوای شکست و گرفتەکان وازیان نەهێنا و نەبەزین. ئەگەر ئیبن ڕوشد لە زێدی خۆی دەرکرا ، ئەوا سپینوزا ڕووبەڕووی هەمان چارەنوس بۆوە. بەلاّم ئەوەندی ئیبن ڕوشد هەستی بە تەنیایی دەکرد ، سپینوزا ئەوەندە هەستی پێنەدەکرد ، چونکە جگە لە سپینوزا چەندان فەیلەسوفی دیکە هەبوون لەو بارەوە کاریان دەکرد. ئەو سەردەمەی فەیلەسوف و بیرمەندانی جیهانی ئیسلامی بانگەشەی کردەی عەقلانییان دەکرد لەو سەردەمە جیا بوو، کە فەیلەسوفان و بیرمەندانی خۆرئاوا دەستیان پێکرد. دیاردەی ڕۆشنگەری لە خۆرئاوا گشتگیر و هەمەلایەن بوو ، ئەگەر فەیلەسوفێك لە ولاتێك دەرکرابایە ولاتێکی دیکە هەبوو ، باوەشی بۆ بگرێتەوە ، بەلاّم ولاتێك نەبوو باوەش بۆ ئیبن ڕوشد بگرێتەوە ، بۆیە بەرەو هەندەران سەری خۆی هەڵگرت. کردەی عەقلانی و فەلسەفی تایبەت نییە بە سەردەم و بارودۆخێکی دیاریکراوە ، یان گەل و نەتەوەیەکی دیاریکراوەوە، بەلاّم دەشێ لەسەردەم و قۆناغێکەوە بۆ سەردەم و قۆناغێکی دیکە یان لە گەل و نەتەوەیەکەوە بۆ گەل و نەتەویەکی دیکە جیاوازی هەبێ و مامەڵەی جیاوازی لەگەڵدابکرێ و دەرەنجامی جیاوازیشی لێبکەوێتەوە.(هۆسیرڵ) پێی وایە ، لە نێو گەل و نەتەوەکانی دیکەشدا فەلسەفە هەبووە بەلاّم فەلسەفەی یۆنانی ، کە سەرچاوەی فەلسەفەی خۆرئاوایە تایبەتمەندی خۆی هەیە.((جیاوازیەکە لەوەدایە کە فەلسەفەی یۆنانی ، بە تەواوەتی خۆی لە بیروباوەڕە غەیبیانیەکان جیاکردەوە و بوو بە بیرکردنەوەیەکی ئەقلانی پەتی.نهێنی سەرکەوتنی ئەوروپا بەسەر سەرجەم کلتورەکانی دیکەی جیهاندا لێرەدایە))[٦٦]

عەقلانییەت لەشێوازی جۆراو جۆردا دەردەکەوێ ، مەرج نییە کردەی عەقلانییەت لە سەردەم و قۆناغێکدا هەمان دەرەنجامی لە سەردەم و قۆناغێکی دیکەدا لێبکەوێتەوە. دەستکەوتەکانی پرۆژەی ڕۆشنگەری خۆرئاوا ، هەمان دەستکەوتی پرۆژەی ڕۆشنگەری

جیهانی ئیسلامی نەبوون، ئەگەرچی لە هەندێك ڕووەوە لە یەكدی بچن. ڕۆشنگەری خۆرئاوا توانی لە بواری كۆمەلاْیەتی و ئابووری و سیاسی گۆڕانكاری بەرپا بكا ، ڕوانینی تاكی خۆرئاوای بەرانبەر بە كولتوورو ئایین و عەقلْ گۆڕی ، بەلاْم هەولْەكانی جیهانی ئیسلامی لە نێو چینی دەستەبژێردا مایەوە و نەگوازرایەوە بۆ نێو چینەكانی دیكەی كۆمەلْگە. كاتێك باسی ڕۆشنگەری و دەستكەوتەكانی دەكرێ ، دەبێ ئەوە بزانین ، كە ڕۆشنگەری وێڕای دیوە جوانەكەی خاوەنی دیوێكی ناشیرینە و تەنیا جوانی لەگەلْ خۆیدا نەهێناوە ، مەبەست لەمە ئەوە نییە ، لەو دەستكەوتانە كەمبكرێتەوە ، كە ڕۆشنگەری لە بواری سیاسی و كۆمەلاْیەتی و ئابووریدا پێشكەش بە مرۆڤایەتی كرد. هەروەها نابێ وابزانین قۆناغی ڕۆشنگەری هەمووی جوانە و قۆناغی پێش ڕۆشنگەری هەمووی ناشیرینە ، هیچیان لە جوانی و ناشیرینی بێبەش نین.(د. عەبدولكەریم سرووش) دەلْێ: ((هیچ قسەیەك لەوە بێ بنەماتر بێ دەلیل ترنیە كە پێی وایە سوننەت بالاْترە لە مۆدێرنیتە یاخود مۆدێرنیتە بالاْترە لە سوننەت))(٦٧)

جیهانی ئیسلامی چ لەو سەردەمەدا ، كە پەیوەندی بە فەلسەفەی یۆنانییەكانەوە كرد چ لە قۆناغی ڕۆشنگەریدا ، كە بە فەلسەفەی خۆرئاوا ئاشنا بوو ، نەیتوانی مامەلْەی پێویست لە گەلْ فەلسەفە و فیكری ئەوی دیكەدا بكا.(محەمەد عابد ئەلجابری)جیاوازی دەكا لەنێوان ئەو دوو قۆناغەی ، كە جیهانی ئیسلامی پەیوەندی بە فەلسەفەی ئەوی دیكەوە كرد.لەو بارەوە دەلْێ : ((ئەو ڕۆشنبیرییەی لە ڕابردوودا وەرماندەگرت ، كە فیكری یۆنانی بوو ، كۆتایی هاتبوو ، لە گەشە وەستابوو ، تەنیا پەڕتووكێك بوو لە نێو كۆگا و سندوقاندا دانرابوو ، بەلاْم فیكری خۆرئاوا ، ئەوەی ئەمڕۆ لێیوەردەگرین ، بە پێچەوانەوە ، فیكرێكە لە گەشەیەكی ڕێكوپێك و پێشكەوتنی بەردەوامدایە ، پێویستە ئێمە تەنیا لێیوەرنەگرین ، بەلْكو لەگەلْ كاروانی پێشكەوتن و گەشەكردنیدا هەنگاو بنێین.))(٦٨)

دیارە مەبەست لە كۆتاییهاتنی فیكری یۆنانی ئەوە نییە، كە كاریگەری لە سەر جیهانی ئیسلامی نەبووبێ ، چونكە فیكر، ئەگەر كۆنیش بێ بەشێكە لە مەعریفەی مرۆڤایەتی چەندین جاری دیكە دەخوێندرێتەوە و لێیدەكۆلْرێتەوە. جابریش مەبەسی لەوە نییە، كە

کاریگەری نەبووبێ، چونکە لە نووسینی دیکەدا باسی ئەو کاریگەرییەی کردووە. زۆرلە نووسەرانی جیهانی ئیسلامی ئەوەندەی باسی ئەوە دەکەن کە خۆرئاواییەکان لە سەردەم و قۆناغێکی دیاریکراودا کاریگەری جیهانی ئیسلامییان لە سەر بووە ، ئەوەندە باسی ئەوە ناکەن، کە لە سەردەم و قۆناغێکی دیکەی مێژوودا جیهانی ئیسلامی کاریگەری خۆرئاوای لەسەر بووە. ئەگەر ئایینە ئاسمانییەکان موڵکی گەل و نەتەوەیەکی دیاریکراو نین و پەیامی خودای پەروەردگارن بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی، ئەوا فەلسەفە و عەقڵ و ژیارەکانیش ئەگەرچی لەگەڵ ناوی گەل و نەتەوەکاندا ناویان دێ، ئەوا موڵکی سەرجەم مرۆڤایەتین. مەبەست لەم قسەیە ئەوە نییە، کە گەل و نەتەوەکان بۆیان نییە شانازی بە فەیلەسوف و بیرمەند و داهێنەرەکانیانەوە بکەن. (سەید حوسێن نەسر)، کە بیرمەندێکی ئێرانییە و خۆی بە بیرمەندێکی ئیسلامی- ئێرانی دەزانێ ، نایەوێ ئەم دووانە لە یەکدی جیابکاتەوە پێی وایە کاتێك لە خۆرئاوا سەرەتاکانی ڕۆشنگەری دەرکەوتن، پیاوانی ئایینی مەسیحی قسەیەکی دیکەی جگە لەو قسانەیان زیاتر نەکرد ، کە بیرمەند و فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری دەیانکردن. کاتێك ڕۆشنگەران ویستیان مامەڵەیەکی دیکە لەگەڵ سروشتدا بکەن و بەسەریدا زاڵبن، پیاوانی مەسیحی بەهەمان شێوە داکۆکییان لەو پەیامە دەکرد، کە وێرانکردنی سروشت بوو.(٦٩)

کاتێك (سەید حوسێن نەسر) خۆشەویستی خۆی بۆ سروشت ناشارێتەوە و زاڵبوون و هەژموونی مرۆڤ بەسەر سروشتدا بە کردەیەکی ناعەقڵانی دەزانێ، ناکۆکی خۆی لەگەڵ ڕۆشنگەری و داکۆکیکردنی لە نەریت ڕادەگەیەنێ. زۆر لە نووسەر و بیرمەند لەجیهانی ئیسلامی لە بەرانبەر ڕۆشنگەری خۆرئاوادا پەنایان بۆ نەریت بردووە و گەڕاونەتەوە بۆ ڕبردوویەك، کە ڕۆشنگەری ئامادەیی هەبووە، دەشێ ئەم گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو یان نەریت لەلای هەندێك ئایدۆلۆژیای لە پشتەوە بێ و مەبەست داننەنان بێ بە ڕۆشنگەری و ژیاری خۆرئاوادا، بەلاّم لەلای هەندێك لە نووسەرو بیرمەندی دیکە مەرج نییە، گەڕانەوە بۆ نەریت بە هەمان پاڵنەربێ. ڕۆشنگەری لەلای هەندێك بیرمەندی خۆرئاواش، خراوەتە ژێر پرسیار و سەرنجی فەلسەفییەوە. ئەوانەی لە دیدگە و ڕوانینێکی فیکری و فەلسەفییەوە تیژ و

بۆچوونێك ڕەتدەكەنەوە جیان لەوانەی بۆ مەبەست و ئامانجێكی دیكە ئەم كارە ئەنجام دەدەن، دەبێ سەرنج و ڕەخنەیەك، كە ڕەهەندێكی فیكری و فەلسەفی هەیە، لە سەرنج و ڕەخنەیەك جیا بكەینەوە، كە ڕەهەندی ئایدۆلۆژی و سیاسی هەیە. ئەگەر لەگەڵ هاتنی ڕۆشنگەریدا مامەڵەی مرۆڤ لەگەڵ سروشتدا گۆڕابێ و لە هەژموون و زاڵبووندا بەرجەستە بووبێ، ئەوا ئەو مامەڵەیەی مرۆڤ پێش ڕۆشنگەری لەگەڵ سروشتدا كردوویەتی لەبەر ئەوە بووبێ خۆی لە هەژموون و باڵادەستی بپارێزێ ، ئەوا لەو قۆناغەدا مرۆڤ خاوەنی ئەو دەسەڵات و هەژموونە نەبووە. ئەگەر لە قوناغی پێش ڕۆشنگەریدا مرۆڤ بەرەنجامی بێدەسەڵاتی لە بەرانبەر سروشتدا مامەڵەیەكی دۆستانەی كردبێ، ئەوا دەیتوانی لە قۆناغی ڕۆشنگەریدا درێژە بەو دۆستایەتییە بدا، بەبێ ئەوەی بیگەیەنێتە حاڵەتێك، كە ئەو پەیوەنییە تێكبچێ. تێكچوونی ئەو پەیوەندییە وای لە چەندانی وەك سەید حوسێن نەسر كردووە نیگەرانی خۆیان بەرانبەر ڕۆشنگەری دەرببڕن. ئەگەر لە سەردەم و قۆناغێكدا خۆرئاوا باوەشی بۆ ڕۆشنگەری گرتبێتەوە و فەیلەسوف و بیرمەندانی بە چاوساغ و ڕێنیشاندەر زانیبێ و دوای ئەوەی بە هۆی دەستكەوتەكانی ڕۆشنگەرییەوە، مرۆڤ باڵادەستی و هەژموونی خۆی بەسەر سروشتدا سەپاند، ئەوا لە قۆناغێكی دیكەدا ئەم هەژموونە بە مەترسی لێكدرایەوە و ڕاڤەی جۆراو جۆری چ لەلایەن فەیلەسوف و بیرمەندانی خۆرئاوا یان خۆرهەڵات و جیهانی ئیسلامی بۆكرا. ئەگەر خەڵك بەگشتی بەبێ لێكدانەوە و ڕاڤە، جارجارە بۆ دەربڕینی بێزاری لە هەژموونی تەكنۆلۆژیا گوزارشتی لەم حاڵەتە كردبێ، ئەوا بیرمەندان بنەمایەكی فیكرییان بۆ ئەو گوزارشتكردنە داڕشتووە. ئەگەر لە هەلومەرج و بارودۆخێكدا بیرمەندان و فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری تەنیا دیوێكی ڕۆشنگەریان دیبێ ، ئەوا لە قۆناغێكی دیكەدا چەندان فەیلەسوف بەدوای ئەو دیوەدا گەڕان و سەرنجیان لێدا، كە فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری بایەخیان پێنەدابوو. نابێ لێكدانەوە و ڕاڤەی بیرمەندان و فەیلەسوفانی خۆرئاوا، كەستایشی ڕۆشنگەرییان كردووە بەجۆرێك لە شانازیكردن و دەمارگرژی لێكبدرێتەوە، دەشێ ئەو بیرمەند و فەیلەسوفەی خاوەنی ئەم بیر و بۆچوونەیە، لە ئەنجامی بیركردنەوە و بیروڕای تایبەتی خۆی گەیشتبێتە ئەم دەرەنجامە، دەشێ

هەندێکیشیان بەپێچەوانەوە دەمارگرژییان لە پشتەوە بێ. ئەم حاڵەتە لەلای نووسەران و بیرمەندانی جیهانی ئیسلامیش بەدیدەکرێ، ڕۆشنگەری چ لە خۆرئاوا و چ دەرەوەی خۆراوا قسەی جۆراو جۆری لەبارەکراوە. هەر تەنیا ڕۆشنگەری بەم شێوەیە قسەی لەبارەوە نەکراوە و ڕاڤە و لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ نەکراوە، قوتابخانە و ڕێبازە فیکرییەکانی مێژووی ئیسلامیش قسەیان لەبارەوەکراوە، چ لە لایەن خۆرئاواییەکانەوە و چ لەلایەن خۆرهەڵاتییەکانەوە. ئەگەر فیکر و فەلسەفە خاوەنی زێدی تایبەت بە خۆیانن، ئەوا لەهەمان کاتدا مڵکی سەرجەم مرۆڤایەتین.(د.سەید حوسێن نەسر)بە گومانەوە سەیری ڕۆشنگەری خۆرئاوا دەکا، پێی وایە، ئەوەی ڕۆشنگەری خۆرئاوا هەوڵی بۆدا زیاتر لایەنی ئەستوویی(ماددی) بوو، هەرچەندە نکوڵی لە گرنگی ئەم لایەنەش ناکا و ئایینی ئیسلام بە نموونە دێنێتەوە، کە ئەم لایەنەی فەرامۆش نەکردووە، بەڵام ئەوەی جەختی لەسەر دەکاتەوە ئەوەیە، کە مرۆڤ بە تەنیا بوونەوەرێکی سەرزەمینی نییە و نابێ لە جیهانێکی دیکە داببڕێ، کە ڕۆژی پەسلانە.[٧٠]

ئەگەرچی ڕۆشنگەری بزاڤێکی فیکری و فەلسەفی بوو، لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، بەڵام بارگاویکرا بە ڕەهەندی ئایدۆلۆژی، تەنیا ڕۆشنگەری ڕووبەڕووی ئەم حاڵەتە نەبووەتەوە، قوتابخانە فیکری و فەلسەفییەکانی دیکەش تەنانەت ئایینیش ڕووبەڕووی ئەم حاڵەتە بووەتەوە. زۆرجار بیروڕای بیرمەند و فەیلەسوفێکیش بەئایدۆلۆژیکراوە. کایە لێك جیاکان، کە بە تەنیشت یەکەوەن یەکێکیان ڕەنگی ئەوی دیکە دەگرێ. ئەم ڕەهەندە ئایدۆلۆژییەی ڕۆشنگەری بووە هۆی ئەوەی، لە جیهانی ئیسلامیدا وەك پەچەکردارێك مامەڵەی ئایدۆلۆژی لەگەڵدا بکرێ. مرۆڤ چەندە پێویستی بەلایەنی ئەستوویی هەیە، ئەوەندەش پێویستی بەلایەنی نائەستوویی و گیانی هەیە، کاتێك یەکێك لەم دووانە بەسەر ئەوی دیکەدا زاڵدەبێ ، ئەوا مرۆڤ یەکێك لەتایبەتمەندییەکانی مرۆڤبوون وندەکا. ئەگەر مرۆڤ لە پێش ڕۆشنگەریدا زیاتر گرنگی بە لایەنی گیانی و نائەستوویی دابێ، ئەوا لە دوای ڕۆشنگەری مرۆڤ زیاتر گرنگی بەلایەنی ئەستوویيدا. بەواتایەکی دیکە ئەگەر مرۆڤ لە دوای ڕۆشنگەری زیاتر خەمی جەستەی بووبێ، ئەوا لە پێش ڕۆشنگەریدا وێڕای جەستە لایەنی گیانیشی فەرامۆش

نەکردووە. ئەگەر پێش ڕۆشنگەری عەقڵ مامەڵەیەکی لەگەڵدا کرابێ، ئەوا دوای ڕۆشنگەری مامەڵەیەکی دیکەی لە گەڵدا کرا. ئەگەر پێش ڕۆشنگەری مرۆڤ خاوەنی ڕوانین و جیهانبینییەك بووبێ، ئەوا دوای ڕۆشنگەری ڕوانین و جیهانبینی مرۆڤ گۆڕا. ئەمە تایبەت نییە بە قۆناغی ڕۆشنگەری، بەڵکو لە هەر سەردەم و قۆناغێکی مێژووییدا، کاتێك بانگەشە بۆ بیر و ڕایەکی جیا لەوانەی پێشو کرابێ ڕوانینی خەڵك گۆڕاوە. کاتێك خودای گەورە بە نێرراوەکانیدا پەیامێکی نوێی ڕەوانەکردبێ، خەڵك بیر و ڕای گۆڕاوە. مەرج نییە خەڵك هەمووی بیروڕای نوێ قبوڵبکا، تەنانەت خەڵك هەمووی بڕوای بە نێرراوانی خودا نەکردووە.

## ڕۆشنگەری و ئازادی

ئەگەر گەڕانەوە بۆ عەقڵ بەتایبەتی عەقڵی ڕەخنەیی ، یەکێك لە دەرکەوتەکانی ڕۆشنگەری بێ، ئەوا عەقڵ بۆ ئەوەی ئەرکی خۆی وەك پێویست جێبەجێبکا، پێویستە لە تەنیشت ئازادییەوە بێ.گەڕانەوە بۆ عەقڵ لە هەمان کاتدا گەڕانەوەیە بۆ ئازادی. یەکێك لە ڕێگرەکانی بەردەم عەقڵ و بزاڤی عەقڵگەرایی نەبوونی ئازادییە.سەربەخۆییبوونی عەقڵ دوور لە دەستێوەردانی دەرەکی ، هەلومەرجێك بۆ عەقڵ دەڕەخسێنێ، کە بتوانێ بەرهەمهێن بێ و لەکردەی داهێناندا بەشداربێ.بە پێچەوانەوە کاتێك عەقڵ ئازادی لێسەندرایەوە ، ئەوا ئەوە بەرهەمدێنێ، کە پێشتر بەرهەمهاتووە، ئەوە دەڵێتەوە، کە پێشتر گوتراوە. لەو حاڵەتەدا عەقڵ خاوەنی داهێنان و کردەی تێپەڕاندن نابێ. مرۆڤ بوونەوەرێکە خاوەنی هۆشیاری و ئاگاییە، خود هۆشیاری و ئاگایی نیشانە و بەڵگەی ئەوەن، کە مرۆڤ ئازادە و توانای کردەی هەڵبژاردنی هەیە، کردەی هەڵبژاردن لە واتا و چەمکی ئازادییەوە نزیکە، چونکە کاتێك مرۆڤ ویستی هەڵبژاردنی لێسەندرایەوە ، ئەوا ئازادیشی لێسەندراوەتەوە.(د.عەبدولکەریم سروش) دەڵێ: ((کاتێك قسان لە ئازادی دەکەم و هەستیپێدەکەم، کەواتە عاقڵم، ئەگەر بوونەوەرێك عەقڵی نەبێ ئەوا ئازادبێ و ئازاد نەبێ وەك یەکە))(٧١)

کەسی کۆیلە تەنیا لە ئازادی بێبەش نییە ، بەڵکو عەقڵیشی لەلایەن ئەوی دیکەوە زەوتکراوە. هەوڵ و تێکۆشان لە پێناو ئازادی و ڕزگاربوون لە ژێر دەستەیی، لە هەمان کاتدا هەوڵ و تێکۆشانە لە پێنا و ڕزگارکردنی عەقڵدا. ئەو ئازادییەی بیرمەندان و فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری جەختیان لەسەردەکرد، ئازادی عەقڵ بوو. ئەو عەقڵەی، کەکانت بانگەشەی بۆ دەکرد عەقڵێکی ئازاد بوو. هیگڵیش بەهەمان شێوە عەقڵ و ئازادی بەیەکەوە بەستەوە. ڕۆشنگەری بزاڤێکی گشگیر و هەمەلایەن بوو، تەنیا گۆڕانکاری نەبوو لە بوارێکی ژیانی کۆمەڵگەدا، بەڵکو گۆڕانکاری بوو، لە چەندین بواری ژیاندا. ئەدەب و هونەر، کە زیاتر گوزارشت لە هەستی جوانناسی و سۆزی مرۆڤ دەکەن، لە کاریگەری ڕەوتە عەقڵییەکەی ڕۆشنگەری بێبەش نەبوون.(عەلی شەریعەتی)دەڵێ: ((هونەر لە ڕابردوودا بریتیبوو لە

هۆكارێك كە ڕوخساری پیاوە پیرۆزەكانی دەكێشا، یان ڕوخساری مریەم و مەسیحی دووبارە دەكردەوە.دەبوایە هونەرمەند لەسەر بنەمای چوارچێوە و بەهایەك داهێنانی بكردایە كە پیاوی ئاینی بۆی دیاری دەكرد و بەپێی بیروباوەڕی ناو ئینجیل و تەورات بوو .هیچ كەس مافی ئەوەی نەبوو شتێكی دیكە دروست بكات.ئەگەر كتێبی(تامی ژیان و ڕەنج و سەربەستی) بخوێنیتەوە ، تێدەگەیت كە هونەرمەندانی وەك( مایكل ئانژ) تا چ ڕادەیەك ئەسیری دەستی دەسەلآت و حوكمی نائاگایانە و تەسك بینانەی پیاوانی ئاینی بوون.لەو كارەساتە گەورەتر نیەكە هونەرمەندێك بكەوێتە ژێر چنگی بێ هونەرێكەوە.دواتر ئازاد بوون.))(٧٢)

داهێنان پێویستی بە فەزا(بۆشگە) یەكی ئازاد و لەبار و گونجاو هەیە، زۆر لەو نووسەرانەی بۆشگەیەكی ئازاد و لەباریان بۆ نەڕەخساوە بەرهەمەكانیان بەنهێنی بلآوبوونەتەوە.ئەگەر كار و چالاكی فیكری سنووردارکرا و دەلاقەی ئازادی بەڕوودا نەكرایەوە ، ململانێ و گفتوگۆی فیكری لە بازنەیەكی دیاریكراودا دەمێنێتەوە. لە ئازادیدا مرۆڤ دەبێتە خاوەنی ویستی خۆی و بۆ خۆی بڕیاردەدا. لەم حاڵەتەدا ویستی مرۆڤ لەلایەن یەكێكی دیكەوە زەوتناكرێ.لە ئازادیدا هەلومەرجێك دەڕەخسێ، كە فیكر و بۆچوونە لێكجیا و دژبەیەكەكان لەتەنیشت یەكەوەبن نەك تەنیا فیكر و بۆچوونێك زاڵبێ و ئەوانی دیكە بێدەنگبكرێن. لە ئازادیدا دەنگ و ڕەنگە جیاوازەكان بواریان دەبێ بەیەكەوە كۆببنەوە.لەم حاڵەتەدا فیكر و عەقڵ گەشە دەكەن و تەنیا ئەوانەی پێشوو دووبارە ناكرێنەوە. ئەوەندەی فیكر و ڕوانین و جیهانبینی بیرمەندان و فەیلەسوفان كاتێك پێچەوانەی بیركرنەوەی باوی كۆمەڵگە بوون ڕووبەڕووی گرفت و كێشە بوون ، ئەوەندە شاعیران ڕووبەڕووی ئەو گرفتە نەبوونەوە. هۆی ئەمەش ئاشكرایە، كاریگەری هەریەك لە فیكر و ئەدەب لەسەر فیكرو عەقڵی كۆمەڵگە لە یەكدی جیایە. ئەوەندەی دەسەلآت یان كۆمەڵگە دژایەتی بیروبۆچوونی بیرمەند و فەیلەسوفێكیان كردووە، كاتێك خاونی بیروبۆچوونێكی پێچەوانەی ئەوان بووە، ئەوەندە دژایەتی شاعیرێكیان نەكردووە، لە كاتێكدا خاونی هەمان بیروبۆچوونی بیرمەند و فەیلەسوفەكە بووە. هەستكردن بە ئازادی لە هەستكردن بەچەندین

ئەگەر جیانابێتەوە، لەم حاڵەتەدا ئازادی بە هۆی ئەم ئەگەرانەوە سنووردارەدەکرێ.((بەر لە هەموشتێك، بەستێنی ژیان، شوێنگە کۆمەلآیەتی، مێژوویی و فەرهەنگییەکان ، بیچمگەلێ لە ژین بەسەربردن بەو شێوەیەی کە دازاین بیەوێ ، مەرجدار و بەرتەسك دەکەنەوە.تێگەیشتن لەبەر سنورداری گەلاڵەرێژی بەردەوام لەگەڵ بەرتەسکی و سنورداریدا بەرەوڕوویە وسەربەخۆییشی رێژەییە))[٧٣] یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ ئازادییە. بۆ ئەوەی لە مرۆڤ بگەین پێویستە لە ئازادی بگەین. مرۆڤ بوونەوەرێکە لە ئازادیدا دەتوانێ گوزارشت لە خۆی بکا و خودئاگایی خۆی گەشە پێبدا، مرۆڤ بە ئەندازەی ئازادییەکەی دەتوانێ لە خۆی بدوێ و سەربەخۆیی خۆی بسەلمێنێ. ئەگەرمرۆڤ ئازاد نەبێ ، چاکە و خراپە مانای خۆیان لە دەست دەدەن، کاتێك کردەوەیەکی چاك بەچاکە ناودەبرێ، کە بە ئازادی و دوور لە زۆرەملێی ئەنجامدرابێ.بۆ کاری خراپیش بە هەمان شێوە.ئەم حاڵەتە وای لە مرۆڤ نەکردووە واز لە ئازادی بێنێ، بۆ ئەوەی خۆی لە بەرپرسیارێتی بدزێتەوە، بۆیە بەرپرسیارێتی قبوڵکردووە لە پێناو ئازادیدا، گەرچی بەرپرسیارێتی ڕووبەڕووی گرفتی کردبێتەوە و ناچاری کردبێ ئەنجامی کردەوەکانی بخاتە ئەستۆی خۆی نەك یەکێکی دیکە. کاتێك مرۆڤ ئازادی لێسەندرایەوە بەرپرسیارێتیشی لێدەسەندرێتەوە، ئەوکاتە هەر کردەوەیەك چاك یان خراپ ئەنجام بدا لێیبەرپرس نییە. (ئایزابێرلین)دەڵێ:((بۆ رۆسۆ گوزارەی((مرۆڤ مرۆڤە)) و((مرۆڤ ئازادە))تاڕادەیەك دەقاودەقن))[٧٤]

بیرمەندان و فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری لە پێناو ئازادکردنی عەقڵ و بەخشینی پێگەیەکی دیکەی جیا لەو پێگەیەی پێشتر هەیبوو، کەوتنە ستایشکردنی عەقڵ. ڕاستە مرۆڤ بە عەقڵ و جیاهانبینی جیاجیا گوزارشتی لە ژیان وبوون کردووە و لە قۆناغی ڕۆشنگەریدا هەوڵیداوە مامەڵەیەکی وا لەگەڵ عەقڵدا بکا، بەشێوەیەك پاکیبکاتەوە لە چەقبەستوویی و توندوتیژی، هەندێك لەم ئامانجانە لە ڕۆشنگەریدا هاتنەدی، بەلاّم ئەمە بەو مانایە نییە، کاتێك مامەڵەیەکی دیکە لەگەڵ عەقڵداکرا، بەتەواوی لە پێکهاتەکانی دیکە پاکدەبێتەوە.میشیل فۆکۆدەڵێ: ((ئەگەر پێمان وابێ ژیانی عەقلانی لە بەلاّی توندوتیژی ڕزگارمان دەکا هەڵەین))[٧٥]هەوڵدان بۆ مامەڵەکردنێکی دیکە لەگەڵ عەقڵدا بەو مانایەیە،

که عەقڵ لە حاڵەتێکی جێگیر و نەگۆڕدا نەمێنێتەوە و لە چەقبەستوویی ڕزگار بکرێ، نەك سروشتی عەقڵ بەتەواوی بگۆڕێ. نابێ لە ستایشکردنی عەقڵدا، بەشێوەیەك زێدەڕۆیی بکرێ ، کە بیر لە دیوە شاراوەکانی نەکرێتەوە، بە پێچەوانەوە نابێ لە پێگەی شیاوی خۆیدا جێگەی بۆ نەکرێتەوە و بێڕێزی بەرانبەر بکرێ، چونکە ئەو کاتە ناتوانێ کار و چالاکییەکانی وەك پێویست ئەنجام بدا. هەوڵ و کۆششی مرۆڤ لە پێناو ئازادیدا، لە هەمان کاتدا هەوڵ و کۆششە لە پێناو عەقڵدا، عەقڵێکی ئازاد و سەربەخۆ. ڕۆشنگەری چەندین دیاردەی لەگەڵ خۆیدا هێنا و لەگەڵ هەندێك چەمك و دیاردەی دیکەشدا، کە پێشتر هەبوون مامەڵەیەکی دیکەی کرد، چەمی ئازادی، لە ڕۆشنگەریدا مامەڵەیەکی دیکەی لەگەڵدا کرا ، تاکگەرایی لەپێش ڕۆشنگەریدا مانایەکی هەبوو، کە لە مانای دوای ڕۆشنگەری جیا بوو.(عەبدولکەریم سرووش) جیاوازی نێوان تاکگەرایی پێش ڕۆشنگەری و دوای ڕۆشنگەری لەوەدا دەبینێ، کە لە دوای ڕۆشنگەری لەگەڵ تاکگەرایی باسی مافیش دەکرا، بەڵام پێش ڕۆشنگەری ئەرك و ماف دیارینەکرابوون، چونکە یاسایەك نەبوو دیاریانبکا.(٧٦)

ئازادی لە پێش ڕۆشنگەری مانایەکی هەبوو دوای ڕۆشنگەری مانایەکی دیکە. وەکچۆن ڕۆشنگەری مامەڵەیەی دیکەی لەگەڵ عەقڵداکرد و مانایەکی دیکەی پێبەخشی، بەرانبەر بە ئازادیش بەهەمان شێوە. شوێنگە و پێگەی تاك لە پێش ڕۆشنگەری و دوای ڕۆشنگەری لە یەکدی جیا بوون. وەکچۆن ڕەخنەگری دەقێك بە شوێن مانای شاراوەی نێو دەقدا دەگەڕێ، بیرمەندان و فەیلەسوفانی ڕۆشنگەریش بە هەمان شێوە لە هەوڵی ئەوەدا بوون مانا شاراوەکانی نێو ئەو چەمکانە بدۆزنەوە. مەرج نییە گەڕان بە دوای مانادا هەموو کاتێك بۆ پوچەڵکردنەوەی مانای پێشووبێ، یان لەمانای پێشوو جوانتربێ، یان بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکی هەمیشەیی بێ، بەڵکو ئەم کردەیە زیاتر پەیوەندی بەو حەزو ویستەی مرۆڤەوە هەیە بۆ گەڕان بەدوای مانای دیکە و پەنجەرەیەکی دیکە بۆ بینینی ئاسۆیەکی دیکەی ژیان و بوون، زۆرجار مرۆڤ گەیشتووەتە ڕاستییەك ، بەڵام وازی لە پرسیارکردن لەبارەی لایەنی دیکەی نادیاری ئەو ڕاستییە نەهێناوە. مرۆڤ چەندە بە دوای دۆزینەوەی ڕاستیدا دەگەڕێ، ئەوەندەش بە دوای ڕەهەندی نەبینراوی ئەو ڕاستییەدا دەگەڕێ، کە دەیدۆزێتەوە، جارێکی

دیکە پرسیاری لەبارە دەکاتەوە و لێکیدەداتەوە و ڕاڤەی جۆراو جۆری بۆدەکا. مەبەست لە ئازادی، ئازدبوونێکە ، کە لە تواناداب‌ێ بێتەدی، هەندێك پابەندبوون، ناچارییە و دژی ئازادیش نییە. مرۆڤی ئازادیخواز داوای ئازادییەکی ڕەوادەکا، نەك ئەو ئازادییەی یەکێك بۆ خۆی بە ڕەوای دەزانێ و لە ئەوی دیکەی زەوتدەکا.( عەبدولکەریم سروش)پێی وایە هەندێك کۆت و بەند هەن مرۆڤ ناتوانێ لێیان ئازادبێ، ناتوانێ لە مرۆڤایەتی خۆی یان لە فیکر، بەشێوەیەکی ڕەها ئازادبێ.[٧٧] کاتێك مرۆڤ لە مافە سەرەتاییەکانی بێبەشدەکرێ، هەست بەستەم و بێدادی دەکا، ئازادی دەکەوێتە مەترسییەوە ، لەم کاتەدا بە ڕەوای دەزانێ بانگەشەی ئازادی بکا و لە پێناوی ئازادی و وەرگرتنەوەی مافە زەوتکراوەکانیدا خەبات بکا، بەلاّم کاتێك مرۆڤ ناتوانێ لە فیکر و عەقڵ و بیرکردنەوە ئازاد بێ، ئەوا کەس ستەمی لێنەکردووە، تاکو بەگژیدا بچێتەوە. مرۆڤ ناتوانێ لە عەقڵ و فیکر و ئاگایی ئازاد بێ، ئەمانە بەشێکن لە سروشت و پێکهاتەی مرۆڤ ، ناشێ مرۆڤ ئازادییەکی لەم چەشنە داوابکا، چونکە لەگەڵ مانای ڕاستەقینەی ئازادیدا ناکۆکە، دەبێ ئازادی لە چوارچێوەی تایبەتی خۆیدا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ. ئەگەرچی ڕۆشنگەری بانگەشەی عەقڵێکی دیکەی جیا لە عەقڵی پێشووی دەکرد و بەو جیهانبینییەی پێی بوو، وایدەزانی لە عەقڵی پێشووی تێپەڕاندووە ، ڕاستە دەلاقەیەکی دیکەی بۆ ڕوانینی ئاسۆیەکی دیکە کردەوە، بەلاّم ئەمە بەو مانایە نییە ، کە لە قۆناغی پێش ڕۆشنگەریدا کاری عەقلانی و داهێنان و کردەی مرۆڤدۆستی ئەنجام نەدراوە و لەگەڵ ڕوویەکی تاریکی سەدەکاندا ڕوویەکی ڕووناکیش ئامادەیی نەبووە. (فرانسیس بیکۆن) پێی وایە ، هیچ سەدەیەك نییە ، لە داهێنان و دۆزینەوەدا لە سەدەیەکی دیکە بە تواناتربێ[٧٨]

هەر سەدەیە و خاوەنی جیهانبینی و کردەی عەقلانی تایبەت بە خۆیەتی لە هەمان کاتدا دەبێ دان بەوەدا بنێین ، کە قۆناغی ڕۆشنگەری لە سەدەکانی پێش خۆی جیابوو و خاوەنی چەندین دەستکەوت بوو ، کە لە پێش ڕۆشنگەریدا نەبوون. ئەمە تایبەت نییە، بە قۆناغی ڕۆشنگەری و شۆڕشە فیکری و سیاسییەکانی مێژوو، تەنانەت لە ئایینە ئاسمانییەکانیشدا هەمان حاڵەت هەیە، کاتێك خودای پەروەردگار پێغەمبەری(د.خ)

ئیسلامی ڕەوانەکرد هەندێك لە بنەماکانی ئایینی پێشووی پاراست. ئەوەی سەردەم و قۆناغێکی مێژوویی، لە سەردەم و قۆناغێکی دیکەی مێژوویی جیادەکاتەوە، مامەڵەیەکی دیکەیە، لەگەڵ چەمك و دیاردەکاندا. ئازادی، دادگەری، تاکگەرایی و چەندان چەمکی دیکە پێش ڕۆشنگەری هەبوون، بەلاّم ڕۆشنگەری مانایەکی دیکەی پێبەخشین.بۆ ئەدەب و هونەریش بە هەمان شێوە، هەر سەردەمە و بە جۆرێك مامەڵە لەگەڵ ئەدەب و هونەردا دەکرێ، تەنانەت لە نێوان نووسەران و ڕەخنەگرانی ئەدەب و هونەریشدا، کە هاوچەرخی یەکدین ، بیر و ڕای لێکدی جیا لەبارەی ئەدەب و هونەر هەیە. بیرمەندان و فەیلەسوفان خاوەنی دیدگە و ڕوانینی دیکەی جیا لە دیدگە و ڕوانینە باوەکانن، زۆر جار جەماوەر نەك نایەوێ ڕوانین و بۆچوونی فەیلەسوفان قبوڵبکا، بەڵکو دژایەتی بۆچوونەکانیان دەکا و نایەوێ جگە لەوەی بیستوویەتی و دەیزانێ ، بۆچوونێکی دیکە ببیستێ و لە دەلاقەیەکی دیکەوە بۆ ئاسۆی زانین بڕوانێ. چەمکی ئازادی یەکێکە لەو چەمکانەی ، کە فەیلەسوفانی بوونگەرا گرنگییان پێداوە، سارتەر ئازادی لە بوونی مرۆڤ جیاناکاتەوە ، پێی وایە ئازادی پێش چییەتی مرۆڤ کەوتووە، بڕوای بەوە نییە مرۆڤ سەرەتا هەبووبێ و لە دواییدا ئازاد بووبێ.(٧٩) کەواتە ئازادی بەرهەمی سەردەم و قۆناغێکی دیاریکراوی مێژوویی نییە. یەکەم مرۆڤ ، کە خودا دروستیکرد، ئازادی پێبەخشی. سەرپێچیکردنی ئادەم و حەوا لە فەرمانی خودا بەرهەمی ئازادی بوو. مرۆڤ بەهۆی زمانەوە گوزارشت لە ئازادی دەکا. عەقڵ و زمان پەیوەندییان بە یەکدییەوە هەیە، (هردەر)پێی وایە ، هەموو گەلێك چۆن بیردەکاتەوە، ئاواش دەدوێ، چۆن دەدوێ ئاواش بیردەکاتەوە.(٨٠) کەواتە بۆ ئەوەی لە چۆنێتی بیرکردنەوەی نەتەوەیەك بگەین ، دەبێ بۆ زمانەکەی بگەڕێینەوە، بۆ ئەوەی لە زمانەکەشی بگەین، دەبێ لە چۆنێتی بیرکردنەوەی بگەین. لێرەوە پەیوەندی نێوان زمان و عەقڵ ئاشکرا دەبێ. قسەکردنی کەسێکی نەخوێندەوار لەگەڵ کەسێکی ڕۆشنبیر و خوێندەوار بە هۆی چۆنێتی بەکارهێنانی زمان لەلایەن هەر یەکێکیانەوە دەردەکەوێ. جیاوازی نێوان زمانی دووکەس جیاوازی نێوان عەقڵیشیانە. ئازادی وەك چەندین چەمکی دیکە ، مانایەکی جێگر و نەگۆڕی نییە، دەتوانرێ بە چەندین شێوازی جیاجیا گوزارشتی لێبکرێ، یەکێك لەو مانا و

گوزارشتانه ، له پەیوەندی نێوان ئازادی و عەقڵدا بەرجەستە دەبێ. ئەو بابەتانەی سەر بە زانستە مرۆڤایەتییەکانن هەڵگری مانای جیاجیان. کاتێك دەگوترێ ئازادی بەشێکە لە پێکهاتەی مرۆڤ و لە مێژوویەکی دیاریکراودا سەری هەڵنەداوە بەو مانایە نییە، کە لە هەموو سەردەم و قۆناغێك و لە لای هەموو کەسێك یەك مانا و پێناسەی هەیە، ئازادی لە کایەی سیاسیدا مانایەکی هەیە و لەلای بوونگەراکانیش مانایەکی دیکە.ئازادی تەنیا ئەوە نییە مرۆڤ لە کۆت و زنجیری دەست و قاچی ڕزگاری بێ و جەستەی ئازادبێ، بەڵکو وەکچۆن دەست و قاچ زنجیر دەکرێ ، بەهەمان شێوە عەقڵ و بیرکردنەوەش کۆت و زنجیر دەکرێ. ئازادی جەستەیی بەتەنیا بەس نییە بۆ ئەوەی بە مرۆڤ بگوترێ ئازاد. یەکێك لە هەوڵەکانی ڕۆشنگەری ئازادکردنی عەقڵ بوو، هەروەك لە وتارەکەی فەیلەسوفی ئەڵمانی کانت(ڕۆشنگەری چییە؟) دەردەکەوێ. ئەو عەقڵەی ڕۆشنگەری جەختی لێدەکرد و بانگەشەی بۆدەکرد، عەقڵی ڕەخنەیی بوو، عەقڵێك، کە بێسڵەمینەوە بیروڕایەکی دیکەی جیا لە ئەوانی دیکە دەردەبڕێ. گەرچی ئازادی وەك دروشمێك بەرز دەکرێتەوە و مرۆڤ ئامادەیە لە پێناویدا قوربانی پێشکەش بکا، ئەمە بەو مانایە نییە، کە خەڵك هەمووی عەشقی ئازادییە. ئەگەر ئازادی خاوەنی دۆست و لایەنگرە، ئەوا خاوەنی دوژمن و نەیاریشە. هەندێك لە دەسەڵاتداران ئازادی بە مەترسی دەزانن و مانەوەی خۆیان لە کوشتنی ئازادیدا دەبیننەوە. زۆر لەو دەسەڵاتدارانە دەیانەوێ خەڵك هۆشیار و ئازاد نەبێ ، بۆ ئەوەی ئەوان بتوانن بە ئارەزووی خۆیان فەرمانڕەوایی بکەن و خەڵك لەبەرانبەریاندا قسان نەکا. بە پێچەوانەوە ئەگەر خەڵك بەئاگا و هۆشیار بێ، ترسی ئەوەیان هەیە ڕووبەڕووی ڕەخنە ببنەوە و لێیان بپرسرێتەوە. ئەگەر دیموکراسی هەروەك (ئالان تورین) باسیدەکا، بەبێ فرەیی نەیەتەدی، [٨١] ئەوا ئازادیش بەهەمان شێوە کاتێك بۆشگەیەکی نەڕەخساند بۆ فرەدەنگی و فرە ڕەنگی ، ئەوا مانای ڕاستەقینەی خۆی لە دەست دەدا. لەم فرە ڕەنگی و فرە دەنگییەدا، کە ئازادی دەیهێنێتەدی، عەقڵ لە دۆگمایی و چەقبەستوویی ڕزگاری دەبێ و دەچێتە بۆشگەیەکی کراوە، کە یارمەتیدەدا بۆ زیاتر گەشەکردن و داهێنان. هیگڵ دوو جۆرئازادی لە یەکدی جیادەکاتەوە ئازادییەك، کە بەرەنجامی ئارەزووەکانی تاکەکەسە و

هیگڵ بە ئازادی بەشەکی ناوی دەبا ، ئازادییەکی دیکە، کەلە عەقڵدا بەرجەستە دەبێ و لە دەوڵەتدا دەگاتە ئامانج ، ئەمەیان ئازادییەکی هەمەکییە و مێژوو لەوێوە ڕەوتی ڕاستەقینەی خۆی وەردەگرێ.[٨٢]

ئەوەی بەلای هیگڵەوە گرنگە ئازادی هەمەکییە ، نەك ئازادی بەشەکی. مرۆڤ چەندە لە هەوڵی ئەوەدایە ئارەزووە تایبەتییەکانی بێنێتەدی، دەبێ بە هەمان شێوە لە هەوڵی ئەوەدابێ ئامانجە هەمەکییەکانیشی بێنێتەدی. جێبەجێکردنی ئارەزووەکانی تاك، کە ئازادییەکی بەشەکییە، دەبێ وەك سەرەتایەك بێ بۆ گواستنەوە لەو ئازادییە بۆ ئازادی هەمەکی ، کە خواستی گەل و نەتەوەی تێدا دێتەدی. ناکرێ نکوڵی لە ئارەزووەکانی تاك بکرێ ، بەلاّم کاتێك تاکێك تەنیا لە هەوڵی هێنانەدی بەرژەوەندی و ئارەزووەکانی خۆیدابێ، ئەوا ناتوانێ وەك پێویست خزمەت بە بەرژەوەندییە بالاّکانی گەل و وەلاّت بکا، کاتێك توانی هاوسەنگی نێوان ئەم دووانە ڕابگرێ، ئەوا کاری عەقلاّنی ئەنجامداوە. ئازادی مانای جیاجای لەنێو خۆیدا هەڵگرتووە، هەر سەردەم و قۆناغە خاوەنی جۆرێك ئازادییە، ئەگەر هەروەك (موحسین کدیوەر)باسیدەکا، عەقلاّنییەتی ئەمڕۆ لە عەقلاّنییەتی دوێنێ جیابێ[٨٣] ئەوا ئازادی ئەمڕۆش لە ئازادی دوێنێ جیایە. لێرەوە ئەوەمان بۆ ئاشکرادەبێ، کە عەقڵ و ئازادی مانایەکی جێگیر و نەگۆڕیان نییە. بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە ئازادی، پێویستە بە دوای ئەو چەمکانەدا بگەڕێین، کە ئازادی لە تەنیشتیانەوە مانای جیاجیا دەبەخشێ.(عەبدولکەریم سرووش) دەڵێ :((ئەوەی ئازادترە بە ئاگاترە))[٨٤]ئەگەر ئاگایی بە هۆی ئازادییەوە ماناکەی بگۆڕێ، ئەوا ئازادیش بە هۆی ئاگایی و هۆشیارییەوە ماناکەی دەگۆڕێ، کەواتە ئەم دووانە کاریگەرییان لە سەر یەکدی هەیە. مامەڵەکردن لەگەڵ ئازادی، کە چەمکێکی نائەستووییە، جیایە لەگەڵ مامەڵەکردن لەگەڵ چەمکێکی ئەستوویی (ماددی)، بەرجەستە. ئازادی یەکێکە لەو چەمکانەی، کە پەیوەندی بە ئەزموونی تاکەکانەوە هەیە، کەسێك ناتوانێ لە بری یەکێکی دیکە هەست بە ئازادی بکا و بیناسێ. هەروەك (عەبدولکەریم سرووش) باسیدەکا چەمکی وەك ئازادی، عەشق بەهۆی ئەوانی دیکەوە ناناسرێن، دەبێ ئەو کەسە بۆخۆی تاقیانبکاتەوە.[٨٥] هەر بۆیە بۆچوون و بیروڕای

جیاجیا لەبارەی ئەم چەمکانە هەیە و ناتوانرێ بگوترێ بۆچوونی فەیلەسوف و بیرمەندێك دوا بۆچوونە و گەیشتۆتە دوا مانا. تاقیکردنەوەی بابەتێکی ئەستوویی، کە دوو زانا ئەنجامی دەدەن، دەشێ بگەنە یەك ئەنجام، بەڵام بابەتێکی وەك ئازادی و چەمکێکی دیکەی لەم شێوە، هەر بیرمەند و فەیلەسوفە بە جۆرێك لێکیدەداتەوە و ڕاڤەی دەکا، دەشێ هەندێجارلەم بوارەشدا بیروڕای هاوشێوە هەبێ، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە، کە ئەم بیروڕایە دوابڕیار و دوامانایە. ڕاڤە و لێکدانەوەی دیاردەکان، ئەوەندەی پێشکەشکردنی وێنە و دیگەیەکی دیکەیە بۆ ژیان و بوون، ئەوەندە هەوڵدان نییە بۆ گەیشتن بە دوابڕیار. ئەگەر لە بواری زانستدا، هەوڵدان بۆ یەکلاییکردنەوەی بۆچوونێکی زانستی هەبێ، ئەوا لە فیکر و فەلسەفە و ئەدەب و هونەردا بە پێچەوانەوە، ئەوەی بانگەشەی گەیشتنە دوا بڕیار بکا، ئەوا بوار بۆ ڕاڤە و لێکدانەوەی دیکە ناهێڵێتەوە. ئەمەیە وایکردووە، کە بیروڕای فەیلەسوف و بیرمەندێك یان بەرهەمی شیعری شاعیرێك دوای سەدان ساڵ بە جۆرێکی دیکە و لە دیدگەیەکی دیکەوە ڕاڤە بکرێ و بخوێندرێتەوە. ئەوەندەی چەمکە فیکری و فەلسەفی و ئایینی و ئەدەبییەکان لە نێوان بیرمەندان و ڕاڤەکاراندا، مایەی گفتوگۆ و لێدوان بوون، ئەوەندە بابەتە زانستییەکان مایەی ئەو چەشنە گفتوگۆو لێکدانەوەیە نەبوون. ئەگەر ڕاستییەکی زانستی لەلایەن زانایەکەوە سەلمێنرابێ، ئەوا زاناکانی دیکەش کاتێك ڕاستی تاقیکرنەوەکەیان بۆ دەرکەوتووە دانیان پێدا ناوە، بەڵام لەبابەتە فەلسەفی و فیکری و ئەدەبییەکاندا، لەسەر چەمك و بۆچوونێك چەندان لێکدانەوە و ڕاڤە ئەنجام دراوە، چونکە ئامانج و مەبەستی زانست لە ئامانج و مەبەستی فیکر و فەلسەفە و ئەدەب جیایە. مامەڵەکردن لەگەڵ عەقڵدا لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە دەگۆڕێ.(د. سەید حوسێن نەسر) باسی ئەو جیاوازییە دەکا، کە لە نێوان قوتابخانە فیکری و فەلسەفییە ئیسلامییەکان و ئەوانی دیکەدا هەیە، پێی وایە ئەگەر چی جیاوازی لەنێوان قوتابخانە فیکری و فەلسەفییەکانی ئیسلامدا هەیە، بەڵام خاوەنی یەك سەرچاوەن و لەپاڵ جیاوازی نێوانیان توانیویانە یەکێتی نێوانیان بپارێزن.[٨٦]

ڕاستە بە هۆی ئایینی ئیسلامەوە یەکێتییەکی فیکری لە نێوان شوێنکەوتووانی ئەم ئایینە پیرۆزەدا دەرکەوت، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە، کە بیروڕای جیاواز کۆتایی هاتبێ. بەپێچەوانەوە، نەبوونی بیرو بۆچوونی جیا گەشە و چالاکی فیکر سست دەکا و لە چوارچێوەیەکی دەستکارینەکراودا دەیهێڵێتەوە. دەشێ ئەم جیاوازییە لە خزمەتی یەکێتیدابێ، نەك دژی بێ. مەرج نییە یەکێتی بیروڕا تەنیا لەنێوان ئەوانەدا هەبێ، کە بڕوایان بە ئایینی ئاسمانی هێناوە، بەڵکو لە نێوان ئەوانی دیکەشدا یەکێتی بیروڕا هەیە. ئەگەر لە نێوان بیرمەندان و فەیلەسوفانی ئیسلامیدا بیروڕای هاوبەش هەیە، ئەوا بیروڕای جیاوازیش هەیە. قوتابخانە فیکری و فەلسەفی و ئەدەبییەکان، بەرهەمی فیکر و بۆچوونی جیاوازن. وەکچۆن لێکدانەوە و ڕاڤەی جیاجیا بۆ بیر و بۆچوونی بیرمەند و فەیلەسوفێك دەکرێ، دەقەکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش ڕاڤە و لێکدانەوەی جیاجیایان بۆ دەکرێ. ئاستی هۆشیاری و تێگەیشتنی مرۆڤ، لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە و لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە دەگۆڕێ، ئەمەش ڕاڤە و لێکدانەوەی جیاجیای دەقی لێدەکەوێتەوە. یەکجۆر لیکدانەوە و ڕاڤە ئەو فیکر و بۆچوونە دووچاری چەقبەستوویی و دۆگمایی دەکا، کە ڕاڤە دەکرێ. بەپێچەواەوە بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەو فیکرە ڕاڤە و لێکدانەوەی جۆراو جۆر پێویستە. بیرمەندان و فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری خاوەنی ڕاڤە و لێکدانەوەیەکی دیکەی عەقڵ و ئازادی بوون. قسەکردن لەسەر عەقڵ بەبێ قسەکردن لەسەر ئازادی مانای تەواو نابەخشێ. سەندنەوەی ئازادی لە مرۆڤ لە هەمان کاتدا سەندنەوەی ئاگایی و هۆشیاریشە. کاتێك ئازادی مانای ڕاستەقینەی خۆی نادرێتێ، ئەوا عەقڵ و هۆشیاریش لە مانای ڕاستەقینەی خۆیان بێبەشدەکرێن. کاتێك باسی سەرکەوتنی پرۆژەی عەقلانی خۆرئاوا دەکرێ و لە هەمان کاتدا باسی شکستی ئەو پرۆەیە لە خۆرهەڵات دەکرێ، نابێ ئەوە لە بیربکرێ، کە سەرکەوتن و شکست لە پرۆژەی لەم چەشنەدا بە شێوەیەکی ڕەهایی نییە. دەشێ لە پاڵ سەرکەوتندا لایەنی نادیار و شاراوەی شکست هەبێ و لە هەمان کاتدا لە پاڵ شکستدا لایەنی نادیاری سەرکەوتن هەبێ. نابێ واسەیری سەرکەوتنی خۆرئاوا و شکستی خۆرهەڵات بکرێ، کە بەردەوام خۆرئاوا لە بزاڤە ڕۆشنگەرییەکەیدا سەرکەوتوو بووە و

خۆرهەلاٚتیش بەردەوام شکستی هێناوە. ململانێی نێوان نەریتخوازان و نوێخوازان، لە وەرچەرخانە مێژووییەکاندا سەرهەلدەدا. کاتێك کۆمەلگەکانی خۆرهەلاٚت و جیهانی ئیسلامی چاویان لە بەرانبەر ڕۆشنگەری خۆرئاوادا کردەوە، جارێکی دیکە ئەم حالەتە دووبارە بۆوە. ئەوانەی بڕوایان بە پەیامی پێغەمبەران(درووی خوایان لەسەربێ) نەهێناوە، سرووش و عەقلیان تێکەلکردووە، لە کاتێکدا ئەم دووانە دوو کایەی لە یەکدی جیان. چ فەیلەسوفانی ئیسلامی چ فەیلەسوفانی خۆرئاوا، باسی پەیوەندی ئەم دووانەیان کردووە. زۆرجار ڕەهەندی عەقلی بە سرووش بەخشراوە. ئەوانەی گوێیان بۆ پەیامی پێغەمبەران، نەگرتبێ، ویستوویانە بە بەلگەی عەقلی سروش بسەلمێنن، ڕاستە لایەنێکی سەلماندنی سرووشی خودایی بە بەلگەی عەقلییە، بەلاٚم هەر یەك لە عەقل و سرووش، دوو کایەی لە یەکدی جیان. زۆر جار لە مێژووی خۆرئاوا و جیهانی ئیسلامیدا، لە هەندێك قۆناغ عەقل خراوەتە پەراوێزەوە و لە هەندێك قۆناغی دیکەشدا، متمانەی پێبەخشراوە. فەیلەسوفانی ئیسلامی لەبارەی عەقل و سرووش بیر و ڕای لێکجیایان هەیە. پەیوەندی عەقل و سرووش، هەندێجار حالەتێکی بە خۆوە گرتووە، کە هەندێك هەولیانداوە بۆ سروش، دەستبەرداری عەقل بن، هەندێکی دیکە بە پێچەوانەوە، لە پێناوی عەقلدا دەستبەرداری سرووش بوون، لە کاتێکدا هەروەك( عەلی حەرب) باسیدەکا، عەقل و بڕوا دوو غەریزەن، هیچیان دەستبەرداری یەکدی نابن.(٨٧) ئەگەر سرووش هۆکارێك بێ، بۆ ناسینی ژیان و بوون و ڕۆژی پەسلان، ئەوا مرۆڤ وێڕای سروش بە هۆی عەقل و خەیال و ئەدەب و هونەرەوە، هەولیداوە لە سروشت و ژیان بگا و نهێنییەکانیان بدۆزێتەوە. عەقل تەنیا پەیوەندی بە سروشەوە نییە، بەلکو عەقل و غەریزە، ماقول و ناماقول، عەقل و خەیال، هەر یەکە لەو دووالیزمانە پەیوەندییان بە یەکدییەوە هەیە. بیرمەندان و فەیلەسوفان کەسانێك بوون، کە خۆیان لە بیر و بۆچوونی جەماوەر و خەلك جیاکردۆتەوە و خاوەنی بۆچوونی تایبەت بە خۆیان بوون. داهێنان بەرهەمی تێپەڕاندنی عەقلی جەماوەرییە. زوربەی داهێنان و وەرچەرخانە مێژووییەکان بەرهەمی عەقلی تاك بوون.(عەلی حەرب) پێی وایە، جەماوەر خاوەنی

خەیاڵە، بەڵام ئەوانەی لە خەڵك جیا دەبنەوە، خاوەنی جیهانبینی تایبەت بە خۆیانن و بە بەڵگەی عەقڵی کاردەکەن.[٨٨]

پێویستە عەقڵی ئەم تاکانە، کە عەقڵی جەماوەر تێدەپەڕێنن، لە گەڵ جەماوەر لە گفتوگۆدابن. بیرمەندان و فەیلەسوفان بیر و بۆچوونەکانیان تەنیا لە چوارچێوەی چینی دەستەبژێردا نامێنێتەوە، گەرچی بیر و ڕای بیرمەندان و فەیلەسوفان زیاتر لە ئاستی چینی دەستەبژێردایە، بەڵام جەماوەریش، تا ڕادەیەك کەڵك لە بیر و ڕای بیرمەندان و فەیلەسوفان وەردەگرێ، چونکە ڕاڤەکاران، ئەرکی لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی دەقەکان دەگرنە ئەستۆ. ناشێ سەرکەوتنی ڕۆشنگەری، یان بزاڤی دیکەی لەم چەشنە، تەنیا بە پشتیوانی چینی دەستەبژێر مسۆگەر بووبێ. ناشێ ئەو بزاڤانەی وەرچەرخان لە مێژوودا دێننەدی، تەنیا بە هەوڵی تاکەکەس بزانرێن. چەندان فەیلەسوف و بیرمەند ناویان لە مێژووی فیکر و فەلسەفەدا تۆمارکراوە و بیر و بۆچوونەکانیشیان، دوای چەندان سەدە باسیاندەکرێ و لەلایەن بیرمەندان و فەیلەسوفانی دوای خۆیان گفتوگۆیان لەبارەوە کراوە، بەڵام ئەوەی بیرمەندان و فەیلەسوفانی قۆناغی ڕۆشنگەری لەم بیرمەند و فەیلەسوفانە جیادەکاتەوە ئەوەیە، کە بیرمەندان و فەیلەسوفانی قۆناغی ڕۆشنگەری، بوونە هۆکاری وەرچەرخانێکی مێژوویی، کە هەوڵەکانیان وەك هەوڵی تاکەکەس باسناکرێ. بیر و بۆچوونی بیرمەندان و فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری، تەنیا لە بواری تیۆریدا نەمایەوە، بەڵکو تێکەڵ بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵك بوو و بواری جێبەجێکردنیشی گرتەوە. ئەوەندەی فەلسەفە و فیکر پەیوەندی بە لایەنی تیۆرییەوە هەیە، ئەوەندە پەیوەندی بە لایەنی جێبەجێکردنەوە نییە. زانایانی ئیسلامی، بۆ قسەکردن لە سەر یاساکانی ئیسلام دەگەڕێنەوە بۆ (شافیعی)، بەڵام یەکێکی وەك (ئیبن ڕوشد) قسەی لە فیکر و فەلسەفە کردووە، ئەگەر خەڵك بۆ یاساکانی ئیسلام، کە پەیوەندی بە ژیانی ڕۆژانەوە هەیە، بگەڕێنەوە بۆ (شافیعی) ئەوا بۆ لایەنی تیۆری دەگەڕێنەوە بۆ (ئیبن ڕوشد). بیر و ڕای بیرمەند و فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری، تایبەت نەبوو بە سەردەم و قۆناغێکی دیاریکراوەوە، ئەوانیش وەك بیرمەند و فەیلەسوفانی دیکە بیر و بۆچوونەکانیان، هەمەکی و گشتگیر بوون، دوای خۆشیان وەك فەیلەسوفانی دیکە بیروڕاکانیان ڕاڤەدەکران و

لێکدەدرانەوە. گرنگی بیر و ڕای بیرمەندان و فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری، تەنیا لەوەدا نییە، کە بوونە هۆی ئەو وەرچەرخانە مێژووییە، بەڵکو بیر و ڕاکانیان لە بواری تیۆریشدا گرنگی تایبەتی خۆیان هەیە. مەرج نییە، ئەوەی بیرمەندان و فەیلەسوفان باسیدەکەن، لە بوارەکانی ژیاندا جێبەجێبکرێ، چونکە کاری بیرمەندان و فەیلەسوفان ئەوەندەی تیۆرییە و پەیوەندی بە هۆشیاری و چالاکی بیر و عەقڵەوە هەیە، ئەوەندە پڕۆژەیەکی کردەیی نییە. کایەی فەلسەفە و فیکر سەربەخۆیە و لە چوارچێوەی تایبەتی خۆیدا گرنگی خۆی هەیە و قسەی لەبارەوە دەکرێ و ڕاڤە دەکرێ. بۆیە ئەوەی بیرمەندان و فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری ئەنجامیاندا تەنیا گۆڕانکاری و وەرچەرخانە مێژوویەکە نەبوو، بەڵکو لایەنی تیۆری و بۆچونی ئەو بیرمەند و فەیلەسوفانە بوو، لەبارەی ژیان و بوون و دیاردەکان. ئەوەندەی ڕاڤە و لێکدانەوەی جیاجیا، بۆ بیروڕای بیرمەندان و فەیلەسوفان کراوە، ئەوەندە باسی لایەنی کردەیی و کاریگەری ئەو بیر و بۆچوونانە نەکراوە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا. کاری زانایەك هەوڵدانە بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی دیاریکراو، بەڵام کاری بیرمەند و فەیلەسوفێك زیاتر ڕاڤە و لێکدانەوەی ژیان و بوونە.

## پەراوێزەکان:


١- الفكر الاسلامى.قراءة علمية.محمد أركون.ترجمة.هاشم صالح.الطبعة الثانية ١٩٩٦ص٥٢.

٢- جورج طرابيشى.من النهضة إلى الردة. الطبعة الاولى٢٠٠٠ص٨٢.

٣- گۆڤاری هەژان. ژمارە ٢٢ چاپخانەی سیما ٢٠٠٩لا١٢٨.

٤- مقدمة فى علم الاستغراب. دحسن حنفى.الطبعة الثانية٢٠٠٠ص٢٢٢.

٥- النص والسلطة والحقيقة. د.نصرحامدأبوزيد.الطبعة الرابعة٢٠٠٠ص١٥٨.

٦- نحن والتراث. د.محمدعابدالجابرى ٢٠٠٦ص٢٩٣-٢٩٦.

٧- مدخل الى التنوير الاوروبى.هاشم صالح.الطبعة الاولى ٢٠٠٥ص١٦.

٨- هەمان سەرچاوە لا٧٦.

٩- اصول فلسفة الحق.هيجل. المجلدالاول. ترجمة د.إمام عبدالفتاح إمام١٩٩٦ص٨٣.

١٠- المنهج الجدلى عند هيجل. د.إمام عبدالفتاح إمام. الطبعة الثالثة.٢٠٠٧ص٣٤.

١١- عەقڵ وئازادی. د.عەبدولکەریم سروش. وەرگێڕانی. سەعید بەشیر خەرپانەیی.٢٠٠٩ لا٤٩.

١٢- مدخل إلى التنوير الاوروبى.هاشم صالح.الطبعة الاولى٢٠٠٥ص٦٨.

١٣- چەند تێکستێکی وەرگێڕاو.وەرگێڕانی.ڕێبین هەردی.٢٠٠٨لا٤٤.

١٤- التأويل والحقيقة. على حرب.٢٠٠٧ص١٣

١٥- هەمان سەرچاوەلا٤٥-٤٦

١٦- سێوی سێهەم. بەختیار عەلی.لا٥٤

١٧- الانسان ذوالبعد الواحد. هربرت ماركوز. ترجمة. جورج طرابشى. الطبعة الثالثة.١٩٧٣ص٤١

١٨- هەمان سەرچاوە لا٩٠.

١٩- المنهج الجدلى عند هيجل. د.إمام عبدالفتاح إمام. الطبعة الثالثة. ٢٠٠٧ص٣٥-٣٨

٢٠- دڵ وچاو. تەحسین حەمە غەریب.٢٠٠٧لا١٢٧

٢١- الكينونة والعدم. جان بول سارتر.ترجمة.د.نقولا متينى.الطبعة الاولى.٢٠٠٩ص٧٨

٢٢- فكر ابن خلدون.العصبية والدولة.د.محمد عابد الجابرى.الطبعة الثامنة٢٠٠٧ص٨٩

٢٢- چەند وردبوونەوەیەك لەبارەی میتافیزیکەوە.رینێ دیکارت.وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە. د.حەمید عەزیز.٢٠٠٥. لا١٧٩.

٢٤-هذا الانسان. نيتشة. ترجمة. مجاهد عبدالمنعم مجاهد. الطبعة الاولى ٢٠٠٥ص١٨٢

**٢٥-** عەقڵ وئيمان. د.عەبدولكەريم سروش. وەرگێڕانی. موسعەب ئەدهەم زەڵمی. ٢٠٠٩ لا١٣٧

٢٦- حصار الزمن. د.حسن حنفی.٢٠٠٧ص٢٣٨

٢٧- مرۆڤ و ئیسلام. د.عەلی شەریعەتی. وەرگێڕانی. سەعید بەشیر خەرپانەیی .٢٠٠٩لا١٦٩

٢٨-ئەوەی فەلسەفە چییە.عیرفان مستەفا نما.ژمارە ٩-١٠ .٢٠٠٢لا. ١٨

٢٩- چەند وردبوونەوەیەك لەبارەی میتافیزیكەوە. رینی دیكارت. وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە. د.حەمید عەزیز ٢٠٠٥. لا٢٥

٣٠- بوونی مرۆڤ و دەركەوتەكانی. د.عیرفان مستەفا.٢٠١٠لا٤٧

٣١- فكر ابن خلدون.العصبية والدولة.د.محمدعابدالجابری.الطبعة الثامنة.٢٠٠٧ص٨٠

٣٢-الفكر الاسلامی قراءة علمية. محمد أركون. ترجمة هاشم صالح. الطبعة الثانية.١٩٩٦ص٢٨

**٣٣-** كۆچ .ژمارە ١٢-١١. ٢٠٠٩لا٣٥٥

٣٤- الانسداد التاريخی.هاشم صالح.الطبعة الاولى ٢٠٠٧ص١٧

**٣٥-** هەمان سەرچاوەلا٥٥

٣٦- هەمان سەرچاوە لا٦١

٣٧- هەمان سەرچاوەلا٩٥

٣٨- نزعة الانسنة فی الفكر العربی.محمد اركون.ترجمة هاشم صالح.الطبعة الاولى.١٩٩٧ص٢٩٥

٣٩- هەمان سەرچاوەلا٣٢٢

٤٠- عەلمانیەت و ئایین.د محەمەد ئەرگۆن.وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە هاشم سالح.وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە بۆكوردی.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد.چاپی دووەم٢٠٠٩لا٩٧

٤١- التاويل والحقيقه.علی حرب.٢٠٠٧ص١٥

٤٢- هەمان سەرچاوە لا٧٢

٤٣- تەنگژەی فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی.هاشم سالەح.وەرگێڕانی بۆكوردی.شوان ئەحمەد. ٢٠٠٧لا٨٥

٤٤- هەمان سەرچاوەلا١١٦

٤٥- قبض وبسط تئوريك شريعت.عبدالكريم سروش.ضاث هشتم.١٣٨٢ص١١٨

٤٦- هەمان سەرچاوەلا٣٤٧

٤٧- هەمان سەرچاوەلا٣٣٨

٤٨- فربەتر از ایدئولوژی.عبدالکریم سروش.چاپ هفتم.١٣٨١لا٣٤

٤٩- هەمان سەرچاوەلا٣٥٠

٥٠- حصارالزمن.د.حسن حنفی.الطبعة الاولی.٢٠٠٧ص٢٣٩

٥١- هەمان سەرچاوە لا٢٣٥

٥٢- العقل والثورة.هربرت مارکیوز.ترجمة.د.فؤاد زکریا.الطبعة الاولی.٢٠٠٨ص٣٣

٥٣- هەمان سەرچاوە لا ٣٥

٥٤- هەمان سەرچاوەلا٤٥

٥٥- هەمان سەرچاوەلا٦٢

٥٦- هەمان سەرچاوەلا٨١

٥٧- معمای مدرنیتە.بابك احمدی.چاپ سوم.١٣٨٢لا٤١

٥٨- هەمان سەرچاوەلا٥٥

٥٩- نقد الحداثة فی فکر نیتشة.الدکتور.محمد الشیخ.الطبعة الاولی.٢٠٠٨ص٢٢٢

٦٠- هەمان سەرچاوە لا٥٠٩

٦١- رۆحناسی .تەحسین حەمە غەریب.چاپی دووەم ٢٠١٠لا٩٨

٦٢- العقلانیة والمعنویة.مصطفی ملکیان.ترجمة.عبدالجبار الرفاعی،حیدرنجف.٢٠٠٥ص٤٥-٤٩

٦٣- تەنگژەی فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی.هاشم ساڵح.وەرگێڕانی بۆکوردی.شوان ئەحمەد.٢٠٠٧ لا٤٤

٦٤- من اللاهوت الی الفلسفة العربیةالوسیطة.طیب تیزینی.الطبعة الاولی ٢٠٠٢ص٧٩

٦٥- مێژوویێتیی هزری عەرەبیی ئیسلامی.محەمەد ئارکۆن. وەرگێڕانی.نەریمان تالیب مۆریانی. ٢٠٠٦ لا٣٧٠

٦٦- فیکری خۆرئاوا. هاشم ساڵح . وەرگێڕانی.شوان ئەحمەد.٢٠٠٥لا٢٧

٦٧- گۆڤاری هەژان . ژمارە ٢٤. ٢٠١١لا١٧٧

٦٨- اشکالیات الفکر العربی المعاصر.الدکتور .محمد عابد الجابری.الطبعة السادسة.٢٠١٠ص١٨٤.

٦٩- درجستوجوی امر قدسی. طفتوطوی رامین جیهانبطلو با سیدحسین نصر.ترجمة.سیدمصطفی شهراییني.١٣٨٩لا٢٥٢
٧٠- اسلام سنتی در دنیای متجدد.دکتر.سید حسین نصر.ترجمة.محمد صالحی.١٣٨٦لا٢٠٢
٧١- فربەتراز ایدئولوژی.د.عبدالكريم سروش.چاپ هفتم.١٣٨١لا٢٣٧
٧٢- له كوێوه دەست پێبكەین؟عەلی شەریعەتی.وەرگێڕانی.ئەیوب نوری.٢٠٠٩لا٦٢
٧٣- ئەفراندن و ئازادی.بابەك ئەحمەدی.وەرگێڕانی.مەسعود بابایی.٢٠١٠لا١٣٠
٧٤-ئازادی و خائینانی.ئایزابیرلین.وەرگێڕانی.مەنسور تەیفوری.٢٠١٠لا٣٨
٧٥- تئاتر فلسفه.میشل فوکو.ترجمەی نیکو سرخوش وافیشین جهاندیده.چاپ اول.١٣٨٩لا٣٢٢
٧٦- سیاست نامه.عبدالكريم سروش.١٣٨٩چاپ پنجم.لا٢٢٤
٧٧- هەمان سەرچاوەلا١٢٤
٧٨- تفرج صنع.عبدالكريم سروش.چاپ هفتم.١٣٨٧لا٢١٦
٧٩- الكينونة والعدم.جان بول سارتر.ترجمة.د.نقولا متيني.الطبعة الاولى.٢٠٠٩ص٧٤
٨٠- اشكاليات العقل العربي.جورج طرابشي.الطبعة الثالثة ٢٠٠٧ص٩٣
٨١- ماهي الديمقراطية؟.الان تورين.ترجمة.حسين قبيسي.الطبعةالثانية.٢٠٠١ص١٦٠
٨٢- العالم الشرقي. هيجل.ترجمة وتقديم وتعليق.د.إمام عبدالفتاح إمام.الطبعة الثالثة. ٢٠٠٧ص١٠
٨٣- حق الناس.محسن كديور.ضاث ضهارم.١٣٨٨ص٢٩٤
٨٤- اخلاق خدايان.عبدالكريم سروش.ضاث هشتم.١٣٨٩لا٧٥
٨٥- تفرج صنع.عبدالكريم سروش.چاپ هفتم.١٣٨٦لا٣٦
٨٦- اسلام سنتی در دنیای متجدد.د.سیدحسین نصر.ترجمة.محمد صالحی.١٣٨٦لا(٣٤٨-٣٤٩)
٨٧- التاويل والحقيقة. علي حرب. ٢٠٠٧ص١٠٣
٨٨- هەمان سەرچاوە لا١٠٨



**چاپکراوەکانی نووسەر:**

١- قوتابخانە، چیرۆك و هۆنراوە بۆ منداڵان. ١٩٨٥

٢- چەند چیرۆك و بابەتی ئەدەبی و فیکری و وەرگێڕان لە گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا

٣- چەمکی مرۆڤ و شارستانێتی. فیکری ٢٠٠٣

٤- عەقڵگەرایی.فیکری ٢٠٠٥

٥- زمانی دەق.ئەدەبی٢٠٠٨

٦- خوێندنەوە و ڕاڤە.کۆمەڵە وتارێکی ئەدەبی و فیکری٢٠١١